ڕۆمان

# مەملەکەتی سپیسوار

ڕۆمان

# مەملەکەتی سپیسوار

حەمەسەعید کەلاری

**دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

**● مەملەکەتی سپیسوار**

• نووسین: حەمەسەعید کەلاری

• بابەت: ڕۆمان

• نەخشەسازیی ناوەوە: گۆران ڕواندزی

• بەرگ: ڕێمان

• نرخ: (٤٠٠٠) چوار هەزار دینار

• چاپ: (یەکەم) ٢٠٢٣

• تیراژ: ٥٠٠ دانە

• چاپخانە: هێڤی (هەولێر)

• لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (٩٧٥)ی ساڵی (٢٠٢٣)ی پێدراوە

زنجیرەی کتێب (١١٣٢)

**ماڵپەر:** www.mukiryani.com

**ئیمێل:** info@mukiryani.com

**پێشکەشە:**

بە ڕۆحیانەتی ئەو دوو مرۆڤەی کە
دووجار جەرگیان سووتا: دایکم و باوکم.

# بەرکوڵ

**بمبوورە درەنگ کەوتم، ئەوا بۆ سی ساڵ دەچێت تۆ لەوێ شانت داداوە و چاوڕێیت، منیش لێرە ڕۆحم کرمەزن بووە و لە ناو دەریای ئاخ و داغا هەڵکرووزاوم، چاوەڕێم بە، ئەوا دەکەومە ڕێ و سەفەرە دوور و درێژەکەمان دەست پێ دەکەین.**

لە ماڵی باوکم دەردەچم، ئەو ماڵەی، کە حەوشە سێگۆشەییەکەی، وەک قوچەکێکی بەلاداهاتوو، نووکەکەی ڕووی لە دەرەوەیە و بووەتە دەرگایەکی تەنگەبەر و هەر یەک کەسی پێدا تێپەڕدەبێت، ماڵەکەش سێ ژووری بچکۆلانە و دوو خێزانی ڕۆحزاماری چواردە کەسی، حەوتی من و حەوتی ماڵی باوکمی تیا دەژین.

ئێستا من لەم زەنگ و درزی زامەوە دەردەچم و ڕوو لە ئەو دەشتە کرکای کرکەی ڕۆحم دەکەم. من پیرە هەڵۆیەکی خەیاڵیم و بە دەنووکێکی درێژی چەماوەوە، شاپەڕی باڵەکانم هەڵکێشراون و بە تەمای تیژبوونەوەی دەنووک و پەڕوباڵ هاتنەوەم، جارێکی تر دەنووک دەکێشمە سەر بەردی سەختی خەم و پەژارەدا و خۆم خوێناوڵ دەکەم.

عەیامێکە ئەمە پیشەمە و کەچی هێشتا دەنووکی شکاوم نەهاتووەتەوە و پەڕو باڵی نوێم لێ نەڕواوە، لەم کاتەدا من لە

دەشــتاییە شــینەکەی خەفەتــدا دەگەڕێــم و زەماوەنــدی تــۆڵە بە نووسین دەگێڕم.

بەسەر پشتی ئەسپەبۆرەی خەیاڵەوە سوارێکی تێگلاوم و تازە هەستاومەتەوە و کەوتوومەتە سەرڕێ، لەو دەشتەوە پڕتاو بەرەو دەڤەری چۆڵ و حەرامکراو لە هەمـوو جوانییەکـان، سـەرگەردان دەگەڕێم و دێم و دەچم، ئاهـ تەنیایی، تاک و تەنیا چاو دەگێڕم و بەداوی کانییەکدا، بۆ پاشـماوەی گوڵەژاکاوەکانی دەم ڕەشـەبای ڕەشی قەترانی، شونپێی (ئازا) هەڵدەگرم و زام دەنووسمەوە، زامی بەسوێ، نانا ئەوە زامە سارێژنەکردووەکانە و من دەنووسنەوە...

ئەوە (یـەز)ە چنگ بەخوێنەکەیە و بە دوو چاوی ئاگرینەوە تێم دەڕوانێـت و بە زمانیحـاڵ، هـێلانەی (زیقـاوڵە) کەللەشـەکرییەکەم نیشان دەدات. زیقاوڵەی لە سپی سپیتر، خۆیم لێ گوم دەکات و دەردەکەوێت، ئەم باڵنـدە ڕۆحسـووکە ئێسـتا چاوشـارکێم لەگەڵـدا دەکات! ئەم زیقاوڵە تیژفڕە شـەوگەڕە، سـێ و پێنج ساڵی خشتە ئەم هەوارەی جـێ نەهێشـتووە و دەفڕێـت و پێشـم دەکەوێـت تـا دەگاتە ئاسمانی سەر پەناگەکە و لەنگەر دەگرێت و منیش دەگەمە جێ، ئەم مەلە، هەشت مانگە بە حەواوەیە و دەفڕێت و ناخوات و ناخواتەوە و ناخەوێت، چاوەڕوانمە، من ئیتر لە بەردەم کەڵۆزەکەدا لغـاوی ئەسـپەبۆرە هەڵدەکێشـم، قـاچی ڕاسـتم لە ئـورزەنگییەکە دەردەکێشــم و بەســەر ئــورزەنگی لای چەپمــدا خــۆم دادەدەم، دادەبەزم و دەچمە ژوورەوە، پاشماوەی زینی کەڵپووس زیوینی ئەسپەبۆرە تێرتێر بۆن دەکەم و لە گۆزە دەم داخراوە بەجێماوەکە دوو قـوم ئـاوی مـوعەتتەق دەخـۆمەوە و دوو گـوێچکە نـانەڕەقی

تەنــووره داخــراوەكەی ڕۆحـــی (گــوڵاڵە)، كە بە دەســـتە ســـپی و خرپنەكانی  لە هەورییەكەی خۆی وەك توێشەبەرە، پێچابووەوە بۆ سەفەرە دووررودرێژەكەی ناردبوو، دوو تیكەی بچووكی نانەڕەق، دەكەم بە مەزە و ورەی بەرزی (ئازا)م بە لەش و ڕۆحدا دەگەڕێت، پاش كەمێ خۆخواردنەوە، مەست دەبم، هەڵدەستم و دەكەومە ڕێ، هەر كە جوڵام، تەیرە جوانەكەی دەلیلم بە حەواوە بەسـەر ئاسمانی كوێرەڕێگاكەی (كانی گوڵ)دا دەڕوات و دەڕوات و منیش دەڕۆم، تـا دەگەمە ئەوێ و دەستبەجێ ئازا ئاسا، لە ڕۆخـی كانیدا دادەنیشـم و لە ئـاو دەڕوانـم، دەڕوانـم تـا هەردوو چـاوم ئـاودەكەن و زەنگـۆڵ زەنگـــۆڵ ئـــاوی ســـوێری ســـوێرتر لە ئـــاوی ســـوێری زەویـــیە شـــۆرەكاتەكەی عەرعەر، دەڕژێـــنە ســـــەر ئـــاوی كـــانی، بە لەپ چاوەكانم دەسڕم و لە ئاو دەڕوانـم، دەڕوانـم تـا ئـاو دەشـڵەقێت و دەنیشـــێتەوە و ڕوون دەبێـــتەوە، ڕوون بە وێـــنەی ڕووی گـــوڵاڵە، وەكو مینای ساف و بێگەرد، وێنەی گوڵاڵە دەبینم و لێی دەڕوانـم. خۆ چاو تێر نابێ لە ڕوانینی. گوڵاڵە نمایشێكی كرد و وەك ئەوەی بڵێت: بڕوانە لە دووریی ئازا چۆن چروساومەتەوە، چۆن سارای بێ بن قووتی دام؛ هەر ئەوەندەو ئیتر قووت دەخوات و نوقم دەبێ.

تـــاوێكی تـــر و دیســـان دەڕوانـــم و لە بـــاتی ڕەنـــگ، دەنگێـــك لە غەیـــبەوە دێـــت و دەڵێـــت: هەڵســـــە ســـەر پـــێ و ئیتـــر بیـــر لە ئـــێمە مەكەرەوە، هەســـتەو گەشـــتەكەی خـــۆت بـــكە و بینووســـەوە، قاقـا و گریان بنووسەوە، هەستە و بڕۆ.

بەسەر بەردەنوێژەكەی كانی گوڵەوە، بۆ پشـوودان هەڵادەژێـم، وەخـــتە چـــاوم گەرم دابـــێ، لە ترســـی خەوپیاكەوتنـــدا، ڕادەپەڕم و

جـووتەپێ دەوەسـتم، دەجـوولێم و دەکەومە ڕێ، دەڕۆم، دەڕۆم و تۆیش لەگەڵ خۆمدا دەبەم، دەڕۆم بۆ دوور، تا دەگەمە بناری شاخ، تـا دەگەمە پـارچەیەک لە بەهەشـتی ڕووی ئەم زەمیـنە، دەگەمە (جەننەتی عەدەن) تا دەگەمە نزیک کۆلیتەکەی (پیرەلی)، ئەو پیاوە سپیپۆشـە نـوورانییە، کە لە دوورەوە دەمبینـێ، هەڵدەسـتێ و دێـتە پیریمەوە و بە ڕوویەکی گەش گەشەوە باوەشم بۆ دەکاتەوە.

هاتی کوڕم؟ چاوەڕێت بووم.

هاتم باوە.

دەنووشتێمەوە و دەستەکانی بە دوو ماچ زیارەت دەکەم و ئینجا دادەنیشین و پێی دەڵێم:

بـاوە مـن وێڵـی دوای هەقـیقەتم، بەدوای مێژوویەکـی بزربـوودا دەگەڕێم، مێژووی دزراو.

دەزانـم بـۆچی هاتوویـت! ئائێسـتا بـۆت دەگێـڕمەوە. نـاوی بەگە ترکمەنەکە (ئیوگوربەگ) بوو، دوایی (گۆپا) گشتیت بۆ باس دەکات و تـۆیش بینووسـەوە، بینووسـەوە تـا نەوەی نەوەی نەوەی تـۆ و دەیـان و سـەدان نەوەی تـر، دوای هەزاران جـار دۆنایـدۆن، ئەم چیرۆکە بگێڕنەوە.

وتم قوربان، یانی هەتا ڕۆژی پەسلان؟

زەدەخەنەیەکی بۆ کردم و وتی: پەسلان؟!

سوپاس گەورەم، دەچم و دەینووسمەوە.

هەڵدەسـتم و پیـری نـوورانی ئەزنەک دەدات تـا هەڵبسـێت، مـن هەردوو لەپـم دەخەمە سـەر شـانی و دەچەمـێمەوە و هەردوو دەسـتی و ئینجـا ڕیشـە سـپییەکەی بە ماچبـاران و ماڵئـاوایی لـێ

دەکەم. لەوێدا تەواو هەستم کرد، کە پیریش جۆرێک لە ئاسوودەیی پێوە دیارە...پێی وتم:

پیری شەوکێل ئاگادارت بێ، کوڕەکەم...

دەچم و چاوم بە کوڕەگۆپا دەکەوێت، ئەو گۆپایە، کە بەگە ترکمەنەکە  پێی وت: تۆ کوڕەکەی (ئەلی بێگ)یت؟ ئەویش بە وردی چیرۆکی سەفەرە دوورودرێژەکەی خۆی و ئەسپەسپی بۆ گێڕامەوە و بەرلە ماڵئاوایی پێی وتم:

خوا هەقە و تۆش بەدوای هەقیقەتدا وێڵیت، هەر چیت بیست تۆماری بکە و پاڵفتەی بکە، خۆتیش هەق  بڕۆ و هەق بێژە و سڵ مەکەرەوە، لەسەر تۆمارکردن و درکاندنی هەقیقەت گەر لە داریشت بدەن، تۆ هەر بێژە هەق، لەت لەتت کەن، هەر لەتێکت بەسەرەڕێیەکەوە دانێن، هەر کوتێکت و هەر لەتێکت دێتە دەنگ و دەڵێت: ئەز هەق...

# بەرایی

**من زام دەنوسەمەوە زام،**
**زامی بە سوێ، نا نا ئەوە**
**زامە من دەنوسێتەوە.**
**حەمە سەعید کەلاری**
**١٧- ٦-٢٠٢٣**

دوای شەش مانگ زیندانی، بەر لێخۆشبوونێکی گشتی کەوتم و هاتمەوە ماڵ. بۆ بژێویی ڕۆژانەی خێزانە حەوت کەسییەکەی خۆم، دەستم دایە کرێکاری و قورسترین و پڕووکێنەرترین کاریشم -کە ئەو دەمە پێهەڵشێل نەهاتبووە گۆڕی- دەکرد. جارێکیان حەوت ڕۆژ و ڕۆژیی هەشت سەعات دەفرە چیمەنتۆم لە زەوییەوە بۆ بەردەستی وەستای ماڵە بەدەست گواستەوە، هەردوو ناولەپم ئەوەندە چیمەنتۆی بەرکەوتبوو، پێستەکەی داماڵرابوو و سوورسوور، گەرم گەرم داهاتبوون. دوا ڕۆژی ئەو ئیشە قورس و پشووبڕە، چوومەوە ماڵ، تا ئەو کاتانەش لە ماڵی باوکمدا و لە ژوورێکی پێنج بە سێدا دەمانگوزەراند. حەوشەی ماڵی باوکم شێوە قوچەکێکی بەلاداهاتوو و نووکی قوچەکەکە، دەرگای حەوشەکە بوو، ڕوانیمە ژوورەکەی باوکم، دوو میوانی لا دانیشتبوون، لە ڕاستیدا ئەو دوو کەسە نەناسراوە میوانی من بوون نەک هی باوکم.

ئۆهووو، تووشی چی بووم؟ ئێستا ئەمانیش هەمان پرسیارم لێ دەکەن، کە چەندان جار لێم کراوە و هەم پرسیار و هەم وەڵامەکەیشی، وەکو نەشتەر ڕۆحمیان بریندار کردووە.

ئێ براله، پێمان خۆشە لە دەمی خۆتەوە ببیستین، ئەم قەوماوە چۆن بوو؟

وەڵامە قورسە جەرگبڕەکە: (لە ماڵی خانەخوێکەماندا خۆمان بەستبوو و دانشتبووین، بە کوڕە تووڵەکەکەی خانەخوێم وت، بچێتە سەر ڕێگاکەی نێوان شار و شارەدێکە، ئەو ڕێگایەی کە کاروانە سەربازییەکە دەیگرێتەبەر، بەیانیان دەچێت بۆ شارۆچکەکە و پاش نیوەڕوانیش پیادا دێت و دەگەڕێتەوە شار... پێم وت چاوەڕێ بکات تا کاروانەکە دەگەڕێتەوە، ئەوساکە بێتەوە و ئاگادارم بکاتەوە. فرەی پێ نەچوو، کوڕە هاتەوە و وتی: کاروان گەڕایەوە بۆ شار... ئێمەش ماڵئاواییمان لە خاوەنماڵ کرد و بۆی دەرچووین، هەر کە پێمان خستە ناو چەمەکەوە و لام کردەوە، ڕوانیم زرێپۆشێک بە ملەکەوە ڕاوەستاوە و سەرباز بەدەوریدا و لە ئەمبەر و ئەوبەری گردەکەوە بڵاوەیان لێ کردووە، ئێ جگە لە هەڵاتن هیچ چارەیەکی دیکەمان نەبوو، لە گەڵ پێهەڵگرتنماندا، دراینە بەر ڕێژنەی گوللە و زرێپۆش بە دەم تەقەوە بە دوومان کەوت و دوو جێبی سەربازیش بەری لێ گرتینەوە، ئیتر کارەساتەکە ئا لەوێدا قەوما.)

ئەی ڕاست بوو، وتیان کە ئێوە لە ئاوایی دەردەچن، فیشەکێک بە حەوادا تەقێنراوە؟

ئەمە ئەو پرسارەیە، کە دەبێت خۆم لە وەڵامەکەی لا بدەم، یان

بڵێم: نا شتی وا نەبوو...

ئاخر ئەگەر بڵێم: بەڵێ وا بوو، ئەوا ئەم بەڵێیەی من دەماودەم دەڕوات و دەگاتە کوڕانی شاخ و ئەوانیش بۆ تۆڵەسەندنەوە، سەرکێشییەک دەکەن. شەوێ خۆیان دەکەنە شارۆچکەکەدا و کەسێک دەکوژن و دوور نییە خراپتریش نەقەومێت.

ئەی (بارق) تەعزیبی دایت؟

نەخێر...

(ئازا)یش شەوێک هەر بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە خۆی کردە ناو شاردا و یەکمان بینی. وەڵامی من هەمان وەڵام بوو، بەڵام بە دووردرێژی. کۆتا قسەی ئازا وا بوو: شتم لێ مەشارەوە، زۆرمان بۆ شۆڕش کوشتووە و دەتوانین بۆ خۆشمان کەسێک بکوژین.

دوای مانگێ لە یەکتر دیتنەکەمان، ئازا دیسان دزەی کردبووە ناو شارەوە و بەڵام نەیهێشت بوو من پێی بزانم! نامەیەکی دوور و درێژی بۆ نوسیبووم و لە کۆتاییەکەیدا دەڵێت: (بیستوومە کەسی ناپاک و خۆفرۆش دێنە ماڵ بۆ دڵدانەوە و سەرەخۆشی، ئەگەر جارێکی تر هاتن و دەرت نەکردن، ئەوا بە تەحەدداوە دەڵێم: گومان لە ئەخلاقی سیاسییت دەکەم...)

ئەم دوو میوانە، کە لە دەشتی شارەزوورەوە بە بۆنەی دەرچوونم لە زیندان هاتبوون، هیچیان نەپرسی، تەنها وتیان: ئەی ئەگەر تۆیش بکوژرابایت، چی دەبوو، شوکرانەی گەرەکە.

## (مەلیکێکی بێ مەملەکەت)

باوکم پیاوێکی خۆشمەجلیس و میواندۆست بوو، دەتوانم بڵێم حیکایەتخوانێکی کارامەش بوو، ئەو کورتیلە چیرۆکێکی ببیستایە، دەیتوانی بیکاتە حیکایەتێکی درێژ و بەتام و تەنانەت توانای ئەوەی هەبوو دوو سێ کورتەچیرۆکی جیاجیایش گرێچنی یەکتر بکات و گێڕانەوەیەکی جوان و جیاوازی لێ بەرهەم بهێنێت. ئەو چیرۆکەی کە یەکەم جار لە دەمی ئەوەوە بیستم، ئەمە بوو، کە ئێستە هەوڵدەدەم وەک خۆی بۆ ئێوەی بگێڕمەوە:

(کاورایەکی ئەو شارەزوورە مەیتاڵێکی شارەزا و سوارچاکێکی فرە خاس ئەوێ و خەریکی خزمەتکردنی بەرزە وڵاخەکانی خۆیەتی. وشکەساڵییەک تێت و دوو ساڵ درێژ ئەوێتۆ و قڕ ئەخاتە ئەسپ و ماینەکانی و هیچی بۆ دەرناچێ، یتر لە داخ و بێ عیشییا سەری خۆی هەڵەگرێ و ڕوو لەو عارەوسانە ئەکا. بڕۆ... بڕۆ تا ئەگاتە شارێ و ئەبیسێ شێخێکی عارەوی دەوڵەمەن، ڕەوە ئەسپێکی فرەخاسی هەس و مەیتاڵی لازمە، ئەویش ئەچێتە لای و پێی یەژێ، کە ئەو مەیتاڵە و ساحێو ڕەوەئەسپیش بووە و ئیسا دەرد نیشتووەسە ناویان و هیچی بۆ دەرنەچووە... وەلحاسڵ شێخی عارەو قووڵییەکا و دوای شەش مانگێ، تەواو وەدڵییەوە ئەچی، کەنیشکێکی دڵخوازی سوارچاکی خۆی، بۆ ئەخوازێ، کەنیشک، چی کەنیشک، جوانتر و مزر و مێخۆشتر لە هەناری گوڵبەدەمی شارەبان، دوای نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ، لە ژنە کوڕێکی

ئەویَ، ساڵ تیَ و ساڵ ئەڕوا و کوڕە هەراش ئەویَ، ڕۆژیَ شێخە عارەوەکە، پیرە مەیتاڵ بانگ ئەکاو یەژیَ: نۆمائەسپێکی خاسم بۆ دەسنیشانکە، ئەمما فرە خاسویَ، وە دیاریی ئەینێرم بۆ شێخی گەورەی خێڵەکەمان، ئەویش یەژیَ باشە قوروان. مەیتاڵەکەی لای خۆمان ئەچێتە ناو تەویلە و چاوەگێڕیَ و یەکەیەکە دەس ئەنێتە سەر پشتی نۆماکان، دەی دەی دەی، کە دەس ئەخاتە سەر پشتی نۆمائەسپێکی بێنمووی گەڕ، نۆمای تایەن، خۆی هەڵەکێشی و مل بەرز ئەکاتۆ، لە دڵی خۆیا یەژی: ئەمە خۆیەسی. ڕەشوەی ئەکا و ئەیواتە لای شێخ و یەژیَ:

ئەمە ئەو نۆمائەسپەیە، کە تۆ گەرەکتە.

شێخ یەژیَ: ئەوە وە ڕاستە یا گاڵتەم پیَ ئەکەی؟ گەرەکتە حەیام وە لای شێخەوە نەمێنیَ؟

ئیتر کاورای عارەو چاوی جن جن ئەوێت و ئەخوڕێتە یەکیَ لە پیاوەکانی و یەژیَ: هەر ئیسا وە بەر چاوی خۆمۆ ئاوی هەردوو چاوی بژەنە و میلەکەیشی بدەرە دەس بابوێتە پەن و عیبرەت بۆ خۆی و نەوە دوای نەوەی!

ئەویش ڕێک و پخت وە درەوشەکەی دەسی، هەردوو چاوی کوێرەکا و ئەمیش خوا نەکا چرکە بکا، نققە ناکا و نایەژیَ ئۆف، شێخەکە پێی یەژیَ: ساحێو منالی، قەیناکا لە خانووەکەی خۆتا بمێنەرۆ و نان و ئاویشت ئەدەمیَ و ئەو نۆماگەڕەیش هەر بۆ خۆت و کوڕەکەت خاسە.

جا ئەم کاورای چاوکوێرکەرە، ناوی(عەجاج) ئەویَ و سوارچاکیش باش ئەناسیَ، ناسینەکەیشیان دوای ژنهاوردنی

سـوارچاکی لای خۆمـان ئەوێ، کە عەجـاج ئەچێـتە ماڵیـان و مووارەکبایی لێ ئەکا، ئەویش یەژێتێ:

ئەرێ عەجاج تۆیش بۆ ژنێ ناتێریت؟

هەر بزن زۆرە، ژنم بۆ چییە!

ئەم عەجـاجە پیـاوکوژەی شـێخ، جـارێ ئەچێـت وەلای نێرەکەرێکا، نێرەکەریش نایکاتە نامەردی، جووتەیەک ئەسرەوێنێتە ناو گەڵیا، جووتەیەکی وا قایمی لێ ئەدا، باتووی ئەتەقێنێ و ئیتر بۆ خۆی لە پیاوەتی ئەکەوێ.

ساڵ و دووان مەیتاڵی کوێر وەو حاڵەوە ئیدارە ئەکا، جا قسە تێ و قسە ئەوڕێ، لیل کوێرکردنیا، ژنەکەی مەیتاڵ(گوڵهەناری شارەبان) لە خەفەتا نک ئەکا و ئەمرێ.

ڕۆژێ مەیتاڵ کوڕە ئازاکەی خۆی بانگ ئەکا و یەژێ:

ڕۆڵە ئەسپە بۆرە حاڵی چۆنە؟

بـاوە، کە مـن وە دیـارییەوە نەوم، قـاترێکی چەمووشـی جووتەوەشـێنە، کە دەرەکەوم، ئەسـپێکە هەر حەزەکەی تێـری تەماشاکەی، ئای خۆزگا ئیسا تۆیش وەکو من وە دوو چاوی ساقەوە تێرت لێ ئەڕوانی.

کوڕە شەرینەکەم، من وە چاوی ڕۆح ئەسپەبۆرە ئەدوینم و ئەزانم چ ڕەخشێکە.

ئەی عەجاج؟

عەجاجیش هەر لە حوجرەکەی خۆیا لە تەویلەکەیا ئەخەوێ.

دەی باشە کوڕم، خۆ دەسمان ناگەیەتە ئەو شێخە، جا ئەگەر بیشـی گەینـێ، چـوار دەوری سـە و سـتووری زۆر و زەلامـی

تەنگەزلـی پیـاوکوژی زۆرتـری لـێ گلێربووەسـۆ، باشـە ئیمشـەو تەگبیـر ئەکەیـن و بەیـانی هەقـی خۆمـان ئەسـێنیۆ وە سـواریی ئەسپەبۆرە تێی ئەتەقێنین بۆ مەفتەنی خۆمان.

شەو باوک وە کوڕە یەژێ: بڕۆ هەر چۆنێوێ ئەسپە بۆرە بێرە و زینیکە. کوڕە ئەچێ و ئەسپەکە تێرێت و زین و لغاوی ئەکا، ئەمجا وە کوڕە یەژێ: ئەتوانی بچی هەردوو چاوی عەجاجم بۆ هەڵکۆلی؟ کوڕە یەژێ: ئاسانە و وەک ئاوخواردنۆ وایە! دە بڕۆ و گـورج بێـرۆ، کـوڕە هەر وەک یـەز، ڕێـک وەک هەڵـۆ چـۆن لە قووڵایی ئاسمانەوە خۆی لوول ئەکات و لە ناو ئاوی دەریادا هەر دوو چنگی لە پشتی ماسییەک گیـر ئەکـات و لە ئـاوی دەریـاکە دەری تێرێ، ڕێک ئاوا، هەردوو چنگی لە گلێنەی هەردوو چاوی عەجـاج گیرەکـات و هەڵیـان ئەکۆڵێـت، ئینجـا وەک تـۆ چـۆن دوو قنچکە گۆشـت بکەیت بە سیخێکەوە، کوڕە ئـاوا گلێنەکانی چاوی عەجاج ئەکاتە درەوشەکەوە و ئەگەڕێتەوە لای باوکی.

باوە زیرەم لێ هەڵسان، ئەوەش گلێنەی هەدوو چاوی.

ئادەی ئەمجا سواروە و منیش بخەرە پاشکۆی خۆت و غاردە.

هەرتکیـان سـوار ئەون و کـوڕە پـێ لە ئـوززەنگی تـن ئەکـا و شارەزوور خۆت بگرەو هاتین. ئەسپەبۆرە وەک ئەوەی سەت جار وەو ڕێیـا هـاتووی و چـوو وێ، وەک قـوش ڕێ تەیەکـا، وە دەم ڕێوە باوک وە کوڕ یەژێ:

هەر چیت لە ئەسپەبۆرە دی، باش و خراو، زوو پێم بێژە.

باشە باوە.

تێن... تێن ئەو هەردەی جافە ئەوڕن و ئەگەنە بان یالێ. لەناکا

کوڕە یەژێ:

باوە... باوە ئەسپەبۆرە خراو ئەشـەلێت و هەردوو گوێی وەک گوێی کەر درێژ و شۆڕ بووەسۆ...

ئیتر بۆ خۆی کاورای کوێرە ئەزانێ، کە ناڵبەنی ناشی، بزماری داوە لە زنیەتـی و ئەسـپەکەی تووش کـردووە، لەوێیـا کە کـوڕە یـەژێ: بـاوە ئەسـپەکە ئەشـەلێ و دەنگـی ناڵەکـانی تێت، هەردوو گوێیشـی شـۆڕ بووەسـۆ، ئەسـپی تایـەن ئەوێسـێت و ئەمـان دائەوەزن و ئەسـپە لەوێـی هەڵەترۆپـێ. ئیتـر بـۆ خـۆی، کـاورای کوێرە و کوڕەکەی، وە پێ کەژی زەردە و قۆپی و دۆڵـی قەرەداخ ئەوڕن تا ئەگەنە شارەزوورەکەی خۆیان و فرەی پێ نـاچی، وەو پـارەی کە لای شـێخە عـارەوەکە دەسـیان کەوتـگە، بـڕکەیەک پەز ئەسێنن و ئیتر وەک کۆچەریی گەرمیان و کێوسان ئەکەن.)

میوانەکـان وتیـان: حیکـایەتێکی فـرە خۆشـوو و هەڵسـان و ڕۆیشتن.

بـاوکم کە وتـی کـۆچ و کـۆچەریی، مـن پـڕ بـووم لە خەم و پرسیار، دوای کەمێ هاتمە قسە و وتم: ئەمە چی بوو، باوکە هەر کە دەم دەکەیـتەوە، دەبـێ بـاس لە کۆچێـک بکەیـت، لەم هەمـوو کۆچە تێرت نەخوارد، باوکە! کۆچ و ڕەو نەبڕایەوە؟!

خۆزگەم وە کۆچەری، کوڕم ئەو دوو میوانەمان، کە بۆ لای تۆ هــاتن و ئیســە ڕۆیــین، ئیســایش گەرمیــان و کێوســان ئەکەن، هاوینان تا شلێر و ناوخوان ئەچن.

بـاوکم وای وت و ئیتـر گـوێی بـۆ مـن شـل کـرد و منـیش بەردەوامیم بە قسەکانم دا:

تـــا ئێســـتەش هەر بە ڕێـــی کـــۆچەوەین، بـــاپیرە گەورە کـۆچەرییەکەی تـۆ، کە دەسـبەرداری گەرمـێن و کوێسـتان بـوو، نەچوو شلێر و ناوخوان ئاوەدان بکاتەوە، ئەو شـلێر و نـاوخوانەی کە پارچەیەکە لە بەهەشت، لە جەننەتی عەدەن، خل خل، خل خل هات و لە نزیک ئەو گوندە تەمەن دوانزە هەزار ساڵەیە، بارگەی خست؟!

ئێ من چی بکەم لەو گشت هەبوو و نەبووەی ئەو، وەک خۆت دەڵێی لە هیچی کەم نەبوو، سەری هارومار، ڕەوە ئەسپی ڕەسەن و باڵـدار، گاوگوێلـک و مەڕ و مـاڵاتی زۆر و تەنـانەت کەڵەشـێری ئاڵتوونیشی هەبووە، کەچی دێت و لەسـەر ئەوەی چەن کەسێکی دەسکورت و هەژار و سکبرسی مەڕێکیان لێ دزیوە، نازانم چییان کـردووە، دەسـتی دەچێـتە خـوێنی پیاوێـک! بـاپیرە گەورەی مـن پیـاوێکی ترسـنۆک بـووە، ئەینـا دوای سـوڵح و ئاشـتبوونەوە، بـۆ لەوێ هەڵکەنـرا و بەســەر ســەد دێـدا بـازی دا و گەیشــتە ئەم دۆزەخە، ئەم گەرمەسێرە، ئەم دەشـتە کرکـایکرکە قرفەیە، کە لە هاوینا کڵاوکووڕەی تیا دەخنکێ، ئەم دەشـتە، کە جگە لە قمقمـۆک و مارمێلکە، جگە لە شـەوگەرد و بزنمـژۆک، ڕۆحلـەبەری تـری تیـا نـاژی! ئـاخر ئەم جـێ بەخـۆنەگرتن و کـۆچ دوای کۆچەتـان، لەو غەدرە قورسەوە سەرچاوەی گرتووە و تۆڵەیەکی یەزدانییە و تـا ڕەچەڵەکتـان لە ڕیشــە دەرنەهێنێــت لە کۆڵتــان نــابێتەوە... دەی ڕەوایە لە ماوەی کەمتر لە سەد ساڵدا، دە جـار جێ بگـۆڕن و لەم دێ بۆ ئەو دێ و لەم شارەوە بۆ ئەو شار و پێچەوانە ببنەوە، جێ بە خۆتان نەگرن و قوونتان سۆتکە نەکات... باوکە، ئەبێ ئێمە لە

تۆرەمەی قەرەج بین، نەک شوانکارەی ئامۆزای ئێلبەگی جاف!

تا نەگەیشتبووەمە ناوهێنانی تیرەی قەرەج، هەر گوێی گرت، بەڵام دوایی هاتە گۆ و وتی: دە کەرەکەر، دە چەڵتەچەڵت...

کە وای پێ وتم و وەک باوکە بە گورەکەی جاری جاران هەڵنەچوو و لەسەری نەڕۆیی، زانیم ئێشم پێ گەیاندووە، بۆیە بەزەییم پیادا هاتەوە و بێدەنگ بووم. ئەو ڕەنگ و ڕوخساری ئەوەندەی تر ڕەش داگەڕا، وەک ئەوەی بیر بکاتەوە، سەری داخست و چاوەکانی قەیرێ پرواند، دواجار سەری بڵند کرد و ڕووی لە دەلاقەی نێوان دیوەخان و نیشتمانەکە کرد و وتی: ئافرەت جامۆڵەکەیەک ئاوم بدەرێ.

تا ئەوساتە، هەرگیز لە دەمی دایکمم نە بیستبوو بە ناوی خۆیەوە بانگی باوکم بکات و هەمیشە هەر بە (کوڕە) ناوی دەبرد، وتی:

باشە، فەجە...

کە باشە فەجەم بیست، زانیم دایکە پشوودرێژەکەی جاران و ئێستای دوو جار جەرگبرژاو، حەوسەڵەی نەماوە و دەمەتەقێ دوور و درێژەکانی باوکمی وەک جاران پێ قبوڵ نییە، بۆیە گورج هەڵسام و چوومە لای دایکمەوە، دایکم بە هێواشی وتی:

دوور لە ئەم دوو چۆلەکەم وا ماونەتۆ، کەرەسکۆت بوڕێتۆ، وا بڕیاوە...

دایە گیان قەینا، من دڵیم ئێشاند، خۆم ئاوی بۆ دەبەم.

ئاوم بۆ برد و دامە دەستییەوە، جامولکەکەی نا بەسەرییەوە و بە یەک بین چۆڕبڕی کرد و بە دەسەسرەکەی دەم و لێوی سڕی

و وتی:

خوا شکورم وه بەشت.

من لە دڵی خۆمدا بە خۆمم وت: ئەمە کەی قسە بوو تۆ بەرەو ڕووی ئەم پیرەپیـــاوە نەخـــوێنەوارە کـــردت! زۆر پەشـــیمان بوومەوە... ئاخر قسە وەک فیشەک وایە لە تفەنگ دەربچێت، کە لە زار دەرچـــوو نـــاگەڕێتەوە. دواجـــار هەڵســـام و لە بەردەمیـــدا نوشتامەوە و دەستیم ماچ کرد، ئینجا پاشـەوپاش گەڕامەوە تا لە دەرگا چوومە دەرەوە.

ئیتـــر پـــاش ئەم هەمـــوو کـــۆچە، شـــەوێک گیـــانی دەنیشـــێتە ئارەقەیەکی زۆر و دوای دوو سەعات، ئەو پیاوە عاشق بە کۆچە، دوا کۆچی خۆی دەکات.

+++

کێرڤی تەمەنم گەیشتووەتە لووتکە و پێیەکیش سەربەرەوخوار لێژبووەتەوە. ئازا لە من گورج و گۆڵترە، بەڵام دوای دوو سەعات ڕێ بڕین بە پێ، پیاو پشوودانێکی گەرەکە، جا با کورتیش بێت.

کات عەسرێکی درەنگ وەخت بوو، بە ئازام وت:

بۆ لا نەدەینە لای شێخی (هەزارئازار) و ئەم شەوی لا نەبەینە سەر؟

پێم خۆشە... بە نیو سەعاتێکی تر دەگەین...

ئیتـر ئـازا بێدەنگ بـوو و منـیش دەبێت لە سـێ گرێـی  لە جـێ دەرچـووی بڕبـڕەی پشـتم، جـارێ دووانیـان بجـوولێنم و برینـی خوێن تیادا مەیبویان بکولێنمەوە، دوو زامی بەسوێی ڕۆح، بۆ ئەم

زام کولاندنەوەیەش دەبێت بگەڕێمەوە بۆ ئەو کات و شوێنەی، کە تیرەکان پێکامنی، هەر ئەوەنە بیرکردنەوەم بەس بوو تا ئەسپە ڕەشتاڵەکەی خەیاڵ هات و هەڵی دامە سەر پشتی خۆی و هەڵیگرتم و بە تیژی تیشک، بە تیژی خەیاڵ بردمی بەرەو دوا، بۆ دوورییەک بە دووریی ڕۆژەڕێیەک بە پێ.

ئەو ڕۆژە، ڕۆژێکی وەرزی هاوینە و خۆر بە چەقی ئاسمانەوە زەوی تیشکباران دەکات. گەرمایەک، هێلکەت لە بەر هەتاو دابنایە دەیبرژاند، لەوێ و لە گوندێکی لا چەپدا (هەڵۆ) و هاوەڵەکانی بۆ پشوودان لایان داوە، لە پڕێکدا قەرەوڵی سەر گردەکە، یەک فیشەک دەتەقێنێت، بە هەڵەداوان خۆی بە ژووردا دەکات و دەڵێت:

لە دەوروبەری دێی زەنگەکە شەڕە و دەنگی مەترەلۆز و زرمە و گرمەی چەکی قورسیش جار جار دەبیسترێت. هەڵۆی سەردەستە، ئاگاداری ئەوە بوو، کە پۆلێ لە هاوەڵانیان بەرەو ئەو دێیە چوون، بەبێ هیچ خۆتێکدانێک و بە زمانێکی شیرین بە هاوەڵەکانی دەڵێت:

کەمێ گورج کەن، تا فریای هاوەڵەکانمان بکەوین.

جا بڕینی ڕێگایەکی یەک سەعاتی بە پێ، بۆ پیکابێکی فەلاحی هەر چارەکێکە و فریای بەهاناوەچوون دەکەون. سوار دەبن و زەنگەکە خۆت بگرە و هاتین. هەر لە هەورازە پشتەوشکێنەکە سەربکەویت و بگەیتە سەر ملەکە، ئیتر دێی ئابلۆقەدراو بە باشی بەدی دەکەیت. پیکاب دەگاتە سەر ملەکە و ناگات، لووتی دەتەقێتە لمووزی بەراز ئاسای زرێپۆشێکدا، خۆهەڵدان و دەستکردنەوە و

ڕێـژنەی گـوللە، لـە زرێپۆشـەکەوە لە چاوتروکانێکـدا ڕوودەدات و فیشەکێک بەر مەچەکی چەپی هەڵۆ دەکەوێت و قۆناغی تفەنگەکەی کە بە سنگەوەی گرتووە، دیوەدەر دەکات، تێکەوتنێکی ئـاوا کتـوپڕ و حیسـاب بـۆ نەکـراو، کـوڕگەل شـپرزە دەکـات و هەر یەکە و بە لایەکـدا پەرتەوازە دەبـن، پـاش یەک دوو سـەعاتێک هاوەڵەکـانی، لەگەڵ ئەو دوو دەسـتەیەی کە لە گونـدەکەدا خاوەخاویـان کـرد و خۆیان دابووە دوا، بۆ سۆراغی هەڵۆ دەکەونە کێومـاڵ و دواجـار بۆ نـاو چەمە بە  تەروو داپۆشـراوە وشـکەکە، بە ڕاسـت و چەپـی تووله ڕێگەکەدا چاو دەگێڕن، دەبینن شـوێنپێیەک لێرە و لەوێ بە دڵۆپەخـوێن نەخشـێنراوە و لە سـێبەری بنەتەرەوویەکـدا، هەڵـۆ چەکەکەی لە باوەش گرتووە و گیانی سپاردووە.

(شـێردڵ)ی ئـامۆزای هەڵـۆ و بـرا گەورەی ئـازا، بە یـارمەتیی دەستەکەی و چەند کەسێک لە خزموخوێش، تەرمـی هەڵۆ بەسـەر پشـتی هێسـترە مـاچەوە شـەتەک دەدات و هەر بەو شـەوە دەیگەیەنێتە مەزارگەی ڕەشسـوار و گـۆڕیش ئامـادەیە، لە کـاتی شـۆڕکردنەوەی تەرمەکەدا، شـێردڵ بە هـاوەڵەکەی، کە بە لێـواری گۆڕەکەوە ڕاوەستاوە دەڵێت: ئا ئەو شووشە عەترەم بدەرێ...

شووشـە عەتـرەکە لە بـاخەڵی دەردەهێنێـت و دەسـت  درێـژ دەکات و دەڵێت:

هانێ برا.

لە بیرمە!

هـاوەڵەکەی بەدەم گریـانەوە: بـاوکەڕۆ تـۆ هەڵۆیەکـت لە کـیس چووە و کۆست کەوتووە، کەچی چەڵەمەشکێنەکەت هەر لە بیرە و

به نیاز نیت تەنانەت ئەم گەمە بێ مانایەش بدۆڕێنیت!
که له ناشتنی تەرمەکه دەبنەوه، شێردڵ چەن خڕەبەردێک له پاڵ گڵکۆکەی هەڵۆ دادەنێت و دەڵێت: ئەو دوو مەتره زەوییەم بۆ خۆم دەستنیشان کردووه، که کوژرام ئا لێرەدا بمنێژن، لەم نیشتمانه بەرینەدا، سێ گەز زەوییم بەسه.
هەر له نزیک دێی زەنگەکه و ئەوبەری دێی زەماوەنگەوه، له ڕووبەڕووبوونەوەیەکدا و پاش شەڕێکی قورس و له کاتی کشانەوەدا، پارچەیەک گوللەهاوەنی وێڵ، هەر ئەوەنەی دەنکەنۆکێک، بەڵام دەنکەنۆکێکی زبر و دڕ و ژەهراوی، شێردڵ دەپێکێت و پاش پێنج ڕۆژ دەیبەن له پاڵ گڵکۆکەی هەڵۆدا به خاکی دەسپێرن.

+++

سوارچاک تێ ناگلێ، خۆ ئەگەر تێگلا هەر یەکجاره و له مەیدانی گەرمی ڕمبازێ دەکشێتەوه، ئەسپ و ماینی ڕەسەنیش ڕۆحی سوارچاکی له جەستەدا نیشتەجێیه و هەرگیز پشت بۆ کۆڵەسوار نەوی ناکات. چەکی کارای جەنگاوەران ناکەوێته دەست دز و جەرده و گەنەخۆر، خۆ ئەگەر بەخت و چارەنووسی گەلیش ڕەش بوو و دز و گەندەڵ و خۆپەرست دەستیان بەسەردا گرت، ئەوا ئەو چەکه دەبێته مایەی هاتنه ئارای ستەم و زۆرداری.
جارێکیان ئازا وای پێ وتم.
ئێستا چەکه قۆناغپێکراوەکەی هەڵۆ به شانی ئازاوەیه و...

دەمانچە چواردەخۆرە ئیستیلەکەی، کە لە سەرەمەرگیدا وەسیەتی کردبــوو: (ئەگەر کــوڕە چوارســاڵییەکەم نەمــرد و گەورە بــوو و پیــاوێکی قەومدۆســت و مەردی لــیٚ دەرچــوو، ئەوا وەک میراتــی بیدەنیٚ و پیٚیشی بڵێن، با وەک چاوی خۆی  بیپارێزێت، خۆ ئەگەر کەسێکی نامەرد و ناکەسبەچەی لیٚ دەرچوو، ئەوا بیٚن و گۆڕەکەم هەڵتەکێنن و قڵموقازەکەم بدەن بە دەم ڕەشەباوە، ئەو ڕەشەبایەی کە لە وەختی خۆیدا زوو هەڵدەکات و درەنگ دەنیشێتەوە، ئا ڕێک ئــاوا بــکەن، کە پیٚم وتــن، قڵموقــازکەم بــدەن بە دەم بــاوە و لەبــاتی منی وجاغکوێرەوەبوو، دەمانچەکەم لە شوێنەکەمدا بنیٚژن.)

ئیســتا ئەو دەمــانچە ئیســتیلە، بە ئەمــانەت، لە بەر پشــتوێنەکەی منــدایە و کە بەر تیشــکی خــۆر دەکەوێــت وەک بیــری بیرمەنــدێکی نەتەوەپەروەر دەدرەوشێتەوە...

لە کــاتی بیٚدەنگی و سەرداخســتنمدا بەدەم ڕێوە، ئــازا دەزووی خەیاڵمی نەدەپچڕاند، ئەو ڕۆژەش هەر وای کرد، من هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا و ئەو لای لیٚ کردمەوە و وتی:

کاکە گەیشتیتە کویٚ؟

زەنگەکە و زەماوەنگە.

ئازا زەردەیەکی بۆ کردم و وتی: ئاوایە ڕێگەی عاشقان..

+++

بــە ئــازام وت: بــا لا بــدەینە دیٚــی (هەزارئــازار) و چاومــان بە (شـــێخی لەپزێـــڕین و خەنـــدەلێو) بکەوێـــت، خـــۆت دەزانیـــت دۆســـتایەتییەکی باشــمان لە نێوانــدایە و هــاوڕێی نــزیکمە، ئەگەر

ببیستێت لێی نزیک بووینەتەوە و بەسەرمان نەکردووەتەوە، گلەییمان لێ دەکات.

وتی: دەزانم و پێیشم خۆشە.

دونیا تاریک داهاتبوو گەیشتینە دێ و خۆمان کرد بە تەکییەکەدا، ڕوانیم (هاوڕێ شێروان)، ئەو کوڕە ڕۆشنفکرە چەپ-ڕێبازە دانیشتووە، شێخ کە بینیمانی گەشایەوە، پاش بەخێرهاتنمان، ڕووی لێ کردم و وتی:

- بۆ وا درەنگ هاتن، خۆ مەگەر چێشتێکی دەروێشانەتان درەخوارد بدەم!

زۆرمان برسی نییە و ئەتوانین چاوەڕوانی سەروپێی کولاویش بکەین.

شێخ پێکەنی و وتی: بۆ قسە پەکت ناکەوێ.

ئەی پرسیارێکی گەرموگوڕ تا سارد نەبووەتەوە، کاکە شێخ، با لەبیرم نەچێت:

ئەسپە شیرین، ئەسپەسپیت هەر لا ماوە؟

چۆن لە دڵم دێ لە ناوی بدەم، خۆ خۆت دەزانیت چەندم خۆش گەرەکە، خوانەکەردان ئەگەر بمرێت، وەکی... ها ها ئەو سپیسوارەی سەر گردەکەی لای ئاواییەکەی ئێوە (تەپەسپی) دەینێمە چاڵ و گڵکۆکەی سەردەگرم.

هاوڕێ شێروان وتی: هاوڕێیان من دەبێت بڕۆم!

بەم شەوە بۆ کوێ، هاوڕێ؟

ئەی پێشینان نەیان وتووە، شەو قەڵای مێردانە، دەچم بەرەو شار.

چەند ڕۆژێک بەسەر ئەم دیدارەی ئێمە و هاوڕێدا تێپەڕی، بیستمان ئەو لاوە خوێنگەرمە، لە ناو باخە نزیکەکەی شاردا دەسگیر و سەرنگوم کراوە.

شەو لە تەکییە پانوپۆڕەکەی شێخدا دانیشتبووین، شێخ و من و ئازا و دەروێشێکی خزمەتکاری تەکییە، پاش باس و خواسێکی زۆر و چی دەبێت و چی ڕوودەدات و ئەگەر دانوسانەکە سەر بگرێت و نەگرێت، قسە و بیر و بۆچوونەکانمان هەر هەموو گەشبینی لێ دەچۆڕا... دوایی ئازا وتی:

کاکە بۆ چیرۆکەکەی شەلەی شەوکێڵمان بۆ ناگێڕیتەوە؟

ئەگەر شێخ حەزی بە بیستنی بێت، بۆ نا؟

شێخ زەردەخەنە شیرینەکەی هەمیشە بەسەر لێوەوەیەتی، وتی: ئەگەرچی من کەموکوتم لێ بیستووە، بەڵام زۆرم پێ خۆشە لە دەمی تۆوەی ببیستم...

## (فریشتەیەک لە توخمی جنۆکە)

هەردووکتان شارەزان، ئەگەر بچینە سەر گردەکەی پشت مەرقەدی شێخی باوک و بە دووربینەکە دوور بڕوانین، دەوروبەری قشڵاخەکەی (هەواسەلی) دەبینین و چیرۆکەکەیش هەر لەوێوە دەست پێ دەکات:

لە دێهاتەکانی ئەو هەردە و هەڵەتەوە بیگرە تا دەگاتە بناری شاخ و بەرەو ژوور، بەرەو خواریش لە شاخەوە بۆ شاخ، کەسێکت شک نەدەبرد چیرۆکی شەلەی شەوکێڵی نەبیستبێت...

(گوڵە)ی دایکی شەلە، کەنیشکێکی توولەک دەبێت و شوو دەکاتە خاڵۆزایەکی خۆی. خۆشەویستیی نێوان گوڵە و مێردەکەی، خۆشەویستی نەبوو، بەڵکو عەشقێکی یەزدانی بوو، عەشقێک بوو وەک عەشقی کاکە مەم بۆ زین. ئەم ژنە دوو ساڵی ڕەبەق زکی نەکرد و نە خۆی و نە مێردەکەیشی هیچ گوێیان بە تانە و تەشەری خەڵک نەدەدا، ئەگەر جار نا جارێک گوڵە پەژارەیەک دایبگرتایە، مێردەکەی هەڵدەستا و هەردوو چاوی ماچ دەکرد و پێی دەوت:

((خاتوونەکەم تۆم بەسە، دۆزەخ نییە، خۆ ئەگەر هەشبێت، ئەوا یان خۆت بۆ خۆت دروستی دەکەیت، یان ئەوانیتر، دەی دە قەی چییەکا ئافرەت، مادام جار جار قووڵ بیری لێ دەکەیتەوە، دەی با جارێکیش بچمە لای مەلا، یان شێخەڕووتە و نووشتەیەکی

سکپڕیت بۆ بکەن.))

نـا نەمـگەرەکە پیـاوەکە نەمـگەرەکە، ئەی نـایەتەوە بیـرت ئەو جارەی شێخە ڕووتە نووشتەکەی بۆ دادە مەلیعە کردبوو، چی تیا نوسیبوو؟

مەلای دێ، لە زاری مێـــردی مەلە دەبیســـێت، شـــێخەڕووتە نووشـــتەی بـۆ ســکپڕبوونی ژنە نوســیوە، نایکـاتە نـامەردی و دەچێتە ماڵی مەلیعە و پێی دەڵێت:

ئـا ئەو نوشـتەی شـێخەڕووتە نەخـوێنەوارە چـاومۆزمەعیلەم بدەرێ تا بزانم چی تیا نوسیوە.

دادە و مێردەکەی بە جووتە دەڵێن:

مەلا، شێخ پێی وتین، ئەگەر نووشتەکە بکرێتەوە، ئەوا سیحری بەتاڵ دەبێتەوە و هێزی بە ئاوسبوون لە دەست دەدات.

تۆ قەیناکا، ئێ ئەگەر نووشـتە کـاری خـۆی بکردایە، ئەوا ئیسـا تۆ مناڵێکت بە بەرەوە بوو، ئەی ئەوە نەبوو پارساڵ من نووشـتەم بۆ کردی.

بەهەرحاڵێ بێت نووشتەی موبـارەکی دەدەنە دەسـت و ئەویش دەیکاتەوە و خەتی نزیک لە خەتی مێخیی و بە نکەنکە بۆی ساخ دەبێتەوە و دەقاودەق بۆ مێرد و ژنەی دەخوێنێتەوە. شێخەڕووتە دەجار لەسەر یەک نووسیویەتی: (ئەزێی و نازێی وە گونمۆ).

دادە گوڵە ئەم بـاس و حیکـایەتە وەبیـر مێردەکەی دەهێنێتەوە. مێردە دەڵێت:

ئەی پیـری شـەوکێڵ! بـۆ نەچیـنە زیـارەتی مەرقەوی ئەو پیـرە مووارەکە؟

جار و دوو جار، هەر دەیڵێتەوە... دەبا بچین، ئەگەر نەیگرت، ئەوە خوا ئەزانێ، نووره، خۆ ئەگەر گرتی، ئەوا نووری عەلا نووره.

دواجار گوڵە دڵ دادەهێنێت و لەگەڵ کازیوەی بەیاندا بە کەڵەشێرێکەوە دەکەونە ڕێ. دوای ماندووبوونێکی باش، دەگەنە جێ و لە پاڵ مەزارەکەدا، کەڵەشێر بۆ پیر سەردەبڕن و لەگەڵ ئەو شێرەکوللەیەدا، کە لە کاتی پاڕانەوەیان لە پیر، دەکەوێتە ناو مەنجەڵەکەوە، پێکەوە دەیکوڵێنن و خۆیان تێری لێ دەخۆن و ژێردەسەتەکەشیان دوور فڕێ دەدەن، تا کە تاریکی دادێت، جنۆکەی بن ئەو بەرد و تاوێرانەی نزیک لە مەرقەدی پیر و ئاژەڵە کێوییە گۆشتخۆرەکان بیخۆن.

کە دەگەڕێنەوە، هەر ئەو شەوە وەک ئاشقە و ماشقە لێک دەئاڵێن و دوای چل ڕۆژ گوڵە دەڵێت:

پیاوەکە نەکەوتوومەتە بێنوێژییەوە.

مودەتێکی تری بەسەردا تێدەپەڕێت، دەڵێت:

پیاوەکە ئەوە دوو بەڕوولەخەیار، شەمامەیەک، کورە زرکەتاڵێ دەست ناکەوێ؟

گوڵە، بەم دوا دوایی پاییزە، خەیار و شەمامە لە کوێ دەس ئەکەوێ تا بچم بۆتی بێرم؟! بە مەرقەوەکەی پیری شەوکێڵ، لە شاریش دەسم کەوێت، ئەچم و بۆت تێرم، بەڵام نییە، ئاخر هەر چی بوێ، هی ئاواییەکانە ئەیوەنە شار.

گوڵە دووگیانە، لە دەمی گوڵەوە گێڕابوویانەوە، کە لە کاتی دووگیانییەکەیدا بەم پارچەڵەوە، ئازاری زۆری چەشتووە. گوڵە

وتبووی:

هەر چۆنێک بێت بە ڕۆژ باشتر بوو، بەڵام لە شەودا، وەک گلۆڵە بەنێکی مووی لە ئاوهەڵکێشراو خۆی کرژ دەکردەوە و لەپڕێکدا وەک بڵق دەتەقییەوە و دەست و لاق و سەری دەکێشایە دیواری سکمدا و خەوی لێ حەرام دەکردم.

منداڵی خەڵکی بە نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ لە دایک دەبێت، کەچی (ئەلە) بە حەوت مانگی و لە شەوێکی ئەنگوستەچاودا، کە دەتگوت ڕێویی ئاسمانی بە زمان لستووەتەوە، لە دایک بوو.

ئەو شەوە لەپڕێکدا دایک بەرەژانێکی قورس دەیگرێت و زۆری پێ ناچێت مەلۆتکەیەک فرتە دەکاتە دەرەوە. دایکی مامان و ئیتر زەیسان، بە چەن پارچە پەڕۆیەک کوڕەکەی کە هەر پڕ دوو لەپی دەبێت، لە بەر ڕۆشنایی فتیلە چراکە لە لیمان و خوێناوی وشک دەکاتەوە و چاوێک بە جەستەیدا دەگێڕێت، دەبینێت منداڵێکی سپی سپی، وەک کڵۆی بەفر، وەک کەللەیەک شەکری لە بەرگ داماڵراو، شیرین و سپ و ساغ، کە دەمی دەکاتەوە تا فوویەکی پیادا بکات، دایکە واقی وڕدەمێنێت، دەبینێت منداڵەکەی چوار ددان: دووی خوار و دووی ژووری پێوەیە! ئیتر لە بەر خۆیەوە دەڵێت: خوا پەنامان بدەیت.

ئەم منداڵە وەک منداڵی تازە لەدایکبوو ناگری و تەنانەت بە هەردوو چاوە زەقە جنجنۆکەکانییەوە لە دایکی دەڕوانێت و نووزەیەکیش چییە، لێوەی نایەت! دایکە سام دەیگرێت وترسێک دڵی دادەخورپێنێت و ئیتر خەو ناچێتە چاوی... هەر ئەو شەوە ئەم کوڕە لەدایک دەبێت، باوکیشی بڕکێک دەکات و ژانێک دەیگرێت و

دوای چەن سـەعاتێک دەمرێت، بۆیە خەڵکی دەیانوت: ئەم منداڵە سەرەخۆرەیە.

ورتە و چرپە کەوتبووە ناو ژنگەلی ئاوایی و دەیانوت:

گـوایە ئەوان هەرگیـز نەیـانوێراوە بە شـەو بچـنە سـەر (کـانی جنە). ئەو کانییەی کە بە ڕۆژ ئاویـان بۆ خـواردنەوە لێوە دەهێنـا، کەچـی ئەم ژنە بـێ هـیچ تـرس و سـڵەمینەوەیەک دەچـووە سـەر کانییەکە، ئەو کـانییەی وا شـەوانە جنۆکە شڵپ و هـوڕ مەلەی تیا دەکات.

کەنیشـکە لاولۆت ببـڕن پیـری شـەوکێڵی چـی؟ هەبـێ و نەبـێ، لەگەڵ جنـۆکەیەکی موسـڵماندا جـووت بـووە و دەشـێت بە زۆر بە گیری هێنابێ و ئەم منـاڵە عاجبـاتییەی لـێ کەوتـووەتەوە! دە باشـە ئـاخر قەت بـووە و بیسـتووتانە، ژن خـۆی ببێـتە مامـانی خـۆی و ناوکی کۆرپەکەی خۆی ببڕێ؟

نـا ناکرێـت، ئەم کـوڕە تـوخمە جنـۆکەیە و ئەوانـگەل زانیویـانە گـوڵە منـاڵی دەبـێ، مامانیـان لە خۆیـان بـۆ نـاردووەو بە لەتـێ بەردەتراش ناوکی بڕیوە و ئیتر ئاو بێرە و دەس بشۆ، ئا ئەم ژنە، چونکە نوێژنەکەر و خوانەناسە، قەت بیسـمیلایەک بە دەمیدا نـایە. ئێ جنۆکە لە دوو شت ئەترسێ، یەک: بیسمیلا، دوو: چەقۆ، فەنەر، دەرزی، دلیوان و سنجاق. دە بڕوانن بزانن گوڵەتـان جـارێ دیـوە، دەرزییەک وەک دەرزییەکەی خۆمانی وە بەرۆکەوە بێ؟

ڕاسەکەی ڕاسـەکەی، جنۆکە دەچنە میوانیشی، ڕۆژێ میوانێکی زۆر لە خزمانی خۆی هاتبوون و ئەویش چێشتێکی زۆری لێنابوو، کە میوانەکانی ڕۆیین، قـاپ و قازانـگ و دەورییەکـی زۆری هـاورد

لەسەر کانییەکە بیشوات، خوا ئەزانێ، ئەو قازانگ و دەورییانە هی من بووایەن، ئاوم پیا نەدەکرد، ئەوەنە پاک بوون، گوڵێ چەوریی چییە، دوو دەنکە برنجت تیا نەدەدۆزییەوە، دەی ئەمە ئەگەر جنۆکە بۆی نەلیسابێتەوە، چۆن وا لە پاکییا بریقەیان دەهات!

ئەی بۆیە وا خاسە ئەگەر قورحانیش لە ماڵەکەتا نەبوو، جزمێکی عەممە و چەقۆیەک لە تاقێکا دانێی و بۆ خۆت بێ ترس لێی بخەوە.

ئەمە قسەی خۆم نییە، مەلا وە مێردەکەمی وتووە و ئەویش بۆمی گێڕاوەتەوە.

یەژن وەڵا جنۆکە نییە و ترس و خۆف ئەیتێرێتە بەرچاوا، ئەی نەتان بیستگە لالە خەلیفەی لای هەمە چۆنی جنۆکە دیبوو؟

شەوێ لێل کوڕەکەیا لە شەوەکەژ بووە و دەرنگێ شەو وە کوڕەکەی یەژێ:

تۆ بەیانی گەلەکە ڕادە و من ئەچمۆ ماڵ.

ئەکەوێتە ڕێ و ئەگەیەتە چەمی زالواو و گوێ هەڵەخا، قریوە تێ، نزیک ئەوێتۆو ئەڕوانێ، زەماوەنی جنۆکەیە، سەرچۆپیکێش کە چاوی پێ ئەکەوێ، یەژێ: لالە بێرۆ، لالە بێرۆ، ئەوەی هاوە سەر زوانتۆ مەیەژی و بێ هەڵپەڕە.

ئەویش ئەچێ دەسەگرێ و دوو سێ سووڕ هەڵەپەڕێ، دوایی لە دڵی خۆیا یەژێ، ئەوە چییە وا هاوە سەر زوانمۆ و یەژێ، نەیەژمی! یەک سەر بیسملای وە خەیاڵا تێ، هەر لێل وتنی (بیسمیلا)یا، هەڵپەڕکێ نامێنێ و جنۆکەکان شوێنەکە چۆڵەکەن...

گوڵەی دایک، کە ئەم وتی وتی و قسانەی دەبیستەوە، هیچ

شـەرمی لـێ نەدەهـات و تەریـق نەدەبـووەوە، قاقـا پێـدەکەنی و دەیوت: دەک خوا بتانگرێ ژنگەلی ئاوایی.

لەچـاو منـداڵی خەڵکیـدا کـوڕە زۆر زوو پـێ دەگرێـت، بەڵام لە ڕۆیشـتندا کەمێک دەلەنگێت، کە هەراش دەبێت ئیتـر زەلالەت بۆ منداڵە هاوتەمەنەکانی و بگرە لەخۆ گەورەتریش دەهێنێت و دەبێتە سـەرچاوەی بێزاریـی خەڵکـی ئـاوایی، ئـێ ئەم کـوڕە چـی لـێ دەکـردن؟ هـیچ، تەنیـا دەسـتی بە دەسـتە خـرپن و بچکـۆلەکەی دەگرت و دەیگوشی، ئیتر منداڵ هاواری لێ هەڵدەستا و ئەویش بە بێدەنگی بەری دەدات.

(ئەلە بچکـۆل) و گـوڵەی دایکـی، تـا ئەو دەمە و تـا دوایـی (هەواسـەلی) بـاپیری سەرپەرشـتیی دەکـردن و لە کـاتی پێویسـتدا دەچـووە دەمیـانەوە، بەهـۆی ئەلە بچکۆلەوە تووشـی سەرئێشـەی زۆر و گلەیی خەڵک دەبێت: ئەم کوڕە بچکۆلە بستەباڵا شەلە، هەر یەژی بەچکەدێوە، ئەترسین دەستی منداڵێکمان ئیفلیج بکات!

خەڵکی خاوەن منداڵی دێ، دەیان جار وایان وت، ڕۆژ و مانـگ، ساڵێک تێپەڕی و دواجـار، هەواسـەلی بە کوڕ و خـزمە نزیکەکانی خۆی دەڵێت: زەویی خۆمانمان هەس، ئاوی (زالواو)یش شەتاوێکە، بەشـمان دەکات و زیـاتریش، ئیتـر بۆ نەچینە سـەر ئەرز و ئـاوی خۆمان؟

هەر زۆر باشە.

سـاڵێکی بـێ نـاچێ، هەواسـەلی بـاروبنە دەپێچێـتەوە و دەگوازێتەوە دێی (زالواو)و بۆ گوڵە و ئەلەیش، خانوویەک و بۆ مانگا زەردیش ژوورێک قوت دەکاتەوە.

ئەم کوڕە بستەبالآیە، کە هەرگیز تووک لە دەموچاوی نەڕووا و لەوە زیاتر بالآی نەکرد، لە هەر کاتێدا برسی بووایە، داوای خواردنی لە دایکی نەدەکرد، هەڵدەستا و بە ئەسپایی دەچوو بۆ ژووری مانگا زەرد و لەوێ سەری دەکردە ژێر سکی مانگاکەدا، خۆی هەڵدەبڕی و لەسەر نووکی پەنجەکانی پێی ڕادەوەستا و گوانی دەمژی، مانگا زەرد بۆ دۆشینی ئاسایی تا گۆرمە نەکرابایە، شیری نەدەدا، کەچی بۆ ئەلە بچکۆل لە وشکی دەهاتە شیر! شیرێکی خەستی وەک ژەک دەزایە گوانی و بە زوبان، چۆن کوێلکی خۆی بلێسێتەوە، ئاوا سەروملی وەردەچەرخان و هەوڵی دەدا، تا ئەلە تێر شیر دەبێت، شوێنێکی بلێسێتەوە. دایکی جارێکیان ئەلەی دیتبوو بە میزی مانگاکە دەست و دەموچاوی دەشوات!

بچکۆل زۆر کەم دەشتودەری دەکرد، خۆ ئەگەر بە ڕێکەوت لە ماڵ دەربچووایە، ئەوا ڕووی لە هەردەکە دەکرد و وەک کەروێشکێکی ماڵی بە قونەقون، خۆی دەگەیاندە لای شوانەکان و بەبێ هیچ قسەکردنێک تێرتێر لە کار و بەرخەکانی دەڕوانی و دەگەڕایەوە ماڵ. جارێکیش بە ڕۆژی نیوەڕۆ و لە قرچەقرچی گەرماکەدا چووە ناو بێستانە دەیمێک، دوو بەڕووله خەیار و شەمامەیەکی بۆ گوڵەی دایکی هێنایەوە، بێ ئەوەی قسە لە زاری بێتەدەر، خستییە کۆشییەوە و زەردەیەکی بۆ کرد.

لە کوێ هاوردت کوڕم، ئەلە؟

لە بۆیسان...

کەڕەتو دووان و سیان، چوار کەڕەتی تریش هەر وای کرد، ئاخر بێستانە دێم، زوو لەبەر دەکەوێت و دایکیش خۆشەویستە.

کوڕم لەمەودوا مەچۆ، عەیبە.
خۆشە، بخۆ!
ئەگەر خاوەن بێستان، پێشێلکردنی بڕکەی کاڵەک و ترۆزییەکانیان بەرچاو نەکەوتایە، پێیان نەدەزانی، بەڵام کە چاویان بە شوێن پێ خڕ و وردیلەکان دەکەوێت، دەزانن ئەوە شوێنپێی ئەلە بچکۆلە، بۆیە شکاتیان دەبەنە لای باپیرە و ئەویش گازی ئەلە دەکات و کەمێ شل، گوێی ڕادەکێشیت و پێی دەڵێت: ئەگەر ببیسم جارێ تر چوویتە ناو بۆیسانی خەڵکی، گوێت لە بنا هەڵەکێشم.
ئەلە بچکۆل، ئیتر دەزانێت ئەوەی کردوویەتی، ئەگەرچی تا ئێستا دایە گوڵە نارەزایی دەرنەبڕیوە و پێخۆشبوونیشی نەنوواندووە، بەڵام وا باپیری هەڕەشەی گوێهەڵکێشانی لێ کرد، ئیتر ببڕای ببڕ، ڕووی لە بێستان نەکردەوە.
ڕۆژ لەدوای ڕۆژ سروشتی ئەلە بچکۆل دەگۆڕێت، کەم دەخوات، کەم دەخەوێت، شەوانە جێ بە خۆی ناگرێت و لەپڕێکدا هەڵدەستێت و دەچێتە دەرەوە و درەنگانێ دەگەڕێتەوە... هەتا دەهات دایکی زیاتر سەری لە کوڕەکەی خۆی دەسوڕمێ!
ئەلە گیان شەو دەرەچی، ئەچیتە کوێ؟
هیچ کوێ!
ئەم (هیچ کوێ)یەی ئەلە، گومان دەخاتە دڵی دایکییەوە: تۆ بێژی ئەلە بەدەم خەوەوە هەڵنەسێ و نەڕوات!
شەوێک لە ماڵ دەردەچێت و دەمەوبەیانی بە نکەنک بە کۆڵێک گۆشتەوە دەگەڕێتەوە!

ئەلە گیان ئەم گۆشتەت لە کوێ بوو؟

دزیم!

ئەلە شەو لە ماڵ دەرئەچێت و لە دوورترین گوندی غەیرە تیرە و تایفەی خۆی، کاوڕێک دەدزێت و لەسەر چەمێکی دوورەدەست کەوڵـی دەکـات، گۆشـتە نەرمەکەی لە خـورجێ دەنێـت، دەی دا بە کۆڵدا و بە شەلەشەل دەیهێنێتەوە ماڵ و بۆ بەیانییەکەی بەشێکی زۆری دەبـات بـۆ ئـاوایی (کـانی جـنە) و بەسـەر مـاڵە هەتیوانـدا دابەشی دەکات، کە لێی دەپرسن، ئەم گۆشتە چییە؟

خێر باوکم!

ڕۆژێک پیاوێک، ڕێی دەکەوێتە گوندێکی ئەولاتری خۆیان و لا دەداتە مـاڵە ناسـیاوێکی دەوڵەمەنـد، قسـە دێـت و قسـە دەڕوات، خاوەنماڵ دەڵێت:

برا چیت لێ بشارمەوە، ئەمە دوو مانگە لەسەریەک، دزیمان لێ دەکـرێ، هەرچەنـد دەکەم و دەکۆشـم، شـوێن پێـی دزەم بـۆ هەڵناگیرێـت، جارێکیـان ڕێـم کەوتە ئەو چەم و ئـاوەی ئەو لا، چـوومە سـەر قڵموقـازی کاوڕەکەمـا، سـەروپێ و کەوڵ و گەدە و گیپـاڵی لە گـوێی چەمەکە فـڕێ درابـوو، ئـێ خـۆ ئیشـەکە ئیشـی کەمتیار و گورگیش نییە، نازانم تیا ماوم! ئەوە برازایەکیشم هەیە یەژێ، گوایە ئەویش دوو گیسکی دیار نییە!

کـابرای میـوان، گۆشـت دابەشـکردنی ئەلە بچکـۆلی بیردێتـەوە، بەڵام هیچ ناڵێت، کە ئەگەڕێتەوە، ئەم قسە و باسەی ورد ورد لای هەواسـەلی دەگێـڕێتەوە و باسـی سـێ جـار پشکەگۆشـت و بەرکەوتنەکەی خۆیشی بۆ دەکات و یەژێت: هەبێت و نەبێت ئیش

ئیشی ئەلە بچکۆلە!

باپیرە سەری سورڕدەمێنێت، یانی چی و چۆن ئەم بنچکەباڵایە ئەتوانێت دزی وا بکات و خاوەنماڵی کاوڕدزراویش جاریّ شوێن پێی هەڵنەگرێت! ڕۆژێک ئەلە بانگ دەکات و پێی دەڵێت:

((چۆن دەگەیتە فلانە دێ و کاوڕ دەدزیت و... دێیتەوە؟))

نازانم!

ئەم حیکایەت و باسانە تا ئێستایش لە ناو خەڵکیدا وا بڵاوە و هیچ گومانیش هەڵناگرێت و پرسیاریش قبووڵ ناکات. ئێ ئیتر باپیرە هەواس، چی بڵێت؟

پێی یەژێت: ئەم کارەی ئەو دەیکات، حەرام و نابەجێیە، خوا بەرداری نییە، ڕۆژێکیش هەر ئاشکرا دەبێت و بۆ شان و شکۆی ئەو جوان نییە. دواییش دەڵێت:

تۆ کە ئەوەنە لێهاتوویت و لە ڕێوباندا زەوی لەبەرپێت دێتەوەیەک، بچۆ بۆ دوورترین شوێن، ماڵە بێدینێک، لە ماڵە عارەوێکی دەوڵەمەنی باوەحیزی ئەوبەر ئاوی زێ، دزی بکە، قەولوێ منیش لێی بخۆم.

ئەلە بچکۆل دەڵێت: وایە گوناحە.

ئیتر لەو ڕۆژەوە واز لە پەزی ئاواییە دوورەکە دەهێنێت و لەوە بەدوا، مانگی جارێک لە زێ دەپەڕێتەوە و لە دێیەکی عارەونشین دزی خۆی دەکات!

ئەلە بچکۆڵ دەبێتە دزێکی گەورە و ناوداری دەوروبەر، بەڵام ئەم جارە پرسیار دوای پرسیار دێتە گۆڕێ! قاو دەکەوێتە ئاواییەکانی دەوروبەر و پتر ژنان دەڵێن:

ئەی بۆ قەت قەت شوێن پێی هەڵناگیرێت و دزییەکەی ئاشکرا نابێت! ئەی باشە چۆن بە یەک شەو دەگاتە ئەوبەری ڕووبار و بە کۆڵێک گۆشتەوە دەگەڕێتەوە! لە ڕاستیدا ئەم کوڕە لە دزیکردندا تەنیا نییە، ئەی لەبیرتان چوو، کە کوڕی جنۆکەیە؟ بەڵێ، کە دەکەوێتە ڕێ زەویی لە بەرپێیدا دێتەوەیەک.

کورە دێتەوەیەکی چی؟! ئەو شەوەی کە بڕیارە بچێتە دزی، جنۆکەکانی باوانی ئاگادار دەکاتەوە و دەستەیەکیان لێ هەڵدەبژێرێت و لەو دەستەیەش دووانیان بە نۆرە دەیگرنە کۆڵ و وەک با، تیژ تیژ دەڕۆن، دەیبەن دەیبەن تا لە ڕووبارەکە دەیپەڕێننەوە، لەوێ خۆی دەکاتە ناو گەلەمەڕێکدا و نێچیری خۆی بە کۆڵدا دەدا و جنۆکەکانیش بە ئاسانی لە ئاوەکە دەیپەڕێننەوە و لەمبەرەوە لێی دادەنیشێت، دادەنیشێت و چەقۆگاسەربڕە دەمپۆلاییینە مشتووسپییەکەی، کە هەمیشە لالا موودەکات، دەردەهێنێت و بەشێنەیی پەزەکە سەردەبڕێت، کەوڵی دەکات و سکی هەڵدەدڕێت، گەدە و گیپاڵ و سەروپێ و پێسەکەی دەداتە دەم ئاوەکەوە، ئینجا هەرچی نەرمەگۆشت هەیە لە لاشەکەی دەکاتەوە و بەسەر گابەردەکەوە هەڵی دەخات تا کزر دەبێتەوە، دواجار هەموو ئێسقان و پێشەکەی دەداتە دەست جنۆکەکانەوە و خۆیشی نەرمەگۆشتەکە لە چارۆکەکەی دایکی، کە هەر بۆ ئەو مەبەستە پێیەتی، دەیپێچێتەوە و لە خورجەکەی دەنێت و دەیداتە تای شانیدا، دواجار دوو لە جنۆکەکان یەکێک لەمدیو و ئەویتر لەودیوەوە دەچنە ژێر باڵی و پێی لە عەرز دەبڕن و هەروەک شەوقی ئاوێنە باڵ دەگرنەوە و بەر لەوەی دونیا ڕووناک ببێتەوە

دەیگەیەنــنە ئــاوایی، ئیتــر بەئەســپایی خــۆی دەخــزێنێتە نــاو جێخەوەکەیەوە و کفت لێی دەخەوێت.

ئەم بەســـەرهاتی دوورەدزی و هـــاوڕێیەتیکردنی جنۆکەیـــە، قســەی هەڵبەسـتراوە و هەڵبەسـتراویش نیـیە، نهێنیـی دووگیـانی گوڵەی دایک، نهێنییە و نهێنیش نییە، ئەوەیشـی لەمەودوا بە دوای ئەم چیرۆکانـــەدا دێــت و دەڕوات و تــا قەرەی قیــامەت درێــژ دەبێتەوە و خەڵکی ئەم وڵاتە دەیبیستن و دەماودەم بۆ نەوەکانیان دەیگێڕنەوە.

ئەی نازانن بۆ لەو دەشـتە نێچیرەکەی سـەردەبڕێت و کەوڵـی دەکـات؟ ئەی چـۆن نـازانن! بـۆیە وا دەکـات تـا ئێسـقانی ئـاژەڵە دزراوەکە بداتە جنۆکەکانی هاوەڵی، ئاخر جنـۆکە گۆشـت نـاخوات، بەڵکوو تەنها ئێسـقان دەکرێنێتەوە و وەک چۆن بنیادەم بەڕووڵە خەیار دادەکرمێنێت، ئەوانیش ئیسقان ئاوا دادەکرمێنن.

نـا... نـا ئەم قسـە و باسـەی جنـۆکە و لە کۆڵنـانی ئەلە، هیچـی ڕاست نییە.

ئەی چۆنە؟

مەلای دێ بۆ باپیرە گێڕاویەتییەوە، ئەو مەلایە کە بەرنوێژیی بــۆ ئەو چەن پیــاوە دەکــات، کە هــاتوچۆی مــزگەوت دەکەن، وتوویەتی:

شەوێک هەستم کرد بچکۆل لە ماڵ دەردەچێت، منیش خۆم لێ مەڵاس دا، کە ئەو لە مـاڵ دەرچـوو، تـا دەرەوەی ئـاوایی کەوتـمە دوای، ڕوانـــیم سپیســـوارێک لەبەر تـــریفەی مانگەشـــەوەکەدا دەبریقێتەوە، سـوارەکە هـات و دانەوییەوە، لە پەلـی کوڕەی نەوی

و... نـا خـوا تـۆبە، ئەلەم دی وەک کـۆتر هەڵفـڕی و قـنج بە پشـت سپیسوارەوە و بە تەڕکییەوە نیشتەوە و چوارنـاڵە ئەسـپی تـاو دا و تێی تەقـان، ئیتـر تـا دەمەوبەیـان خەو نەچووە چاوم، بەرلەوەی دونیا ڕۆشن بێتەوە، چوومە مـزگەوت و خەریکی دەورکـردنەوەی قورعـان بـووم، نـازانم چەنـی پـێ چـوو، گـوێم لە حـیلەی ئەسـپێک بـوو، بە پەلە چـوومە دەرەوە، ڕوانـیم هەر ئەو سپیسـوارە بـوو، کوڕەی دابەزاند و خۆی چوارنـاڵە تێی تەقانـەوە و ڕۆیـی، چـاوم پێـــوە بـــوو لەگەڵ ســـەڵەفی ئەســـپەکەدا، کە ناڵەکـــانی بە خڕەبەردەکانی ئەو دەشتەدا دەکێشا، بزیسکەیان لێ هەڵەسا.

ئەمەی کە لە دەمـــی مەلای گونـــدەوە بیســـترا، ڕاســـتترین و باوەڕپێکراوترین چیرۆکی ئەلەی شادز بوو، کە دەماودەم ڕۆیشت و هات و ئەوەتانێ، ئێستا ئێمە دەیگێڕینەوە.

جارێکیـان لەسـەر جێ تەنەکەیەک زەوی، کە بـاپیرە دابـووینێ، دەمەقاڵە دەکەوێتە نێوان گوڵە و باپیرە لەلایەکەوە و جووتیـارێکی دێـیەکەی جیرانیـان لە لایـەکی تـرەوە، دەمەقـاڵەی چـی، لە مـاوەی سـەعاتێکدا، دەیـان بگـرە و بەردە و هـەڵچوون و داچـوون و خـۆ لەیەکتـر سـوورکردنەوە... ئەو کەسـەی کە قسـەی تیـا نەکـرد، ئەلە بچکۆل بوو، تەنها جارێک دوو بۆڵەی کـرد و دەسـتی ڕاوەشـاند و دوو کەلیمە قسـەی بە زاردا هـات و کەسـیش گـوێی بۆ نەگـرت تـا تێی بگەن!

ئەم ناکۆکییە درێژەی کێشا و چارەش نەکرا، تا پـایزە شـەوێک، بچکۆل دەچێت و نیو تەنەکە گەنم بە زەوییەکەوە دەکـات و هەر بە وشـکەکێڵ لە شـێوەی شەڕەپشـیلە، کڕکـڕ دەیکێڵێـت، ئیتـر بـۆ

بەیانییەکەی  بیگرە و بەردەیەک بەرپا دەبێت ئەوپەڕی نەبێتەوە، خۆ ئەگەر پیرهەواس فریا نەکەوتایە، ڕەنگە خوێنی بچکەلی تیا بڕێژرایە.

ئای... ئافەریم بچکەل.

کورە بچکەل کوا ئەتوانێ زەویی بکێڵێ؟

ئەی بۆ ئەتوانێ بە یەک شەو لە زێ بپەڕێتەوە و دزی بکات و بێتەوە، بەڵام نەتوانێ ئەوەنەی حەوشی مزگەوتەکە زەوی بکێڵێت؟

زۆر وترا و بێ سوود بوو، بۆیە باپیرە بە ناچاری لە زەویی خۆی، بەشی ڕۆژە جووتێک دەداتە کابرای زەویی داگیرکراو و دەمی هەردوو لا دەنێتە یەک.

دەڵـێن کاتێـک پیرەواسـی بـاپیر، لەم کـارە نـابەجێیەی ئەلە پێچایەوە، ئەلە وتوویەتی:

من نەم کێڵاوە!

ئەی کێ کێڵاویەتی؟

شـەوێ پیرەپیـاوێکی سـپیپۆش هـاتە خەوم و پێـی وتـم، مـن (پیری شەوکێڵ)م، تۆ هەقت پێوە نەبێ، خۆم بۆتی ئەکێڵم. بەیانی کە هەڵسام ئێوە کردتانە گاڵە و خستتانە ملی من.

پیرهەواس، زەردەیەکی بۆ دەکات و دەڵێت: پەنام بە تۆ خودا...

ئیتر لەو ڕۆژەوە ناوی ئەم کوڕە بستەباڵایە، لە ئەلە بچکەلەوە گۆڕا بۆ ئەلەشەوکێڵ و جارجاریش بۆ شەلەشەوکێڵ.

شەلەی شەوکێڵی کەمدوو و شیرین، هیچی بە گوێدا ناچێت و ئەوەی خۆی گەرەکی بێ و بە خەیاڵیدا بێ دەیکات، نە ئامۆژگاری و نەچاوسوورکردنەوە، هەر هیچ.

بەڵام هەی هــوو، شــەلەی شــەوکێل کەتنێکــی کــرد، کەتنێــک نەچووە عەقڵی کەسەوە، کە ئەم کوڕە لە کەس نەچووە بیکا! بـەڵێ کردیانە ماڵ بەسـەرییەوە و هەرچۆنێک بوو باپیرە بۆ داپۆشـینی ئەو کەتـنە، کە هەرگیـز ئەو نەیکردبـوو، بـۆ پاڕاسـتنی ئـابڕووی هەردوو لا، کەتنەکەی بە مەرج بۆ داپۆشی...

ئەلە بە باپیرە دەڵێت: نەم کردووە...

وسسسس...

نەم کردووە.

یەژم وسس...

شەلەی شـەوکێڵ، لەو تەمەندا ئەمە یەکەم جاریەتی بگری، بە دەم (نەم کردووە)وە، وەک منداڵێکی ساوای تازە لە مەمک بڕاوە، دەست دەکات بە گریان و پێ دەکوتێ بە ئەرزا و دەڵێت:

من نەم کردووە!

پیرهەواس، کەمێ مات دەبێ، دوای بیرکردنەوەیەکی قووڵ، پێی دەڵێ: ئیتر لەمڕۆ بە دواوە نابێ بەبێ ئیزنی ئەو پەنجە بە ئاودا بکات و بەبێ ئاگاداری ئەو لە ئاوایی دەربچێت.

بەڵام ئایا کوڕەشەل ئەم هەڕەشەیەی باپیری چوو بەگوێیدا؟

جا بۆ بچێ، یان بۆ نەچێ!

دوای ماوەیەکی کورتی چەند ڕۆژە، شـەوێک مـانگی چواردەی تابـانە و ئەلەی شــەوکێڵ لە ژووری نووسـتنەکە دەردەچێـت و لە حەوشــەدا ڕادەوەســتێت و لە مانــگ دەڕوانێــت، گــوڵ دایــک بە ئاگادێـت و دەڕوانێـت، کـوڕە لە جێگەکەیـدا نەمـاوە و لە دەرکـی ژوورەکەوە سەیر دەکات، کوڕە لە مانگ دەڕوانێت.

کوڕم وەرە ماڵەوە، شەو درەنگە.
ئەڕۆم.
بۆ کوێ ئەڕۆیت؟
مانگ!
دایــک دەچێــتە ژوورەوە، بەڵام دڵــی هەر لای کــوڕەکەیەتی. تـریفەی مـانگی تابـان لە دەرگـای ژوورەکەوە خـۆی پیـا دەکـات و لایەکـی مـاڵ ڕوونـاک دەکـاتەوە، زۆری پێ ناچێت، دایـک هەسـت دەکــات تــریفەی مانــگ کزوکــاڵ دەبێــتەوە، لە دەرگــاوە ســەر دەردەهێنێت و دەڕوانێت، نیوەی مانگ گیراوە و ئەلەی شـەوکێڵ چاوی بە ئاسمانەوە و ڕووەو مانگ ئەبڵەق بووە.
ئەو شــەوە، شــەوی مــانگگیرانە گەورەکە بــوو، کە شــەلەی شەوکێڵ تایەکی قورس دەیگرێت و سێ ڕۆژ لەجێدا دەیخات و لە چوارەمین شەودا، تاکەی قورستر دەبێت و بەدەم وڕێنەوە زمـانی دەپژێت و بە دایکی دەڵێت: دایە من دەمـرم، بچۆ بـاپیرە بانگ بکـە با بۆ دواجار بیدوێنم.
دایــــکە دەڕوات و لە کەلەبەرەکەوە بانــــگ لە پیــــر دەکــــات: کوڕەکەم لە سەرەمەرگدایە و ئەڵهای تۆ دەکات.
پیرەواسەلی، بێ خۆ خەریککردن بە دەنگییەوە دەچێ و لـەپاڵ کـوڕەی شـەوکێڵ دادەنیشـێت. شـەلەی شـەوکێڵ لێی دەڕوانێت و بزەیەکی شیرین دەزێتە سەر لێو و ڕووخسارە پاکەکەی و دەڵێت: بـاپیرە گەردنـم ئـازاکە، داوا لە پیـری شــەوکێڵ دەکەم دەسـت بە باڵتەوە بگرێ و بتپارێزێ.
سەیرێکی دایکی دەکات و دەڵێت: دایە دەستت بێنە ماچی بکەم.

دەسـتی خـاتوو گـوڵ مـاچ دەکـات و هەر ئەوەنەو وەک بەرخۆڵەیەکی تێرەشیر خەوی لێ بکەوێ، شەلەی شەوکێڵ سەری بەسەر سەرینەکەدا خوار بووەوە، دواجار پیر دەموچاوی کوڕەی بە جامانەکەی خۆی هەڵیپیێکا و وتی:

لەو تەمەنە دوورودرێـژەدا، دووجـار قسـەت لە گەڵمـا کـرد، جارێـک سـوێندت بە پیـری شـەوکێڵ خـوارد، کە زەوی کـابرات نەکێڵاوە و ئەمجارەش لە سەرەمەرگدا هەر ئەوەنەم لێت بیست و تەواو.

گوڵە، تا دنیا ڕۆشن دەبێتەوە، مەنجەڵێ ئاو بنێ سەر ئاگر.

گوڵە خەریکی ئاو گەرمکردن دەبێت و لەسەرخۆ دار و پووشی لە بن دەنێت، دەنگێک لای پێ دەکاتەوە، سپیپۆشێکی سپیسوار، کەس نازانێت کامیان سپیترن: خۆی یان ئەسپ.

ئەلە ئەلەی منە و دەیبەم.

دایە گـوڵە ڕادەچڵەکێـت و لەبەر خـۆیەوە دەڵێـت: خەیـاڵ و ختوورەی خۆمە.

لە ئاگرەکە دوور دەکەوێتەوە و دەچێتە ژوورەوە و دوا ڕوانین لە تەرمـی کـوڕە بڕوانێـت، دەبینێـت جـاجمەکە نووسـاوەتە زەوییەکەوە، دەستی بۆ دەبات و لای دەدات، شـەلەی شـەوکێڵ غەیب بووە!

دێـتە دەرەوە و چاوێـک بە حەوشـەدا دەگێڕێـت، سـەر بڵنـد دەکـاتەوە بەرەو ئاسـۆ و دەبینێـت، بەسـەر سـیپەی دیـواری حەوشەکەوە، مەلێکی سپی، زۆر لە باڵندەی زیقاوڵە گەورەتر، هەر هێندەی کەللەشەکرێک نیشتووەتەوە، لێی نزیک دەبێتەوە، مەل لە

شەققەی باڵ دەدات و بۆ تاقی ئاسمان دەفڕێت، ئەوەنە دەفڕێت تا دەبێتە خاڵێکی سپی سپی و لە چاو بزر دەبێت.

+++

شێخ یەک دوو باوێشکی دا و وتی: بە خوا برا من خەوم دێ و ئێوەیش کەیفی خۆتانە. دەروێشیش دووری ئێمە و لە سووچی لای دەرگاکەوە جێی خۆی ڕاخستبوو. شێخ هەستا و ئێمەش لەبەر پێی هەڵساین، لایەکی لە دەروێش کردەوە و داوای لێ کرد، کەمێ بە جێمان بهێڵێت، دەروێش دەستی ماچ دەکات: (من توولە گوێبڕاوەکەی بەر قاپییەکەتم و ئەوە تۆ سنکت کردم قوروان.) دەروێش بە جێمان دەهێڵێت و شێخ دێتە قسە.

لە چیرۆکەکەدا ناوی شێخەڕووتەت برد. عەول، کە ئێستا شێخی ئیرشادە و تەکییەی هەیە، خۆی بە نەوەی شێخەڕووتە دەدات لە قەڵەم و گەنجێکی خۆشمەعشەرە و دەشخواتەوە، کە لێ دەبێتەوە ئیلا ماسی، جارێکیان وتی:

بە دەروێشم وت، بچۆ لە حەوزەکە ماسییەک دەربێنە و باشی ببرژێنە. دەروێش بانگی کردم و وتی: کە ماسی حازرە، منیش چووم هەر لەسەر حەوزەکە ماسییەکەم خوارد، دوایی پێشە و ئێسکی ماسییەکەم لەناو هەردوو لەپمدا دانا و وتم: دەروێش ئێستا دەیخەمە ناو ئاوەکە و زیندوو دەبێتەوە. جا بۆ زیندووکردنەوەی پێشەماسی، بەردێکم بە پەتێکەوە بەستبوو ولە باخەڵم نا بوو، وتمە دەروێش چاوی بنووقێنێ و کە وتم بیکەرەوە، بیکاتەوە. توند هەردوو لەپم وا پرواند، تا دەروێش

گوێی لێ بێ و پاشان هێنامە پێشەو ئێسکی ماسیدا و دوو فووم لێ کرد و وتم: دەروێش چاو بنووقێنە و (شلّپ) هەڵمدایە حەوزەکەوە... دوو سێ بڵقە بڵقی کرد و وتم: دەروێش چاو بکەرەوە، کە دیتی ئاوی حەوز بڵق دەدات و ماسییەکیش وای زانیوە نانەڕەقی بۆ فڕێ دراوەتە ئاوەکەوە، سەرێکی دەرهێنا و چوویەوە قووتا، دەروێش وتی: حەی حەی و پەلاماری دەستی دام و ماچی کرد.

جا ئەم شێخەمان، نەخۆشی پەرکەمدار و ئەو شتانەش چاک دەکاتەوە، فریشتەیش، ئەگەر جنۆکە دەستی لێ بووەشێنێ، بە دوو دەست پێداهێنان و دوو فوو، بەدەم و نفووسی پاکی شێخ بەسییەتی. هەر بۆیە ئێمەی شێخزادە، لەناو خۆماندا ناومان ناوە (شێخی فریشتەدۆستی ماسیخۆر)، ئاخر ئێمە ماسی ناخۆین. دوایی بە ئازای وت: کاکە (هێمن)ت، باسی فریشتەکەت بۆ دەکات، پێکەنینێکی بۆ کرد ڕۆیشت.

کە شێخ بەجێی هێشتین، ئازا پێی وتم: ئەم چیرۆکەی شەلەی شەوکێڵ ڕێک وا ڕووی داوە؟

سەدان ساڵە ئەم چیرۆکە هەیە و دەماودەم و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر هاتووە و بەم شێوەیە گەشتووەتە ئێمە، ئاخر ئەگەر چیرۆک و ئەفسانە تۆمار نەکرێت و بە زارگوتن بگوازرێتەوە، ئەوا بێ گومان بە کەم و زیاد گۆڕانکاریی بەسەردا دێت، خۆ ئەگەر وەکی ئەفسانەی گەلەگامێش تۆمارکرابێت، ئەو کات وەکو دەق دەگات و هەزاران ساڵیش دەمێنێتەوە، بەڵام چیرۆکەکەی خۆمان کە من لێکۆڵینەوەم بۆ کردووە و عەقڵیش

وامان پێ دەڵێت، خۆ زۆر کۆنیش نییە، لە هەقیقەتدا ئاواهییە، کە ئێستا بۆتی دەگێڕمەوە...

چونکە مەلا خۆشی بە چڕوچاوی شێخەڕووتەدا هەڵ نەهاتووە، بابەتی نووشتەکەی بۆ هەڵبەستووە و داویەتییە بای گوێی خەڵکیدا، تا لەبەر چاوی بخات و پێیشی نەکراوە، ئیتر لە خەفەتدا شەپڵە لێی دەدات و دەمی گێڕدەبێت. ڕاستە گوڵەی دایکی شەلەی شەوکێڵ، تا نەچووە سەر گڵکۆی پیری شەوکێڵ، دووگیان نەبوو، بەڵام چونکە بە نیازی دووگیانبوون، دەیان جۆر گیادەرمانییان دابوویێ، کاری خراپی کردبووە سەر منالّدانی و لە کاتی بێزووکردنیدا بە ئەلەوە، بەڕووله خەیار و شەمامەی چنگ نەکەوتووە، هەر خەریکی خۆڵ و گڵەسەر و سووتکی سیگار خواردن بووە، ئاخر ئەو گوڵە جوان و شیرینە ژنێکی سیگارکێش بووە، ئیتر ئەمانە هەمووی کاریگەریی خراپیان کردبووە سەر کۆرپەلەکەی، بۆیە بە حەوت مانگی لە دایک دەبێت. ڕاستە ئەلە کورتەبالاّ دەبێت، بەڵام ئەوەسا دەیبینین، هێزێکی لە ڕادەبەدەری وای هەبووە، کە لە توانای مرۆڤی ئاساییدا نەبووە.

ئەها... هەواسەلی باپیری ئەلە بچکۆل، پیاوێکی دەوڵەمەندی مەڕدار دەبێت و کوڕە جوانەمەرگەکەی خۆی (باوکی ئەلە)ی زوور خۆش ویستووە، بۆیە دووجار خێری بۆ کردووە و هەردوو جارەکەش دوو نەوەنگای بۆ سەربڕیوە و چەند پشکە گۆشتێکیشی بۆ چەند ماڵێکی هەتیوباری گوندەکەی نزیکی خۆیان بە ئەلەدا بۆ ناردوون و ئەلەش پێی وتوون (ئەمە خێری باوکمە)، ئیتر خێری باوک چ دزیی ئەوبەری ئاو بێت، یان خێری باپیری، بۆ

ئەلە هەر خێرە و دەبێت بەشی هەتیوی لێ بدات.
ئەی کێڵانی زەوییەکە؟ ئەی بچکۆل چۆن پیری شەوکێڵی بە زاردا هات؟
ئێ دایکی چەند جارێک باسی پیری بۆ کردووە، کە بۆ دووگیانی چووەتە سەر مەرقەدەکەی و ئەوەشی بۆ باس کردووە، کە (پیری شەوکێڵ)، شەوێک دەچێتە خەوی جووتیارێکی نەبووی هەژار و پێی دەڵێت، کە خەمی نەبێت، بۆ بەیانی، کە جووتیارەکە لە خەو هەڵدەستێت، دەڕوانێت زەوییەکەی بۆ کێڵراوە، دەی هەر ئەوەسا، پیری شەوکێڵ ناوەکەی بە خۆیەوەیەتی.
ئەی بەڕوولە خەیار و شەمامە دزینەکەی چۆنە؟
ئەمەشیان ئاوایە، گوڵ دایک، ئەوەندە بە ئەلەی گوتبوو، کە تۆم لە سکدا بووی، بێزووم بە بەڕوولە خەیار و شەمامەوە دەکرد و دەستیش نەدەکەوت، ئەلە خەفەتی پێ خواردووە، هەر بۆیە ئەو چەند جارە و هەر جارەی دوو بەڕوولە خەیار و دوو شەمامەی بۆ دزیوەو بۆی هێناوە و پێی وتووە: هانێ بیخۆ!
ئەی ئەو کەتنەی چی و چۆن بوو، کە باپیری بۆی داپۆشی؟
ئا ئەمەیش ڕاست بوو، شتەکە قەومابوو، بەڵام ئەلە هیچ پەیوەندییەکی پێوە نەبوو، بۆ دەربازبوونی کوڕەی کەتنکەر، کەنیشکەکە تۆمەتی بۆ ئەلە بچکۆل هەڵبەستبوو و بۆیشی چووە سەر.
ئەی مردن و سپیسوار و غەیببوونەکەی؟
ئەمە کرۆک و جەوهەری باسەکەیە. وەک هەر مرۆڤێکی ئاسایی، ئەلەش دەمرێت و تەرمەکەی دەشۆن و دەینێژن، بەڵام

سپیسوار و باڵندە سپییەکە، ئەمەیان پەیوەندیی بە دۆنایدۆنەوە هەیە.

لەو دەمەیدا، کە زۆربەی کورد لەسەر دینی زەردەشتی و یارسان بوونە و دواترو ئێستایش کە یارسان هەر ماون، بڕوایان بە دۆنایدۆن هەبووە و هەیە، ئەی نەتبیستووە کە دەڵێن: کورد کوتەک موسڵمانە؟ کورد بە زەبری شمشێر موسڵمان بووە، تا حەوت سەد- هەشت سەد ساڵێک لەمەوبەر، پشتاوپشتی خۆمان لەم دەشت و دەڤەرەیش، هەر لەسەر ئاینی یارسان مابوونەوە، زۆربەی ئەو پیرو باوانەی وەک، پیرەلی و باوەشاسوار و پیری شەوکێل و دەیان پیر و باوەی تر، زەردەشتی و یارسان بوونە و خەڵکیش بە نیازی پاکي خۆیان چوونەتە سەر مەزارگەکانیان و لێیان پاڕاونەتەوە و مەرازی زۆربەشیان هاتووەتە دی.

بۆ سەلماندنی ئەوەیش کە کورد، کوتەک موسڵمانە و بە زۆری زۆرداران دەسبەرداری دینەکەی خۆی بووە، حەزەکەم گوێ لەم شیعرە بگریت کە بۆتی دەخوێنمەوە:

ورمزگان ڕمان، ئاتەران کشان
وێشیان شارەدەوە، گەورەی گەورەکان
زۆرکار ئارەو، کردنە خاپوور
کنای پاڵەیی، هەتا شارەزوور
شن و کنیکا، وەدیل پشینا
مێرد ئازا تلی، وەڕووی هووینا
ئاین زەردوشترا، مانەوە بێکەس
پسیکا نیکا، ورمز وە هویچ کەس

له ئاینی یارساندا، ئەوە جەستەیە دەمرێت، نەک ڕۆح، کەسێک کە دەمرێت، ئەگەر مرۆڤی چاکەکار بێت، ئەوا ڕۆحەکەی دەفڕێت و دەچێتە جەستەی کۆرپەلەیەکەوە و جاری وایش هەیە، بەپێی پێویست دەچێتە گیانی هەڵۆیەک یان باڵندەیەکی ئێسکسووکی تیژفڕی وەک زیقاوڵەوە، لەوانەیشە ڕۆحی گوڵەی دایکی شەلەی شەوکێڵ، بچێتە جەسەتەیەکی ترەوە و دۆنایدۆن بکات و دواجار و ئێستا لە جەستەی کچێکدا گیرسابێتەوە و ناوی ئەم کچەش هەر گوڵە، گوڵێ، گوڵباخ، یان هەر ناوێکی تر بێت...

ئازا لایەکی لێ کردمەوە و زەردەیەکی هاتێ! خۆ ئەگەر وەک مەلای نووشتەکەر و بەدڕفتار بێت، ئەوا ڕۆحەکەی دەچێتە جەستەی بەرازێک، گورگێک، سەگێک یان پشیلەیەکەوە.

بەڕاستی من خۆم ناتوانم بڵێم، دۆنایدۆن ڕاست نییە، ئەم بابەتە قووڵ و بڕێک ئاڵۆزە، بەڵام یارسانەکان بڕوای ڕەهایان پێیەتی و قسەی زۆریش لەمەڕ هاتنە خەوی پیر و باوەکانیان دەکرێت و ڕێنومایییەکانیشیان، کە لە خەودا بۆ پێڕەوانیان دەیکەن، دێتە دی!

زۆرجار بیروباوەڕی پتەو، خەون و خەیاڵ دەکاتە واقیع، هەر بۆ نموونە: کێ نایەژێ، ئەم خەون و خەیاڵەی تۆ بۆ سەرفرازی، نابێتە واقیع! ئەمە بابەتێکی جەوهەرییە و دەبێت بیری لێ بکرێتەوە.

ئازا پرسی: ئێ باشە، ئەی شێخە ماسیخۆر و دۆستی فریشتەکە چۆنە؟

ژنە دەروێشەکە زۆر جوان دەبێت، بۆیە ناویان لێ نابوو

فریشته جوانەکەی لە عەقڵ بەدەر، ئافرەتێک ڕێک نەفەرتیتی!

نەفەرتیتی کێ بوو؟

نەفەرتیتی... نەفەرتیتی، کچی مەلیکی مەملەکەتی میتانیی حووری بووە و پەیوەندیی سیاسی و ڕۆشنبیریی لەگەڵ فیرعەونی میسردا هەبووە، جارێ بە دیاری نەفەرتیتی کچی دەنێرێت بۆ فیرعەونی میسر... گوڵاڵەی کەنیشکی مەلا بیلال بڕوانە، ئەو نەفەرتیتییە و بە کەمێک زیادیشەوە! ئازا نیمچە شەرمێک دای گرت و سەری داخست.

+++

بەیانی لای شێخ قاوەڵتی دەکەین و ماڵ و تەکیەت هەر ئاوەدان بێ یا شێخ. شێخ وتی: با بە تەرەکتۆرەکە بتانگەیەنن.

من وتم: هەر زۆر باشە، فارس قسەیەکی هەیە دەڵێت: سواری کێری کەرێک ببە، نەک بە پێ بڕۆیت!

شێخ خیلی بردەوە و وتی: پێم لێ مەبڕن.

بە تەرەکتۆر، لێرەوە بۆ دێی گوڵجار سەعاتێکی پێ نەچوو، گەیشتینێ و تەرەکتۆرەکە ڕاوەستا.

ئازا خۆی ئازا، ئازا کوڕێکی باڵا مام ناوەنجیی دەستومەچەک ئەستووری کەمدوو و بیرکەرەوەی ئازا. ئازا بە بارێک ئاسنەوە، بەسەر قوڕگیرکەوە گورج بووەوە، دوو-سێ جار هەردوو باڵی تا سەرشانەکانی بۆ جووڵاند و وەک ئەوەی هەڵۆ بێت و باڵ بگرێتەوە، ئاوا باڵی گرتەوە و بەسەر زەوییەکەوە نیشتەوە، ئینجا باوەشی بۆ منی نیمچە گۆد کردەوە و منیش خۆمم دا بە

سەرشانیدا و دابەزیم. کاتی پشودان نەبوو، بەڵام بۆ ئاو بە دەموچاوداکردنێک، لامان دایە سەر کانیاوی مزگەوتەکە. مزگەوتێک وەک زۆربەی زۆری مزگەوتی ئاواییەکان بەسەر تەختاییەکی نزیک بە کانیاوێک ڕۆنرابوو، شڵپ شڵپ بە گوێل ئاومان دا بە دەموچاومان دا و بەدەم خۆفێنککردنەوەوە سەرگەورەی دێی (کانی گوڵ)، پیاوە چوارشانە سەنگین و ژیرەکەم وەبیر هاتەوە: لاوخاس، ئەو پیاوەی کە خەڵکی ئاواییەکانی دەوروبەریش ڕێزی تایبەتیان دەگرت و ڕاوێژیان پێ دەکرد.

# (لاوخاس و یەز)

تۆی ژیر و فامیدە چەنێ ڕقت لە داگیرکەری نیشتمانەکەتە، سەرەک عەشرەتەکەی (لاوخاس) دوو ئەوەنە و بگرە زیاتر قینی لە گەنجی خوێندەوارە. ڕۆژێک باوکی لاوخاسی لاو، خۆی هەڵدەکات و سواری ماینەشێ دەبێت و دەچێتە دیدەنی سەرەک عەشیرەتەکەی، دوای پشوودان و نانخواردنی نیوەڕۆ، بە سەرەک عەشرەت، جا خۆی هەر بۆ ئەم مەبەستە چووبووە لای، دەڵێت:

قوربان هاتووم ڕا و تەگبیرێک بکەین و بچینە شار و داوا لە دەسەلاتی میری بکەین تا بۆ ئەم چوار پێنج دێیەمان قوتابخانەیەک بکاتەوە و منداڵەکانمان بنێینە بەر خوێندن، ئاخر بە خوا گوناحە ئەم بڕکە ئاواییە دوو خوێندەواری تێدا نەبێت. بێ سێ و دوو، سەرەک عەشرەت پێی دەڵێت:

ئەوە بەڕاستتە، وا مزانی پیاوێکی زۆر ژیر و ئاقڵیت، گەرەکتە منداڵەکانتان لە خۆتان ژیر و وریاتربن! دانیشە بە دەردی خۆتەوە دانیشە، خوا خراپتان بۆ نەکات، ئەگەر منداڵەکانتان فێری کتێب خوێندنەوە و قسەکردن بن، لێتان هەڵدەگەڕێنەوە و ڕوو دەکەنە شار، شاریش یەعنی جێی قاچوقول ڕووتکردن و بەدفیعلی، دواییش کە لێتان دوورکەوتنەوە، کێ دەکەنە شوان و گاوانی پەز و گاگەلەکانتان؟ کێ جووتتان بۆ دەکات و خەلە و خەرمانتان بۆ هەڵدەگرێت؟ کێ خزمەتی دیوەخان و میوانەکانتان دەکات، ئەم

نیـازەی لای مـن درکانـدت، بـا هەر لە دڵـی خۆتـدا بمێنێتەوە و لای کەسی تر نەیەژیت.

دواجـار بـاوکی لاوخـاس بە نائومێدیی دەگەڕێتەوە، بەڵام خـۆ ئەم کەڵەپیـاوە ژیـر و خۆنەویسـتە دەسـترۆیە، هەر هیچـی پـێ نەکرێت، دەتوانێت کـوڕە خۆشەویسـت و تاقـانەکەی خـۆی بنێـرێتە بەر خۆێندن لە شار و خەرجیی باش و ڕێوجێی باشیشی بۆ دابین بکات. هەر وایشـی کـرد، ئەوە ئێسـتا لاوخـاس پیـاوێکی خـوێنەواری فـرە باشـە و سـەری لە زۆر چـت دەردەچێـت، تەنـانەت دوای چواردەی تەمموز، چەند ساڵێک لەناو حیزبی شـیوعیدا و لە ڕێی یەکێک لە مامۆستاکانی قوتابخانەوە خـوو دەداتە خوێندنەوەی ئەو بڵاوکـراوە و ناميلکـانەی، کە بەر دەسـتی دەکەوتـن. ئێسـتا ئەو پیـاوێکی کـوردپەروەر و وەک زۆربەی شـیوعییە کوردەکـان، موسڵمانێکی نوێژ و تاعەتدروست و خواناسە!

+++

کـانی گـوڵ گونـدێکی دوورەدەسـتی شـارە و بە بەر لـووتی تەپۆڵکەیەکەوە، کە دەڕوانێتە سەر هەردە و هەڵەتەکەدا، بڕێ مـاڵی لەخۆگرتـووە و مزگەوتەکەشـیان نزیـک کانیـاوێ ڕۆنـراوە، کە دێکەیـان ئـاوەدان کردبـووەوە، بـاپیرەی لاوخـاس بە بـرا و کەسوکارەکانی وتبوو:

ئەوە ئـاوی زۆر و ئێرەشـمان ئـاوەدان کـردەوە، ئـاواییش بـێ مـزگەوت نابێـت و مـزگەوتیش بـێ مەلا، دێـو و درنـج و جنـۆکە دەیکەنە ماڵی خۆیان و زاوزێی تیا ئەکەن، ئەوساکەش خوامـان لـێ

ئەڕەنجێت. باوکی لاو خاسیش بۆی زیادکردبوو: ئەگەر مەلایش نەبێت خوا ڕێی کاری چاکەمان هەر پێ پیشان دەدات، بەڵام خراپ نییە مەلایەکمان هەبێت بۆ بەرنوێژی و تەراویحی ڕەمەزان و قاقەزنووسین و خوێندنەوە، کورە چوزانم، وردە فتوایش، جا ئەگەر مەلا ئیشی خۆی زانی، ئەوا باشە، ئەگەر نەیزانی، خۆ لە گولێ کاڵتری پێ نایەژین و پارەی ئەدەینێ و لە مزگەوت دەری ئەکەین.

بۆیە ئیتر لەو ڕۆژەوە ئەم دێیە بێ مەلا نەبووە و هەر لەبەر خاتری خوا، مانگی جارێک چەن گەنجێک دەچن ڕایەخەکانی دەردەهێنن و لە حەوشەکەدا تووڵتەکێنی دەکەن، تووڵتەکێنێکی بە دڵ و داو، کە لێتدەڕوانی سوێندت بخواردایە و بتوتبایە ئەم ڕایەخانە تازە لە کارخانە دەرچوونە، سوێندەکەت نەدەکەوت، دوای تووڵتەکێن ئەنجا پخت و پاک دەیبەنەوە ژوور و جوان، لە جاران جوانتر ڕای دەخەنەوە.

لە تاف و هەڕەتی لاوێتیدا باپیری لاوخاس، سەدان گوناحی گەورە و بچووکی کردووە و بە چاوسوورکردنەوەی پیرێکی سپیپۆش، کە هاتبووە خەوی، لە ڕابوردووی خۆی پەشیمان دەبێتەوە و پەنجەی خۆی دەگەزێت، ئینجا بە یەک تۆبەی نەصووحانە، خودا لێی خۆش دەبێت، ئیتر ئەو پیاوە تا مرد سەری بچووایە نوێژێکی نەدەچوو و دەیانوت، زۆرجار بەسەر بەرماڵەوە، کە لە خودا دەپاڕایەوە و دوعای دەکرد، بە کوڵ دەگریا و بەخوڕ فرمێسک لە چاوانی دەباری. من لە دەمی ئەم لاوخاسەی کوڕەزایەوە، لەو حەمکە سەرکێشی و ستەمەی کە کردبوونی، دوو بەسەرهاتتان بۆ دەگێڕمەوە.

له دەمــی هەرزەکارییەکەیـدا جـاریٚ ڕێـی دەکەوێـتە ئـاوایییەک و شەوی بەسەردا دێ، ناچار لا دەداتە ماڵێک و بە خاوەنمـاڵ دەڵێت: باش خزمەتی ئەسپەکەم بکەن.

بۆ بەیانی، کە ڕۆژ دەبێتەوە و قـاوەڵتی دەکـات، ئەسپەکەی بۆ زیــن دەکەن و دەیهێنـنە بەر دەرکــی حەوشــە، ئەو ئەســپەی کە لە کــوڕە تاقــانەکەی، بگــرە لە هەردوو چــاوی خــۆی پتــری خــۆش دەویســت، دەبینێت، چی ببینێت باشـە! دەبینێت ئەسپی تایـەن هەر چوار پەل و لمـووز و بڕێکی بـاش لە یاڵیشـی غەرقی ڕیـخە، ئیتر کابرا هۆردوو چاوی دەپەڕێتە تەوقی سەری و بە خاوەنماڵ دەڵێت: کەری کەرانباوگاو، ئەسپەکەم بەری خستگە و هەر ئیسـە گەرەکمە بەرەکەییم بۆ بووژێری!

ئیٚ خـاوەن مـاڵیش چـاکی دەناسێت و ئەزانیٚ ئەمە چ بەڵایەکە، بۆیە بیٚ سیٚ و دوو دەڵێت: قوروانـووم لالە شـەرمەزارم، چەنێکت گەرەکە بوودەمیٚ؟

هیچ، مـن چـاوم وە پیـاوی ترسـنۆکا هەڵنـایە و دەسـی خۆیشـمی پیوە پیس ناکەم...

کەڕەتێکی تر قینی لە خاڵۆی خۆی هەڵدەسێت و لە مەجلیسـێکدا پەلاماری دەدات و خنجێرە دەبانە تیژ و زاخـدراوەکەی لە پشـتملی گیردەکات، خەڵکەکە دەچن دەستی بگرن و پێی دەڵێن:

نەکەی کـورە نەکەی لالە بـیکەرە خـاتری خـوا نەکەی، شــەیتان نەخەوتووە.

لالە دەڵێت: جا ئێوە هەقتان پێوە چییە باوەحیزانە، لالەی خۆمە و ئەیکەمە قوروانیی.

ئەیوت چۆن زەلێک بهێنیتە پشتەملیدا ئاوا دەستی بۆ سووک کرد و بەخنجێرە دەبانەکەی دەستی، کیڕیکی پێداهێنا و خەتێکی سووری بە پشتەملی خاڵۆ خەلیفەوە بەجێ هێشت.

بەین نا بەینێ، لەسەر وەسیەتی باپیری، لاوخاس بە خەڵکی ئاوایی دەڵێت:

ئێرە ماڵی خوایە و ئەبێت ڕێک وەک کەعبە پاک و تەمیز ڕابگیرێ. ئاخر لاوخاسی کەمدوو، کەمێ ڕووگرژیش بوو، کە لێت دەڕوانی خەمێکی قورست لە ڕووخساریدا دەخوێندەوە، بۆ پشووودان و حەسانەوە و خۆدوورخستنەوە لە قیژە و هەرای نەوەکانی و باڕە و باعەی بزن و مەڕە پەککەوتەکانی ماڵ، زۆر جار دەچووە مزگەوت و لەبەرهەیوانە پان و پۆڕەکەیدا، ڕوولە شەماڵ دادەنیشت و سیگاری دەکێشا و بیری دەکردەوە.

کەڕەتێک وەسیەتی باپیری دابووە بای گوێی خەڵکیدا و بە بیری هێنابوونەوە، مەلای تازە دامەزراویش قسەکانی بۆ سەندبووەوە وتبووی:

هەر ئەوێ واوێ، ڕاسە خوا خۆی ڕووی تێ ناکا، بەڵام بە ئەو بانی سەرەوە ئاگای لێیەتی و ئەماندوونێ چۆن چۆنی خزمەتی ماڵەکەی ئەکەین، ئەو خوای تەبارەک وەتەعالا گشت شەوی جومعەیە دوو مەلایەکەت ئەنێرێتە خوارۆ، ئەوانیش لە چاوتررووکانێکا ئەگەنێ و ناو ئەم ماڵی خوایە، خوای هەردوو لامان، وە چاوە گەشەکانیان گشت کون و کەلەوەرێک ئەگێڕن و خەوەر بۆ خوا ئەوەنۆ، بنیادەم، مەلایەکەی خوا وە چاو ناوینێ، چونکە وەک خۆی لە نوور خەلقیانی کردگە، بۆیە هەمەش نایانوینین، ئێ

خۆ خوا خۆی عەلیم و خەبیرە، بەڵام ئەی ئەم حەمکە مەلایکەتەی بــۆ چیــیە، کــورە عیشـــێکیان هەر بــۆ ئەدۆزێتــۆ، ئــاخر ئەگەر نەیانخافڵێنی، وەک بنیادەمی سەر ئەم زەوییە ئەنیشنە زک یەک.

مەلا بـۆ خـۆی ژێـر بـوو، عەقڵـی خەڵـکەکەی خوێنـدبووە و بەم قسانەیشــی، قســەکردنی لەم بــابەتە دینییــانەی لە کــۆڵی لاوخــاس دەکردەوە. لاوخاس لەبارەی ئاین و نوێژ و ڕۆژوو و ئەم بابەتـانە پێویسـتیی بە قسـەو ڕێنومـایی و وەعـزی مەلا نەبـوو، مەلایـش ئەم شتانەی باش دەزانی، بەڵام لە مەجلیسدا، کە دەهاتە قسە، لە ترسـی لاوخاسـدا، کەس حەددی نەبـوو مەلا ڕووشـکێن بکـات، کەچـی بـۆ خــۆی و دوو بە دوو، جــار جــار نیوەشــۆری دەکــرد. بەرلەوەی خەڵـکەکە مەجلیس چۆڵ بکەن، لاوخـاس شـتێکی وەبیرهـاتەوە، کە دەبووا بیڵێت و نەیوتووە، لەپڕێکا وتی:

ئـەها گـوێم لـێ بگـرن، بـۆ خۆتـان، بـۆ میـوان و خێـرو مەولـوو، گەرکتانو خوێن بڕێژن، ئیتر خوا مەکرد مـامرێ، بزنـێ، گوێرەکەیە، گـایە، گـامێش و کورە وشتریشـوێ، وەبـێ ئیزنـی مـن چەقـۆ نـانێنە ملی، خۆمیش لە ماڵا نەووم، وە یـەز بێژن بۆتان سەرەوڕێ، باشـە؟ باشـە...

ئینجـا لە دڵـی خۆیـدا وتـی: بـاش بـوو لە بیـرم نەچـوو، خـۆ هەر پێمەوتن، بەڵام پەلەی لێ بکەم باشە، با کوڕە ترسـی لە خوێنڕشـتن بشکێ.

ماوەیەکە لاوخاس کەیفی سازە، کوڕگەل سەریان هەڵداوەتەوە... شــەوێ دووان، گــوڕگەل هــاتن و ســەردانێکی ســەرپێیان کــرد و پەلەیان بوو، دانەنیشتن و ڕۆیشتن.

جا با تۆ ئەشقایش بیت، ئەگەر ئەم قسـە و مناقیب خوێندنەوە و درێژدادڕییەی، مەلا لەوێدا و لە گردبوونەوەی خەڵکەکەدا کردی، لە دیوەخانیشدا بیکات، ئەبێ سەرێکی هەر بۆ بلەقێنیت، خۆ سەریشی بۆ نەلەقێنیت ئەبێ بێدەنگی هەڵبژێریت، ئاخر کێ ئەو پڕکێشییە دەکات، لە دیوەخانی لاوخاسدا بە مەلا بڵێت: ئەم حیکایەتە عەقڵ نایبڕێ! کەس زاتی ئەوە ناکات لەم بارەوە و بە ئامادەیی لاوخاس قسە لە قسەی مەلا بدات، نەک تۆ، مارکسەکەشت بەو مارکسییەی خۆیەوە زیندوو ببێتەوە و بە جەولە ڕێی بکەوێتە دیوەخانی لاوخاس، لەم بارەوە و لە باس و حیکایەتی خوا و مەلائیکەوە، ناوێرێ بڵێت لەل، بەڵام کوڕە تازە دەسبەکاربووە نائاشناکەی سروشتی لاوخاس، کردی.

جارێکیان گەنجێکی لە دەوڵەت یاخی و لاوخاس-نەناس، کە دوای پیلانە چوارقۆڵییەکە، تا ئەو دەمە گوم بوون و ئێستا تازە سەریان هەڵداوەتەوە، ئەو دەمە لێرە و لەوێ دوو دوو و چوار چوار دەیانوێرا بە ڕۆژ بگەڕێن و بە دەرکەوتنیشیان لاوخاسی گەشاندووەتەوە، کوڕەی یاخی دێتەماڵی لالۆ و مەلایش وەک پیشە و ئەرکی دینیی خۆی، پێش کادر قسەی کرد، دوای فەرمایشتەکانی مەلا، کاکی لاوخاس نەناس، باسێکی دوورودرێژ و بێسەروبەری شۆڕشی نوێ، بە بیری تازەوە بۆ کردن و داوییش وتی:

موهیم ئەوەیە تۆ چەپ بیت، ئیتر ماوی بیت یان لینینی، قۆجەیی بیت، هەرچی بیت، خوا مەکرد تۆ ترۆتسکی و ڕیڤیژنیزم دەبوویت! موهیم ئەوەیە تۆ مارکسی بیت. مارکس دەڵێت: دین میللەت گەوج دەکات، لینینیش کە یەکەم قوتابی بلیمەتی مارکس بوو، ئەویش هەر

وای فەرمووە.

مەلا ویستی ئەستەخفیرەڵڵا بکات و بێتەگۆ، لاوخاس پێی وت: تۆ دەنگ...

ئیتر مەلا چووە قاوغەکەی خۆیەوە و بێدەنگ بوو.

لاوخاس پیشی خواردووەتەوە: ئێی بێژە بزانم چی تریان وتگە؟

وتوویانە خوایش نییە و ئاغا و بەگزادە و موختاریش زەوی و زاری جووتیاریان داگیر کردووە و ئەبێ شۆڕشی پرۆلیتاریا هەڵگیرسێت و زەویی بگێڕدرێتەوە بۆ خاوەنەکەی خۆی، ئیتر دادپەرەوریی ئاوا دێتە ئاراوە، فەلسەفەی مارکس بۆ مرۆڤ تاکە ڕێگە و دواچارەیە.

باشە چی تریشی وتووە؟ ئادەی با بزانم تۆ چی یەژیت؟

جا وەڵا، مادام ئەو وای فەرمووە و قوتابییەکانیشی هەر وا دەڵێن، منیش دەڵێم هەر دەبێ وا بێ، ئەی چۆن؟ خەڵکی لەسەر دینی پاشاکانیانن، دینی ئێمەیش دینی مارکسییەتە.

یەعنی تۆیش یەژی خوا نییە و گشت گەورە پیاوانی خواناسی سەر ڕووی ئەم بساتە زاڵم و زۆردارن؟

کاکی دەمەهەراش، لە فیکەی خۆی تێ دەگات، بەڵام پاشگەزبوونەوەی پێ عەیبە، بۆیە یەژێ:

ئەی چۆن.

ئەی چۆن یانی چی؟ پێم بێژە مەخسەدت لەم ئەی چۆنە، چییە؟ بێژە پێم داخۆ، خوا هەس یان نییەس؟

ئێ ئەوان هەر چییان وتبێ، وایە.

ئادەی بۆم دووبارە بکەرۆ.

لاوخاس وای وت، بەڵام تۆنی دەنگی بۆ زبر و گڕتر گۆڕا.
دەی چی بڵێم ئیتر، ڕەئیسی حیزبمانیش هەر وا دەڵێ.
جا بێ ئەم کەرە لەو قوڕاوە دەرکە...
لاوخاس دەست دەداتە گۆچانەکەی، بۆی هەڵدەستێتە سەر چۆک و پەلاماری دەدات، بەدەم پەلاماردانییەوە دەڵێت:
هەی بەڵام دا لە خۆت و لە ڕەئیسی حیزبەکەت، ئەوسا لە مارکس و لینینیشت، هەی لات ڕەشەوەبێت، بۆ خۆت و ئەو کوردایەتییە کە بۆمانی ئەکەی، کورە ئێوە هێشتا جێی پێی خۆتان قایم نەکردگە و لەلای ئەم خەڵکە نەگبەت و خواناسە، یەژی خوا نییە و دینیش تلیاکە! ئا خۆتم بۆ بگرە. ئیتر کوڕەی مارکسی وا تەنگەتاو دەبێت، جانتاکەی جێ دەهێڵێت و هەڵ دێت، لاوخاس بە ئەو دوو گەنجەی کە لە کاتی هاتنی میوانـدا، لە دیوەخانەکەدا دەست لەسەر سینگ ڕادەوەستن بۆ خزمەتکردن، دەڵێت: ئەو توورەکەیەی بۆ بووەن، نەوەک چتی نهێنیی خۆی و خەڵکی تیاوێ.
زۆری بێ نەچوو هەر لە نزیک دێی کانی گوڵ، چەن کۆپتەرێک لە دەستەیەک هاوڕێی کاکی خوانەناس و لاوخاس نەناس تایین بوون و هەموویان بوون بە قوربانی...
لاوخاس کە ئەم هەواڵەی پێ دەگات، خۆی پێ ڕاناگیرێت و دەداتە پرمەی گریان.

+++

وەرزەکانی تر هەر نەیسە، بەڵام لە هاویندا ڕۆژووگرتن بۆ لاوخاس سەختە، هەر چۆنێ بێت، پیاو بەرگەی برسێتی و

تینوویەتی دەگرێت، بەڵام سیگارەکە، خۆ ئەگەر لە ترسی قسەی خەڵکی نەبووایە، لاوخاس لە هاویندا ڕۆژووی هەر نەدەگرت، کورە بەخوا بەهاریش ڕۆژەکەی درێژە، ئەمانە هەمووی لە خەیاڵی لاوخاسدایە و نایەوێ ڕاستەوخۆ بیداتە بای گوێی مەلادا.

چەند رۆژێکی تریش ڕەمەزانە، ئەرێ مەلا ڕۆژوو بە جێرە ئەشکێ؟

ئەی چۆن ناشکێ لاوخاس، توخوا ئەوە قسەیە، بۆ خۆت نازانی ئەشکێ؟

چوزانم.

دوای چەن ڕۆژێکی تر دیسان هەمان پرسیار لە مەلا دەکاتەوە و هەمان وەڵام ورەدەگرێتەوە.

دەی من مەلایەکی دوانزە عیلمی هاوڕێم جارێ دوو بە دوو پێی وتم، ڕۆژوو وە جێرە ناشکی، خۆ مەلای دوانزە عیلمیش بوو و تۆیش سێ عیلمیت، چۆن ئەو یەژێ ناشکی و تۆ یەژیت ئەشکێ؟ باشە لە سەردەمی پێغەمەرا تووتن بوو؟ ئەی لە قورعان و حەدیسا یەژێ، وە جێرە ڕۆژوو ئەشکێ؟ ئێ مەلا من دووکەڵ هەڵ ئەمژم، خۆ ئاو ناخۆمۆ، خۆ گوشتی کەڵەکێوی و مرخاو ناخۆم؟

مامۆسا ئەولفەتاح یەژێ ئەشکێ. مەلا وا وەڵامی لاوخاسی دایەوە.

ئەی خوا لە قورعانا نەیفەرمووە، خۆتان وە دەستی خۆتان مەخەنە تالوکەوە، دەی من ئەگەر دە دوانزە سەعات جێرە نەخۆم، کوێراییم داتێ، ئەی ئەوە تالووکە نییە؟

دەی باشە، هەر وەختێ حەزم وە جێرەوە بوو، بانگتەکەم

وەیەکۆ ئەچینە مزگەوت و یەک دوو جێرە ئەخۆم، خوامەوخواسە کەسێ لە دەمت ببیسێ...

مەلا ڕەنگی دەپەڕێت:

جا من حەقم پێتۆ چییە، منیش نەیەژمی، خوای بانی سەر ئاگای والێت.

باشە ئێوە هەر یەژن خوا بۆیە ڕۆژووی فەرز کردگە تا دەوڵەمەن حاڵی برسی بزانێ، ئەی فەقیر بۆچی ڕۆژوو بگرێ؟ تا بمرێ؟ ئەی من جێرە بخۆم یا نەیخۆم؟ دەی هەر لێی گەڕێ خوا خۆی ئاسانی ئەکا.

لاوخاس خاوەنی دێیە، سەرگەورەی ئەو بڕکە خەڵکەیە وا لەم ئاواییەدا دەژین، بکوژ و ببڕ خۆیەتی و بەس، بە هیچ شێوەیەک قسەی ڕەت ناکرێتەوە، ئەم پیاوە تەنانەت خۆی بە خاوەنی مزگەوتەکەیش ئەزانێ، جا بۆ نا! ڕاستە ئەم مزگەوتە ماڵی خوایە، بەڵام بە فەرمانی باپیرەی ئەو بونیادنراوە و بە ماندووبوون و ڕەنج و بازووی کوڕ و کەسەکانی خۆی ساڵانە سەربانی دوو سواغە دەکرێت و بە قوڕەسوورە ڕووی دەرەوەی بە دەسماڵێک سفت و لووس دەکرێت.

ئەم پیاوە بە گوڕ و چاپووکە، لە کاتی تووڕەبوونیدا دەچووە پێست و کلێشەی باپیرەی دەمی هەرزەکارییەوە و تەڕو وشکی پێکەوە گڕ تێبەردەدا، کاتێکیش کە دەچووە خەڵوەتی ڕۆحییەوە و قووڵ تێدەفکری و بیری دەکردەوە، ئیتر دەبووە باپیرەیەکی تۆبەکار و خوداناس و گرینۆک، ئەو هەمیشە گاڵۆکێکی بەڕووی بە دەستەوەیە، ئەو گاڵۆکەی لەگەڵ خنجێرێکی دەباندا، کە لە

باپیرییەوە بە میراتی بۆی ماوەتەوە، وەک و هەردوو چاوی خۆی دەیانپارێزێت، بە گۆچانەکەی دەستی، بەردی بەر پێی خۆی پێ لا دەدات و جارجاریش کەمەی گۆچانەکە دەنێتە سەر نەڕەی شانی، لە کاتی بێتاقەتیدا خۆی بەسەریدا دەدات، ڕانە مەڕیشی پێ ڕادەدات، هەڵبەت کاری تریشی پێیەتی، هەر بۆ نموونە، ئەگەر ئافرەتێکی بینی لە کاتی ماڵینی پەچای ڕاندا چارۆکەکەی لە پشتەوە تا خوار کلۆکی دانەپۆشی بێ، ئەوا چەند جارێک نووکە گۆچانێک بە بەردێکدا دەکێشێت و ئیتر تەواو! یان جارێ لە جاران لاساری و بزێوییەکی لە هەرزەکارێک بدیبایە، نووکە گۆچانێکی پێوە دەژەند و پیی دەوت: ئاقڵ نەوی خراوت پێ ئەکەم، میرازت ئەکەم میراز.

ئیستاش کەس نەیزانی لەو خراپ پێ کردەنە مەبەستی چی بوو.

مەلا کەمێ ئەولاتر کرووشکەی کردووە، با ئەوەم لەبیر نەچێت بێژمی، کە لاوخاس، خۆی بە ساحێب و بژێنەری مەلای دەستوپێ سپی دەزانێت، ئێ هەر وایشە، ئاخر لە پاڵ یارمەتییە جاربەجارە نەختینەییەکانی لاوخاسدا، ئەگەر زەکات و سەرفترە و سواڵ و ساقەی گوندیی نەبێت، خۆی و ژنە شێتۆکەکەی و کەنیشکە ژیر و خوێنەوارە شیرینەکەی، ساڵ بەسەر نابەن و دەمرن.

پاش نسکۆکە، لاوخاسی کۆنەمارکسی و کوردپەروەر، دەچێت بۆ حەج و دەگەڕێتەوە، بەڵام حەج نە بەخاس ونە بەخراپ کار لە بیروباوەڕی ئەم پیاوە ناکات و تەنانەت کەشیدە زەردەکەیشی نەکردە مێزەر و لە پشتیشی نەبەست، ئەو هەرگیز پێیشی خۆش نەبوو بە حاجی بانگی بکەن.

ئەو ڕۆژەی لە حەج دەگەڕێتەوە و دەگاتەوە ماڵ و ناگات،

گەورە و بچـووکی ئـاوایی دەچـنە پیـرییەوە و یەک لەدوای یەک دەستی ماچ دەکەن و ئەویش بۆنیان پێوە دەکات و ماچیان دەکات. چاو بۆ ژنەکەی دەگێڕێت، لەناو ئاپۆڕەی پێشوازیکەراندا دیار نییە، کەمێک دڵـی دادەخورپێـت، پاشـان خـۆی دڵـی خـۆی دەداتەوە و دەڵێت: ئەگەر نەمردبێت، ئەوا شەو تێری ماچ ئەکەم و بەخۆمییەوە ئەنووسێنم.

کە دەگـاتە بەر دەرکـی حەوشـە، خـانمی حـاجی ژن دەچێـتە پیـرییەوە و بە شـەرمەوە، شـەرمێکی ژنـانەی شـیرین، شـانی مـاچ دەکات، ئیتر لەوێدا، کە دەبینێت ژنە لە گوێزی ساغ ساغترە، حاجی وەک گـوڵ دەگەشـێتەوە. ڕاسـتە ئەو زۆر بیـری گەورە و گچـکەی خێـزانەکەی کـردووە، بـەڵام ئەوەنەی ڕۆژووانێـک لە هاوینـدا بـۆ قومێـک ئـاوا، تینـووی ژنەکەی و دۆی مـزری مەشـکەی سـەر کونـدەڵانەکەیە، بـۆیە دەڵێـت: ژنەکە یەک جـامۆڵکە دۆم بـۆ بێـرە و خۆتیش بێ بەرانبەرم دانیشە. حـاجی ژن دەڵێت: وەی بەسـەر چـاو و بەپەلە دەچێت پڕ کاسـە دارینـەکە دۆی بـۆ دەهێنێت و کەوچـکە دارینەکەش، کە بە دەستییەوە گرتووە، بۆ درێژ دەکات و دەڵێت:

((فەرموو حاجی.))

((کەوچکم نەگەرەکە و پێشم مەیەژە حاجی.))

((باشە حاجی.))

((یەژم مەیەژە حاجی... حاجی حاجی، بێ دانیشە.))

لاوخـاس جـامۆڵکە دۆکە دەنێـتە سـەرەوە و چـۆڕبڕی دەکـات و دەڵێت:

((ئـۆۆخەیش، لەم ڕێوبـانە دووردودرێـژە نەمـردم و هـاتمۆ،

ئۆخەیش.))

ڕۆژی پێشتر هەواڵ گەیشتبووە ئاوایی، کە حاجی بەیانی بۆ نیوەڕۆکەی دەگاتە جێ، بۆیە کوڕە گەورەکەی نەوەنێکی دابەستە سەردەبڕێت و ئیستا حاجی، کە گەیشتووەتەوە ماڵ، لە حەوشەدا یەک ڕیز قازانگ بەسەر ئاگرەوە جۆش دەخوات و نەختێکی تر شیو ئامادە دەبێت. لاوخاس لە برسانا لاکەی دڵی دێ:

((ئافرەت برسیمە.))

حاجی ژن بۆ پێشوازیی پیاوەکەی، کە دوو مانگە لێیان دابڕاوە و ئاوایی، دەڵێیت خۆڵی قەبرستانی بەسەردا بێژراوە، ئێستا مێردە خۆشەویستەکەی بە سەلامەتی گەڕاوەتەوە، وەک بووکی تازەدابەزیو، خۆی داوە لە تەل، بە ڕوویەکی گەشەوە دەڵێت:

((بەسەر چاو حاج، حە...))

لاوخاس چاوێکی تێ دەبڕێت...

((بەسەرچاو پیاوەکە، عەڵعان چێشتت بۆ تێرم.))

((چێشت ناخۆم، ماسمان هەس، ئەگەر هەسمان، نان و ماسێکم بۆ بێرە...))

ئەو نیوەڕۆیە خەڵکی ئاوایی لە ماڵی لاوخاس نان دەخۆن و هەر یەک بۆ ماڵی خۆی پەرتەی لێ دەکات.

ئەمڕۆ دوویەم ڕۆژی هاتنەوەی حاجییە، بۆیە خەڵکی ئاواییەکانی دەوروبەر بۆ بەخێرهاتنەوەی ڕوودەکەنە ماڵەکەی، شەوێ پیاوانی دێ کە هەموو قەوم و قیلەی خۆین، دێنە دیوەخان و تا درەنگانی شەو دادەنیشن و تاک و تەرایان، کەم کەم لاوخاس دەدوێنن و ئەوسا بەجێی دەهێڵن، ئەو کەسەی، کە لەگەڵ پیاوەکاندا

هەڵناستێت و بۆ پتر خۆشیرینکردن، کێچ چووەتە کەولی، مەلا بیلالە، بۆیە وەکو گورپە بازێک دەدات و لە لاوخاس نزیک دەبێتەوە، پشت دەداتە دیوارەکەوە و دەڵێت:

((یاخوا بەخێربێیتەوە حاجی.))

((گوێت لێ نەبوو بە ژنەکەمم وت، پێم نەیەژێت حاجی!))

((بەڵی قوربان، ئیتر منیش نایەژمی.))

لاوخاس دڵنیایە لە کوڕە گەورەکە و ژنەکەی، کە لەو ماوەیەدا، ئەم لێرە نەبووە، هەر شتێک ڕووی دابێت، بەوپەڕی دەست و دەم پاکییەوە بۆی دەگێڕنەوە، بەڵام چونکە سروشتی مەلا باش شارەزایە و دەزانێت کەمێ دەستی زیاد پێوەنانی هەیە، بۆیە دەیدوێنێت و دەڵێت:

((دەی مەلا بێژە.))

((وەڵا چی بێژم، یاخوا بەخێربێیتەوە و خوای بانی سەر لێت قبوڵ بکات.))

((لەوە گەڕێ، بێژە بزانم کێ هات و کێ ڕۆیی و چی بوو و چی نەبوو؟))

((ڕۆژێ پۆلێ لە کوڕگەل هاتن و دوو ڕۆژ لێرە دایان کوتا، دوای سێ ڕۆژ پۆلێکی تر هاتن سۆراغی ئەوانەی پێشوویان کرد، دوو ڕۆژی تری پێ چوو پۆلێ تر هاتن و وتیان قبوڵ ناکەین ئەم جامانی سوورانە  لە سنوورەکەی ئێمەیا تەراتێن بکەن و خەڵکمان لێ بڕەوێننەوە، وە قسەی خۆش هەوڵەدەین تا دووریان بخەینۆ، ئەینا شەڕ! دوایی بیستم کەوتوونەتە موفاوەزاتەوە و لێک جیابوونەتەوە.))

مەلا لەم بار و بابەتە زۆری ڕێسا و هیچی وای پێ نەما.

لاوخاس خەوی دێت، یان ڕاستتر وایە بڵێین، حەز دەکات خەوی بێت و دڵیشی نایەت بە مەلا بڵێت، دوو مانگە لە باخەڵی ژن دابڕاوم و تامەزرۆم، ئێستا مەلا و لاوخاس پاڵیان بە دیوارەکەوە داوە و یەک پشتی لێکیان جیا دەکاتەوە.

ئێ ئمێکی لاوخاس بەسە بۆ ئەوەی، مەلا جڵەوی بۆ شل بکات و بدوێ.

((ئم...))

((قوربان، فڵانە کەس هات و هەواڵی پرسیت.))

((مەمنوونم.))

((ئەو زەلامەی وا تۆ حەزت بە چارەی نییە، هات و بڕێ غەیبەتی موختاری دێکەی خۆیانی کرد.))

((ناجسنە.))

ئیتر لەم بابەتە و مەلا قسەیەکی خێری بە زاردا نەهات و هەرچی وت و ناوی هەر کەسێکی بەد ڕفتاری دەزانی، ئەگەر هیچی لێ نەبیستبن، ئەو بۆی هەڵدەواسین و بە لاوخاسی دەوت، ئەمیش هەر دەیوت ناجسنە، چونکە هەرتکیان ڕوویان لە دیوارەکەیە، ڕووخساری یەک نابینن و مەلا نازانێت لاوخاس خەوەنووچکەیەتی و بەئاستەم دڵی لای ئەوە.. ناوی چەن کەسێکی تریش دەهێنێت و ئەمیش جار نا جارێک، ئمێکی بۆ دەکات و دەڵێت، ناجسنە، ئیتر کەس نەما ناجسن بێت و ناوی نەهێنابێت بۆیە دەچێتە سەر ئایەت و فەرموودە و لاوخاسیش ئەم جارە بەڕاست شەکەتە و خەوبردوویەتییەوە، مەلا لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت:

((پێغەمەری نازدارمان فەرمووویەتی، ویستی بڵێ: (فرەوتن قورعانان خۆشە، ئیزنم دە بڕۆم)) و لاوخاس بە ئاگادێت و دەڵێت: ((ناجسنە.))

مەلا هاوار دەکات: ((لاو خاس کفرت کرد کفر! بیکە لە ڕای خوا، ئەستەغفیرەڵڵا بکە.))

((بۆ؟ کفری چیم کرد مەلا؟))

((من پێغەمەرم وت، پێغەمەر!))

((ئەستەغفیروڵڵا، گوناحەکەی وە ملی تۆ، هەڵسە بڕۆ و مەمووەرە سەر گوناحێکی ترا، هەڵسە بڕۆ و بەیانی بێرۆ، هەڵسە خەوم تێ.))

جا جگە لەوەی لاوخاس لە حەج هاتووەتەوە، هاوکات ئەمڕۆ بۆ زۆرێک دیسان جەژنی قوربانیشە و گوندنشینانی دەوروبەر بۆ خێرهاتنەوەی حاجی، بە جل و پۆشاکی پاکەوە ڕوودەکەنە دێ. دیوەخان لە ڕۆژانی ئاسایی زیاتر لە میواندا جمەی دێ، ئەرکی (فەهد)ی کوڕە گەورە، پێشوازیکردنە و (ملکۆ)ی کوڕە ناوەنجی سینی سینی ئاوی مووارەکی زەمزەم دەگێڕیت و (سیروان)ی کوڕە بچکۆلەیش خاولییەک لەو خاولییانەی کە باوکی لە بەغدا کڕیونی، داوەتە سەرشانیدا تا دوای ئاوخواردنەوە، پیاوەکان دەم و سمێڵی پێ بسڕن، بەڵام برێک لەوان لەجیاتیی دەم سڕین، خاولیی مووارەکی ماڵی خوا، ماچ دەکەن و دەهێننە بان چاویاندا.

یەکێ لە پیاوماقوولانی میوان، گەرەکیەتی هەنگاو هەنگاو، هەر لە بەغداوە تا دەگاتە مەککە و مەدینە، حاجی ورد و درشتیان بۆ باس بکات.

ئێ حاجی باسی سەفەرەکەت؟ ڕێوبان، مەککە و مەدینە، خاس و

خراو...

((مەکــکە و مەدیــنە خــراو نیــیە، بەڵام شــەیتانەکەی ئەویٚ، ئەو شەیتانەی، کە خۆشەویستی خوا بوو و لەعنەتی لیٚ کرد و کردییە بەڵا بەســەر گرۆی موسـڵمانانەوە، لەویٚش هەس، ئیٚ ئەگەر نەویٚ، چۆن خەڵکی دزی لە میوانی ماڵی خوا ئەکەن...

ڕیٚوبانیش فرە دوور و دریٚژ و پڕووکیٚنەرە، لەو سارا وشک و بـرینگەی عارەوسـانا تەپوتـۆز بنیـادەم کویٚرەکـا و لە بـیٚ ئاوییـدا کوڕکوڕی تیا ئەخنکیٚ، نازانم ئەو حوشترەوانانە چۆنی تیا گوزەران ئەکەن، یەژن لە دووری ڕیٚگـــاکە کانیـــاو و بـــڕیٚ ســـەوزایی و وشـترخوار هەس، بەڵام مـن بەچـاو هـیچم نەدی... کـورە مەککە و مەدیـنە ئەکەمە قـوروانی شـارەکەی کـاک ئەحـمەوی شـیٚخ و پیـرە قەڵای هەولیٚر، جا خۆ من هەولیٚریشم نەدیگە...

دە بەخــوا قەســەم ئەو ســارای عــارەوەم لــیٚ تــاپۆ بــکەن وە عانەیەک نەمگەرەکە، کەمیٚ تیٚفکرین باشـە قەومەکە... تیٚفکریٚن، خـوا ئەو ســــارایەی بە ئەوان وەخشــــیوە و قــــۆپی قەراخ و شــــلیٚر و ناوخوانیش وەهەمە.))

زۆربەی قسە و باسەکانی لاوخاس بە دڵی مەجلیس نەبوو، بۆیە لە کـورتی بڕییـانەوە و کپـی بـاڵی بەسـەر دیوەخانـدا کیٚشـا، پیـاو ماقووڵی ناو مەجلیس، کۆخەیەکی بۆ کرد و قوڕگی پاک کردەوە و وتی:

((کوڕینە نەڕۆین؟))

هەمـــوو جـــووتەپیٚ هەڵســـان و لەبەر دەرگەکەدا فەهـــد، هەر میوانیٚــک و تەزوییەکــی دەنــک ســووری گوڵەنــگ کەســکی دایە

دەستیان و کڵاوێکی زەردی حاجییانی کردە سەریان و بە ڕێی کردن.

ئێستا لاوخاس ماندوویەتیی دەرچووە و سەردانیکەری داویەتی لە کزیی و حەزی بە دیتنی مامۆستا ئەولفەتاحی ئیمام و وتاربێژی شارۆچکەیە. ئەو مامۆستایەی کە قورعانی بە مەلا بیلال خەتم کردووە و دەرسی زانستی ئیزهار و کافی و دوو زانستی تریشی داوەتێ. ئەم حەزەی خۆی بە مەلا بیلال وت و ئەویش پێی گەشایەوە و وتی: من حازرم...

بەیانییەکی زوو دەکەونە ڕێ و بۆ چێشتەنگاو دەگەنە جێ و دەچنە خزمەتی مامۆستا. قەیرێکی لا دادەنیشن و لاوخاس دیارییەکەی کە عابایەکی سورمەیە، پێشکەشی دەکات و مۆڵەتی ڕۆیشتنی لێ دەخوازن. بەرلەوەی لە ماڵ دەرچن، موستەعیدێک، کە زۆری نەماوە مۆڵەتی مەلایەتی لەسەر دەستی مامۆستا وەربگرێت، بە خۆی و کابرایەکی لادێییەوە دێنە ژوورەوە، موستەعید بە مامۆستا دەڵێت، کە ئەم کابرایە تەڵاق هاتووە بە دەمیدا و پێیشم ناڵێت سوێندەکەی چۆن خواردووە! مامۆستا داوا لە کابرا دەکات تا چۆنییەتی و چییەتی لێقەومانی خۆی و سوێندخواردنەکەی بۆ باس بکات و تەڵاقەکەیشی چۆن خواردووە بگێڕێتەوە. کابرا بە دوور و درێژیی باسەکەی، کە زۆر بێتام و ناشیرین بووە، دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

وتم: ((ژنەکە سێ تەڵاقەی من (دەست دەخاتە سەر سینگی خۆی) لە تۆ کەوتبێت و (دەست بۆ مامۆستا درێژ دەکات) بە هیچ شێخ و مەلایەک چاک نەبێتەوە.))

موستەعید، کە چەند مانگێکی تر دەبێتە مەلای دوانزە عیلم و لە تەمەنیشـــدا چەنــد ســالێک لە مامۆســتاکەی خــۆی گەورەتــرە و زۆریشـی خـۆش دەوێ، بە کـابرای تەڵاقخـواردوو دەڵێـت: ((هـۆش کەرە هۆش))، ئینجا ناهێڵێت مامۆستاکەی بێتە گۆ، دەڵێت: مامۆستا ئەمە ئیشی منە و تۆ لێی گەڕێ بۆ خۆم.

دەی باشە تۆ بۆی چاک کەرەوە.

موستەعید بە کابرا دەڵێت: بچۆ بۆ بازاڕ دوو کەللەشـەکر بکڕە و وەرەوە. کـابرا دەڕوات و تـا دێتەوە، موسـتەعید هەمـوو شـتێکی پێویسـت بە چـاککردنەوەی تەڵاق ئامـادە کـردووە. کـابرا بە دوو کەللەشەکرەوە دەگەڕێتەوە و لە خۆشیدا پێی ناکەوێتە سەر زەوی.

موسـتەعید دەڵێـت: ((ئەو تـوورەگە، کە دوو چنـگ کـا و گوێلێـک جۆی تیایە بکە سـەرت و هەردوو دەسـتت بنێ زەوی و دووجـار وەک نێرەکەر بزەڕێنە... دەی زوو زوو.))

کابراش چی پێ وترا وەی کرد و موستەعید وتی: بڕۆ تەڵاقت هەر نەکەوتووە!

مامۆسـتا و لاوخـاس و مەلا بـیلال واقیـان وڕمـا. مامۆسـتا بە موسـتەعیدی وت، کە پشـتی بە چ ئـایەت و حەدیـس و فتـوای کـام ئیمام و مەزهەب بەستووە؟

موستەعید وەڵامی دایەوە و وتی: مامۆستا ئەبێت عەقڵ و نەقڵ لە کاتی خۆیدا بسازێنین، ئاخر کەر چۆن تەڵاقی دەکەوێت؟!

مامۆستا سەری بۆ لەقاند. موستەعید هەردوو کەللەشـەکرەکەی دایە مەلا بیلالـــی هـــاوڕێی و حـــاجیی لاوخاســـیش، پـــارەی دوو کەللەشەکرەکەی دایە کەرەی تەڵاق نەکەوتوو.

# (ئـازا و گوڵاڵە)

هەمیشە لە ناوەختدا دەستە  پارتیزانەکان خۆیان دەکردە ئاواییدا و سەردەستە ڕۆشنبیرەکەیان لای دەدایە ماڵی لاوخاس و(یەز)ی کوڕە هەرە بچکۆلەکەی گەرمتر لە باوکی دەچووە پیرییەوە و خزمەتی دەکرد و بە وتە شۆڕشگێڕییەکانی سەرسام دەبوو و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پتر دەخرۆشا و جۆشی دەسەند. یەکێ لە کوڕگەلە لاوە ڕۆشنبیرەکانی خۆشەویستی لاوخاس و یەز(ئازا) بوو.

هەر یەزیش بوو جارێ، کەمێ باسی جوانیی (گوڵە)ی کچی مەلای دێی بۆ کردبوو.

ساڵ هات و ساڵ چوو، ڕۆژێ یەز دەچێتە لای فەهد و حەزی خۆی لا دەدرکێنێت. جار و دوو و سێ، دواجار فەهد ئەم حەزەی یەز بۆ باوکی باس دەکات. پاش چەند ڕۆژێک باوک بانگی فەهد و یەز دەکات و دەڵێت:

((یەز، کوڕم وا بزانم  ترست لە خوێنڕشتن شکاوە!))

دوایی نامەیەک لە باخەڵی دەردەهێنێت و دەیداتە دەستی کوڕە گچکە و بە فەهدیش دەڵێت:

((تۆ لە دێی (پیرخدر) بەولاوە مەچۆ و چاوەڕێی یەز بکە تا دەگەڕێتەوە لات. یەز تۆیش هەر سەعاتە ڕێیەک بە پێ دەڕۆیت، دەچیتە لای شێخ تەڕەماشی سەرەکجاش و نامەکەی ئەدەیتێ و ئیتر ئەو خۆی ئەزانێ چی ئەکات.))

پێش نیوڕۆ یەزی سڵت و سووک و سۆڵ دەگاتە جێ و نامە

دەداتە دەستی شێخەوە و دەڵێت: من کوڕی لاوخاسم.

شێخ زەرفی نامە هەڵدەپچڕێت و دوو جار ورد دەیخوێنێتەوە و بزەیەک بە ڕووی یەزدا دەکات. نامەکە تێیدا نووسراوە:

(مام جاش ئەم کاتەت باش...

یەزی کوڕم حەزی هەیە تێکەڵی کوڕگەل بێ، نەسیحەتم کردگە، کە چەکی شەرەفی کردە شانا و لە هەر شوێنێ کەوتە شەڕەوە هەتا پێی ئەکرێ، دەس لە جاش بپارێزێ، چونکیم ئەزانم زۆربەی هەرە زۆری جاش، عەسکەری فیرارن و بەچکەی هەژاری میللەتەکەی خۆمانن، ئاخر ئەو جاشانەی ئیسا وان لای تۆ، بڕێکیان لای هەمە بوون، یەک دوو کادری خوێڕیلە ناویان لێ نان، (ڕاکەر و ماکەر)، بۆیە ئەوانیش وتیان: ئەچینە شار و ئەبینە جاش، جاشنێرەکەر، زۆر خاسترە تا ڕاکەر و ماکەر.

بەلاوە وە تۆ یەژم، ئەوسا وە یەز: تۆ تا پێتەکرێ، کوڕی خەڵکی وە کوشت مەدە، ئەوانە بۆیە لە بەرەی شەڕی ئەو دوو خوانەناسە ڕایان کردگە، تا نەکوژرێن، دەی تۆیش وریایانوە و مەیاندرە قڵپەیەکا و وە کوڕگەلی لای هەمە مەیاندەرە کوشت و کەسیشیان پێ وە کوشت مەدە.

من وام وە یەز وتگە، دەس لە جاش نەوەشێنێ... بەڵان لە شەڕا وەو دووربینەی وا تۆ بۆمانی ئەنێری، جا با هینەکەی خۆتیش وێ، چاو هەڵخا و وە دوای کڵاوسوور و سەوز و خۆڵەمێشیا بگەڕێ، هەر کە یەکێکی وەدی کرد و زانی وا لە حوکمی تفەنگەکەیا، مشتی لێ بگرێ، مشت لە ناو چاو و تەختی

تـوێڵی بگـرێ و تەختـی کـا، ئـا مـن ئـاوا دڵـم ئـاو ئەخواتـۆ، جـا بـۆیە داوات لــێ ئەکەم ئەمــانەم بــۆ بنێــری: کڵاشــینکۆفێکی مــوزەللی و مەغزەنێکی حەفتاوپێنجی و چوار مەغزەن سی فیشـەکی و سـەت و نەوەتــوپێنج  فیشـــەکی گــوللەگڕ. هەر خۆیشـــت وە ئــۆترەمیلەکەی خۆت شتەکان و یەزم بۆ بگەیەنەرە ئاوایی پیرخدر.

جا خوامەوخواسـە بۆمی نەنێری،  بۆم نەنێری، وەی لە حاڵت، خۆ تێتە بیرت لە شۆڕشی ئەیلولا چەن جار فریات کەوتم و نەم یەڵا دەرتکەن و ئاوڕووت بچێ.

ئیمزا: لاوخاس

ئەوەی لاوخــــاس لە نامەکەیــــدا داوای کردبــــوو، شـــێخ  لە ماشـــینەکەی خـــۆی لە تەک پێـنج پـارچە سـیگاری ڕۆسـمەندا، کە لاوخــاس هەرگیــز نەک لە شــێخی کــۆنە هــاوڕێی و تازەجــاش، لە فەهــــدی کوڕیشــــــی داوای ناکــــات، باردەکــــات و بە یەزەوە دەیگەیەنێتەوە لای فەهد.

عەسـری هەمــان ڕۆژ، پێویسـتی تەواو بـۆ پـڕ چەککردنـی یەز گەیشە جێ، لاوخاس کڵاشینکۆفەکەی بەدەستەوە گرت وهەڵگێڕ و داگێڕێکی کرد و وتی: تەقەی پێ نەکراوە.

پاشان دووربینەکەیان دا بەدەستییەوە، ئەویش نـایە چـاوییەوە و ڕێکی خست و ڕوونی کردوە و (بەهـ بەهـ)ێکی بۆ کـرد و وتـی: یەز، ئەزانـم تەقـقەی زۆرت بە تفەنگـی ئـازا کـردووە، ئەهـا ئەو بەردەت وەو قەدپاڵەوە دیوە، کەمێ دوورە، قەینا ئادەی فیشەکێکی پێوەنێ.

یەز لەسـەر دەم بـۆی کەوت و مشـتی لـێ گـرت، لاوخاسـیش بە

دووربینەکە دەیڕوانی، زرم.

نا سەری کرد.

فیشەکێ تر و، زرمیکی تر.

نا، کەمێک کورتی کرد و جوولاندی، بەڵام بە شکاندن قبوولمە.

لاوخاس، ئا بیدەرە خۆم، لە زوویشەوە تەقەم نە کردگە، هەر لەسەر چنچک تفەنگێکی نا بە بەردەکەوە، فەهد بە دووربینەکەی دەیڕوانی...

((باوە، کەمێ سەری کرد.))

فیشەکێکی تر و بەرد ورد و خاش بوو و تۆزێکی سپی لێ هەڵسا!

دواجار لاوخاس، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و بە یەزی وت:

یەز، من حەزناکەم عارەویش بکوژیت، تا پێت ئەکرێ بیانترسێنە تا سەر دەرنەهێنن، خۆ ئەگەر زانیت فایدەی نییە، ئەوساکە دەس مەپارێزە، ئاخر کە شەڕ بەر قاپیی لێت گرت، خوا ئەتگرێ، ئەگەر نەیکەی، زۆریان لێمان کوشت و فرەمان لە عارەوی هەژار و بەدبەخت کوشت و هیچ لایەکمان، هیچمان وە هیچ نەکرد، ئەم شەڕەی هەمە ئەیکەین بەرگرییە بۆ مانەوە تا نەیەن، لە ڕیشە هەڵمان تەکێنن و لە جێگەی خۆمان دەرمان پەڕێنن.

یەز لە ماوەی سێ چوار مانگێکدا لە دوو ڕووبەڕووبوونەوەدا، نەبەردیی خۆی دەنوێنێت. ئەم کوڕە چاونەترسە فیشەکی بە خەسار نەدەدا، ئاخر لاوخاسی بە ئەزموون پێی وتبوو: (فیشەک بە خەسار مەدە.) خۆ مەرج نییە بە خەساری مەدە، هەر کوشتنی بەرانبەر بێت، پێکانی پێی، ڕان و لاشانی، هەر شوێنێکی

ناکـاریگەریش بپێکیـت و تـرس بخەیـتە دڵـی دوشـمنەوە، هەر بە خەسارنەدانی فیشەکە.

لەو شـەڕە سـەختەدا، کە کـوڕگەل تیـادا شـکان و یەزی تیـادا پێکرا، هەڵەی خۆی بوو، ئێ پاشەکشە یەکێکە لە هونەرەکانی شـەڕ، تـەنـانەت لە گفتوگۆیشـدا کە شـەڕە، بەڵام شـەڕێکی سـارد، دەبێت بزانیت بۆ دەکشێیتەوە و چۆن دەکشێیتەوە!

پاشەکشە لە ناو گەرمەی شەڕدا، زانینی گەرەکە، هەرچۆن خاو و خلیچکی ترسناکە، ئاواش هەڵسەو هەڵێ نابێ و خۆکووڕکردنەوە و زکەخشـــکێیش هـــیچ نەنگییەکـــی تیـــا نیـــیە، بەڵام یەز، لەبەر ناشارەزایی بووبێت یان شەرم و عەیبە، جووتە پێ هەڵدەستێت و ڕیزێـک فیشـەک بە سـەنگەری بەرانبەرەوە دەنێت، هەر لەو کـاتەدا فیشـەکێک دێت و چیخ دەکات و کیرێـک بە تەوێڵییـەوە جێ دەهێڵێ. یەز دەسـت دەبـات و لەپـی بەخـوێن تەڕدەبێت، دادەنیشـێتەوە و بە شێنەیی جەمەدانییەکەی بەسەر برینەکەیەوە توونـد دەجەڕێنێت، کە دەگاتەوە ماڵ، باوکی لە برینەکەی دەڕوانێت و دەڵێت:

کـــوڕی لاوخـــاس هەر ئەوێ لە ڕووەوە بپێکـــرێ، خـــۆ ئەگەر لەپشتەوە گوللە لێی بدایتایە، زۆر خەفەتم ئەخوارد، کوڕی خۆم.

ئـازا و یـەز هـاوڕێی یەکن و هەر کـاتێ ئـازا ڕێـی کەوتبێتە دێـی لاوخـاس، لای داوەتە وێ، کە هەواڵـی برینـداربوونی یەز دەبیسـێت، دەچێتە سـەردانی و شـەوێ لای دەمێنێتەوە. شـەوانە لاوخـاس زوو دەخەوێـت و بەیـانیش لە گەڵ کـازیوەدا بە ئاگـا دێ، یەز و ئـازا دەمێننەوە و ئیتر ئازادانە باسـی هەمـوو شـتێک دەکەن، سیاسـەت و شۆڕش، دانوستان و داش و ئاش، یەز بە ئازا دەڵێت:

((بۆ شەوێ ناچیتە ماڵی مەلا، ئەو ڕۆژە مەلا پێی وتم ئازام خۆش دەوێ و حەزمە ڕۆژێک، کە هات خۆڵکی ماڵی خۆمانی بکەم.))

یەز، کە تەمەنی دەگاتە شەش ساڵی، لاوخاس دەینێرێتە شار و تا سێی ناوەندی دەخوێنێت و ئاگری شەڕ هەڵدەگیرسێتەوە و ئیتر یەز لە قوتابخانە دادەبڕێ و دوای نوچدانەکەش ناگەڕێتەوە. جارێ لاوخاس پێی دەڵێت:

((یەز، کورم یەزبە، ئاواتمە وەک یەز وریا و جەسوور و بەهەڵمەت بیت، ئەوەش ئەسپەبۆرە با لەژێر ڕکێفتابێ، لە مەکتەب داو ڕیایت، بکۆشە لە کیتاو خوێندەوە و سوارچاکیی دانەوڕێیت، خاسە کوڕی پیرەزێ!))

یەز کوڕێکی دەستودەم و داوێنپاکە و جێی متمانەی مەلا بیلالە، هەر بۆیە بەین نا بەینێ، کەنیشکە تاقانەکەی دەنێرێتە لای، تا باشتر لە خوێندنەوەدا قاڵ بێت، جا بۆ جێی متمانەی نەبێت، کوڕی لاوخاس، لاوخاسە و ئیستا لاوخاسی باوک بە یەز دەڵێت: بۆرەسوار.

تۆ لەوە گەڕێ، ئێژم بچم بۆ ماڵی مەلا بیلال؟ ئازا پرسی.

((یەز وتی: بۆ نا، بچۆ و زەرەریش ناکەی.))

یانی چی زەرەر ناکەم؟

مەلا پیاوێکی دڵپاک و خۆشەویستی لاوخاسە، ئەم مەلایە چەند سیفەتی جوانی هەیە، دڵپاک و سینەساف و کوردپەرەرە و دەنگیشی زۆرخۆشە، جار جار هۆرەی جافی و قەتاریش بۆ باوکم دەچڕێ، دەنگێکی پێوەیە حەوت بەردی داوەتە تەنگەی عەلی

مەردانا. بچۆ شەوێ بچۆ، کەنیشکەکەیشی، کە بۆم باس کردی، ژیر و سەلار و خوێندەواریشی زۆرباشە، ئاھ، بەڵام خۆزگە ژنەکەی ئەوەنە شێتۆکە نەبووایە، بەڵام کەنیشکەی گوڵ هەی گوڵ! دە با نەختێ باسی گوڵاڵە و قسەیەکی خۆشی دایکیت بۆ بکەم تا کەمێ پێ بکەنیت.

ئەوە بۆ وا پێشت خواردووەتەوە، ئازا؟

باشە باسی بکە، بەڵام شاعیرانە نا.

هههە ئاخر زۆرجار پیاو ناتوانێ باس لە جوانییەک بکات، ئەگەر پەنا بۆ زمانی شیعر نەبات، تەنانەت دەربڕینی خەم و خەفەتیش، نابینیت زۆربەی زۆری دایکانمان بۆ لاواندنەوەی کۆرپەکانیان، لە شین و شایدا، پەنا بۆ شیعر دەبەن؟

دایکی گوڵە جنۆکە دەستی لێ وەشاندووە و سووکە شێتێک بووە، بەڵام سەرباری شێتۆکەبوونیشی لە قسەی خۆشی خۆی ناکەوێت. ئەم ژنە شێتۆکەیە لە ڕێوبان و هاموشۆیدا و لە گشت جێیەکدا دەست ڕادەوەشێنێت و لەبەرخۆیەوە قسە دەکات. کەڕەتێک پۆلە کەنیشکێکی توولەکی دێ، دەچنە سەریدا و دەڕوانن بەسەر بەردەنوێژی (کانی ژنانەوە) دانیشتووە و لە پەسا دەڵێت: وەی... وەی دە لاچۆ، دەستت لە بەرۆکم بەردە، دە وازم لێ بێرە ئۆۆۆی.

یەکێک لە کەنیشکەکان لێی دەپرسێ: ئەوە کێیە وا دەستی لە بەرۆکت گیرکردووە و لە کۆڵت نابێتەوە؟ ئەویش دەڵێت: دە چووزانم، ئەوە دەستەخوشکێکمە پێم یەژێت با پانێ وە پانێ بکەین.

لێی دەپرسێ: ئەی بۆ لێلیا نایکەی؟

وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ: جا پانێ وە پانێ لەزەتی کوانێ.
ئینجا گوڵە! تا خوا حەزکا گوڵێی دایە شێتۆکە جوانە
گــــوڵە، کە دەم دەکـــاتەوە، خــــونچەی گوڵەبـــاخێکە و تـــازە پشکوتووە.

کە پێـــدەکەنێت و دەتـــریقێتەوە، بـــارەکەوێکە و قاسپەقاســـپ دەقاسپێنێت.

کە بێتـاقەت دەبێـت، گوڵەمینـایەکی زەردباوی دەم زەردەپەڕە و دەمی ناوەتەیەک.

کە دەگــری، گــوڵە شـــەوبۆیە و بــاخچەی ئێــوارە غەمگینەکــان عەترپرژێن دەکات.

کە ڕادەکشـێت، خەرمانێـک لە گـوڵە لاولاوە و چنگـی لە بـاڵای سپیچنارێک بەرداوە.

کە دەخەوێــت، گــوڵە شـــیلانێکە و لەبەر تــریفەی مانگەشـــەودا دەبریسکێتەوە.

گــــوڵە هەر گــــوڵ نیـــیە، گــــوڵە فریشـــــتەیەکە و لە ئاســـــمانی کوردەوارەوە بەر بووەتەوە سەر ئەم ئاخە.

+++

بەسەر کانیاوی مزگەوتەکەوە، کە بە کەپرێک لە قامیش و قەڕەم ســـەری گیرابــوو، خۆمــان فێنــک کــردەوە و ئــۆخەیەک بە لەش و ڕۆحمانـدا گەڕا. ئینجـا ئـازا کـۆڵە ئاسـنی خـۆی لە پشـت بەسـت و خـــزمینە خۆتـــان بگـــرن و هـــاتین. مـــن و ئـــازا شانبەشـــانی یەک دەڕۆیشــتین، مــن تەواو ئاشــنای سروشــتی ئەو بــووم، کە کشـــایە

دواوه و شانی له شانم سوی، زانیم پرسیاری هەیه.

وتم بێژه...

وتی: چەن جارێ له دەمی ئەم و ئەوم بیستووه دەڵێن، ئێوه له تورمەی پیرەلین، پیرەلی کێیه و ئێمه چ پەیوەندییەکمان به ئەو پیرەلییەوه هەیه؟

قورس بوو پرسیارەکەی! وتم: پیرەلی پەیوەندیی به (سپیسوار)وه هەیه و دوور و درێژه ئازا، دوور و درێژ. ئیتر ئازا کەڵەسەریی لێ نەکردم. دوایی پێم وت: که لێک جیابووینەوه و گەڕامەوه، ورد و جوان دەینووسمەوه و به تەتەرێکدا بۆتی ڕەوانه دەکەم.

گەیشتینه جێی مەبەست، دێی (کانییه قووڵکه)، ئەوەتانێ ڕەشماڵێکیان هەڵداوه. ئازا وای پێی وتم.

شوێنی دێ، شوێن نییه، بەڵکو گۆڕێکه و خودا به دەستی خۆی بۆ ئەم خەڵکەی چێ کردووه، که له ناوی دێوه دەڕوانیته ئاسمان، هەر هێندەی چاتۆڵەشڕێک، دوو ئەوەنەی ڕەشماڵه هەڵدراوەکه ئاسمانت لێوه دیاره.

دەچینه ژووورەوه، سلاموعەلەیکومێک و هەموو لەبەر پێمان هەڵدەستن. مەلا فاتیحا دەخوێنێت و ئێمەش لەپ بۆ بن چەناکەمان هەڵدەبڕین و دوای نەختێک، دەست به ڕیشماندا دەهێنین و یەک به یەک خزم و کەسی مردوو دێن و بەخێرهاتن و دەست و مشتاقێکمان له گەڵدا دەکەن. هەموویان، تەنها پیاوێکی گرژ و مۆنێ تێکسمڕاوی پۆشته و پەرداخ نەبێت، که شانی داداوەته سەر دوو بالیفدا و هەردوو لاقیشی درێژ کردووەتەوه و چرکەی له خۆی

بڕیـــوە! کـــابرای درێژدانیشـــتوو، ســـەرەک عەشـــرەتێکی گەورەی ناوداری دەڤەرەکە بوو، دوو سێ جار چاوی پێماندا گێڕا و ڕووی دەمی لە مەلا کرد و وتی:

ئەم کوڕانە کێن و نەیهێشت مەلا وەڵامی بداتەوە، ئا ئا ئیسا ناسیمنەوە، ئەمانە دوو کوڕی ئازا و بەجەرگیان لە کیس چوو، یەکێکیان شێرێک بوو بۆ خۆی و ئەوەی تریان هەر بۆ ئەوە باش بوو بتکردایەتە ڕەئیسی عەشرەتێک.

ئێمەی تووڕە لەخۆ و دڵگران لە ئەو هاوڕێیانەمان، کە پشتیان تێ کردووین، تووڕە لە ئەو هەرایەی کە ناوی لێ نراوە شۆڕش، تا ئەو ساتەش بڕوامان وابوو، کە فیکر و بیروبۆچونی ئێمە ڕێگە ڕاستەکەیە و دەتوانرێت دنیای خۆمان و ئەوانیتری پێ بگۆڕین و میللەتیش بە ڕاستەڕیدا ببات و ڕزگاری بکات!

هەر یەک لە ئـــێمە خۆمـــان بە گیڤـــارا نەدەگـــۆڕییەوە، ئـــاخر پشتاوپشتی ئەم کوڕگەلە، کە لەپێناو مانەوەدا داویانەتە شاخدا، بە ڕووبار خوێنیان بەخشیوە و وەک دێو سڵیان لە هیچ نەکردووەتە و بیســـمیلای داگیـــرکەر ڕایچڵەکانـــدوون، بەڵام نەیترســـاندوون و گۆڕەپانەکەیان چۆڵ نەکردووە.

جـا کـێ دەڵێـت ئـێمە نەوەی سپیســوار نـین و ڕەچەڵەکمـان ناچێتەوە سەر ڕەگوڕیشـەی یەکەم پیری سپیپۆش و دواپیری ئەم چیرۆکەمان: پیرەلی؟!

+++

# (پیری سپیپۆش)

دەنگی سپیپۆشەکە دێت، حەوت مانگە دێت و دێ بە دێ و شار بە شار دەگەڕێت و دەیڵێت و هەر دەیڵێتەوە:

ئەز فریادڕەس، فریاکەون و خۆتان کۆکەنەوە، لە پێشدا زەوی دەقڵیشێت و ئاو هەڵدەقوڵێت، دوایی ئاسمان بەخوڕ دادەبارێت، ئامادە بن ئەمە دوا بانگەوازمە، کەشتی کەشتی...

دواجار دەڕوات و ئیتر ناگەڕێتەوە.

کەشتی ئامادەیە و لە هەر بوونەوەرێک جووتێک لە نێر و مێ بار دەکرێت. ئەو ئاژەڵەی کە دیار نییە، بە تەنها ئەسپ و ماینە، بەیانییەک زەوی دەکوڵێت، دەکوڵێت و شەق دەبات و ئاو هەڵدەچێت، لە ماوەی حەوتوویەکدا ئاو هێندە سەردەچێ هەتا کەشتی لە زەوی دادەبڕێت و وەک زەریایەکی قووڵ قووڵ، سەنگین ڕادەوەستێت، دوویەمین ڕۆژی دوویەمین هەفتە، هەورێکی ڕەش بەری ئاسمان دەگرێت و بەخوڕ دادەکات، داکردنێک چل شەو و چل ڕۆژ دەکێشێت، لافاو کەشتییەکە دەگەیەنێتە سەر دوندی چیا و باران ڕادەوەسێت و ڕۆژی دواتر گورەگەزێیەکی خۆش و پەلکەزێڕینە بەرانبەر بە خۆر دەچەمێتەوە، بۆ ئێوارەکەی، کە تاریکی دادێت، تەنکەتەمێک بەری ئاسمان دەگرێت و ئەستێرەکانیش وەک ئەوەی گەرد لە ڕووخساریان نیشتبێت، کزکز دەسووتێن. یەزدان دەست درێژ

دەکات و یەک لەدوای یەک و ئەستێرە لەدوای ئەستێرە دادەگرێت و لە ناو لەپیدا بە پارچەیەک لە ئاوریشم دەیانسڕێت و فوویەکیان لێ دەکات. دەست دەبات و لە شوێنی خۆیاندا بە ئاسمانەوە هەڵیان دەواسێت. دوهەمین ڕۆژی پاش خۆشکردنی بارانەکە، بۆ بەیانییەکەی خۆر بە ڕووخسارێکی گەشترەوە هەڵدێ و هەموو سەرنشینانی کەشتی ڕووی تێ دەکەن و بە کۆمەڵ کڕنووش بۆ خۆر دەبەن. پیری کەشتییەوان هەر ڕۆژەو باڵندەیەک هەڵدەداتە ئاسمان و دەفڕێت و زوو دێتەوە، جووتە زیقاوڵە سپییەکان دەفڕن و نایەنەوە، پاش چەند ڕۆژێکی تر، کۆتر دەفڕێت و بە چڵێ پووشەوە دەگەڕێتەوە. گەڕانەوەی کۆتر بە چڵێک پووشەوە مژدەی زەوی دەرکەوتنە، هەر چۆن یەکەم ڕۆژ زەوی شەقی برد و ئاو هەڵقوڵا، ئەم جارەش وا، زەوی شەقی برد و دەریای ئاوی هەڵلووشی. ئینجا دوو دوو دادەبەزن و ڕوودەکەنە ئەو کێو و ئەشکەوت و کەلۆزانە و تیادا نیشتەجێ دەبن. ساڵ و دەیان ساڵ، سەدان ساڵ و هەزاران ساڵ لەوێ دەژین، تا ڕۆژێک پیری سپیپۆش دەردەکەوێتەوە و ئەمجارەیان بانگەوازەکەی هەر ئەوەندە دەبێت: کێ ئامادەیە دوام کەوێت؟

دوو دوو و دە دە، شۆڕ دەبنەوە و کۆمەڵ کۆمەڵ، دوای پیری سپیپۆش دەکەون. پیر دەڕوات و ئەوان دەڕۆن، تا دەگەنە بناری شاخ. شاخێکی هەزار بە هەزاری بە کاژ و دارەوەن، بنچک و داربەڕوو داپۆشراو. لە بناری شاخیشەوە بۆ خوار، تا چاو بڕکات دەشتاییەکی پانوبەرینە و لێوی ناوەتە لێوی دەریاوە. دەشتاییەکی ڕازاوە و گیا و گوڵی حەوت ڕەنگ پشتوێنە دەکوتێت.

ئەمە ئەو شوێنەیە کە پیری سپیپۆش دەستنیشانی کردووە بۆ نیشتەجێبوون.

هەر زوو بە فەرمانی پیر، کورگەلی تازە لە ئەشکەوت دابەزیو، قۆڵی لێ هەڵدەماڵن، کۆلیت و خانوو پێک دەنێن و ئاژەڵیش بەرەڵای ئەو دەشت و کێوە، برکەی ئاژەڵ، لە هیچی کەم نییە، تەنها ئەسپ و ماین نەبێ.

بەیانییەک پیری سپیپۆش لە خەو هەڵدەستێت و دەبینیت، چی ببینێت! دەبینێت ئەسپێک و ماینێکی سپی، سپی وەک کەفی دەریا کە هەڵدەچێت، وەک بەفری تازە داباریوی سەر لووتەکەی شاخەکان، بە لێواری دەریاکەوە دەلەوەڕێن، ( ئەمە ڕاستە یان خەیاڵ!) دەست دەبات و هەردوو چاوی هەڵدەکلۆفێت و دیسان دەڕوانێت، نەخێر ڕاستە و خەیاڵ نییە، ئەسپ و ماین دەلەوەڕێن، پێ بە پێ لێیان نزیک دەبێتەوە ماین و ئەسپی گوێقولاخ، بە سەڵەف پشتاوپشت دەگەڕێنەوە بۆ ناو دەریا و قووت دەخۆن و دیار نامێنن!

دوویەم ڕۆژ، پیر هەڵدەستێ و بەرەو دەریا دەڕوات و ئەمجار لەجیاتی دوو، چوار جووت ئەسپ و ماین لە گوێی پیرە دەریادا دەلەوەڕێن. دەلەوەڕێن و دێن لە ناو مێرگوزارەکەی ئەملاترەوە دەگەوزێن. پیر شاگەشکە دەبێت و لێیان نزیک دەبێتەوە، ڕەوە ئەسپ وەکو ڕۆژی پێشوو سڵ ناکەنەوە، بەڵام کاتێک زیاتر نزیک دەبێتەوە، دیسان ئەم بوونەوەرە شیرینانە دەچنەوە ناو دەریاکە و نوقم دەبن! پیریش وەکوو ئەسپەکان لە دەریای خەیاڵاندا نوقم دەبێت، چەندی پێچوو، خۆیشی نەیزانی، بەڵام، کە هاتەوە

سەرخۆی، بیرۆکەیەکی نایابی بە مێشکدا هات.

بۆ بەیانییەکەی زووتر لە بەیانیانی پێشوو هەڵدەستێت، دەڕوات و خۆی لە ئاوی دەریاکە هەڵدەژەنێت، دوایی دەچێت و وەک ئەسپ، خۆی لە گوڵ و گیای مێرگەکەدا باش دەگەوزێنێت، هێندە خۆی دەگەوزێنێت هەتا پۆشاکە سپییەکەی بۆنی گوڵ و گیا دەگرێت و ئینجا دێت، لە بەرد و پارچە تاوێری دەمی دەریا خوێڕێز ڕیز دەکات و خوێی دەمی دەریا بەسەر خوێڕێزدا ڕۆدەکات. ئێستاکە پیر، جوانووە ئەسپێکی سپیی دەریاییە و لە چاوەڕوانیی ڕەوەئەسپی دەریادا جێ بە خۆی ناگرێت، بەڵام ڕامکردنی ئەسپی دەریا، پشودرێژیی گەرەکە.

ڕەوە ئەسپ سەردەردێنێت، لە تەڕایەتییەوە پێ دەنێنە سەر وشکانی، دێن و بۆن بە پیری جوانووە ئەسپی گوێی دەریاوە دەکەن، پیر پێشیان دەکەوێت بۆ سەر خوێڕێزەکە و دەم دەبات خوێی سەر تاتە بەرد بە زمان دەلێسێتەوە، ڕەوە ئەسپیش وا دەکات، پیر دەجووڵێت، ڕەوە ئەسپیش دەجووڵێت و پیری پێشەنگ دەڕوات و ڕەوە ئەسپ بە دوویدا، تا دەگاتە بناری شاخ و سەر کانییە سازگارەکەی، دەم دەبات و ڕەوە ئەسپی سپیی دەریاش یەکەیەکە دێن و لە کانی ڕۆحی شاخ دەخۆنەوە، ئیتر ئاوا و وردە وردە ڕەوە ئەسپ دەسەمۆی دەستی پیردەبێت. ئێستاکە دێی پیری سپیپۆش لە هیچ شتێکی کەم نییە و تەیری زیقاوڵەش ئاسمانی هەواری پیر جێ ناهێڵێت.

+++

ئەم وڵاتە سپیسـوارى لـێ نابڕێـت. سپیسـوار هەریەک سپیسـوارە و سـەدان ساڵە ئەم جێگـا و مەسـکەنەى بـاو بـاپیرى خۆى جێ نەهێشتووە و چاو لە بستێکى ئەم وڵاتە پانوبەرینە کەلا ناکات، سپیسوار یەک سپیسوارەو کە دەمرێت سپیسوارێکى تـر جێى دەگرێتەوە، هەر سپیسوارێک و پیرى سەردەمەکەى خۆیەتى، لەم ڕۆژگار و سەردەمەى خۆشماندا هەر سپیسوارە و لە ناوماندا دەژێت و دەیبینـین و نـایبینین! سپیسـوار سـەد، دوو سـەد، هەزار سپیسـوارە بە ڕەنـگ و بۆى یەک تـاقە سپیسـوارە و لە تەنگـانەدا شوێندەستى دەبینین و هیچى تر، بێ غەیرى شـوێن دەستى، لە کـاتى پێویسـتدا دەچێتە خەوى کەسـانێک، کە نرخـى ئـاگر دەزانـن، ئاگرێک بـۆ ڕۆشـنکردنەوەى زەیـن و بەر پـێ، ئەوانەى لە خەونـدا دیتوویانە و بۆ نەوەکانیان گێڕاویانەتەوە یەژن: پیاوێکى کەڵەگەتى چـاوهەنگوینیى سـەرتاپا سـپییە و کڵاوێکـى قـووچى سـپى لەسـەر ناوە و کەوایەکى تاسەر ئەژنۆ بەسەر شـەرواڵێکەوە لە بەردایە و پشـتوێنێکى سـوورى لەسـەر بەسـتووە، ئەو تـۆپەڵێکە لە نـوور و کاتێک لە خەونى کەسێکدا دەردەکەوێت، وەک هەمیشـە بە هێمنـى، زۆر بە هێمنـى دەدوێـت و ئامۆژگـاریى دەکـات و دەسـتەکانى بە ڕووى خەوبیندا درێژ دەکات، کە دەستى درێژ دەکات پەنجەکـانى وەک مۆم دادەگیرسێن، وەک چرا هەر چواردەورى خـۆى ڕۆشـن دەکـاتەوە. ئەو لەپێنـاو مـانەوەى ئەم نەتەوەدا، شـەڕى ئێـران و توورانى کردووە، لەم دەشتەدا ئەوەندەى ئەو لە دشمنى کەڵەپـاچە کـردووە، دووپشـک نەى کـردووە. ئەم سپیپۆشـە، ئەسپەکەیشـى وەک خۆى سپییە، سپى سپییە وەک بەفرى سـەر چیـاى قەندیل،

سـپییەک ئـاوی چـاو دەژەنێـت. ئەسپەکەیشـی هەر وەک خـۆی ڕەسـەن و نەمـرە، تیـرەی ئەم سپیسـوارە هەزاران سـاڵ بەرلەم سـەردەمە، دوو کاری سـەرەکییان هەبـووە: ئەسـپ بەخێوکردن و جەنـگ، یەکەم تیـرەی سـەر گۆی ئەم زەویـیە، تیـرەی سپیسـوار بـووە، ئەسـپ و مـاینی جـوان و سـپی بەخێـو کـردووە و پاشـای وڵاتـانی دوور و نزیـک لەوان ئەسـپیان کڕیـوە و کردوویـانن بە پێشەنگی کەژاوەی خۆیان.

+++

ئێستا ڕەوە ئەسپ ڕامی پیرە، بەڵام چۆن بیانباتەوە ناو دێ و نزیـک لە خەڵـکەکەی! زۆرجـار خەو بـۆ مـرۆڤە بیرمەنـدەکان نیشاندەری ڕێگای هەق و ڕاستییە. شەوێک خەون دەبینێت... ئەها دۆزیـیەوە! بەیـانییەکی زووی ڕۆژێکـی وەرزی بەهـار، ئێـزدا فەرمانی پێ دەکات:

پیری گەنجۆ ڕابە و بچۆرە پیریی کاری خۆتەوە.

پیـر لە خەو ڕادەچڵەکێت، بە فەرمـانی ئێـزدا دەچێـتە پێسـت و شێوەی ئەسپێکەوە و یاپشـە یاپشـە ڕوو لە بنـارەکە دەکات، ڕەوە ئەسپ بۆنی شتێکی نامۆ دەکات و دەسڵەمێتەوە و گوێقوڵاخ دەبێ، سـەیری لـێ دێـت، خـۆ مـن دەسـەمۆم کـردوون، خێـرە وا دەسـڵەمێنەوە؟! پیـر گـورج سووسـەی شـتێ دەکـات و بـۆ هێورکردنەوەی ئەسپان، دەچێت و پەلی ئەو گاوانە دەگرێت، کە بە خـۆی و گـاگەلەکەیەوە لە ڕەوە ئەسـپ نزیـک بـووەتەوە و لەگەڵ خۆیـدا دەیبـاتە سـەر ڕووبـارەکە، هەرتـک خۆیـان لە ئـاوەکەی

هەڵـدەژەنن و دەگەڕێـنەوە،  خۆیـان لەنـاو مێرگـی گـوڵەنێرگس و ســـێپەڕە و وەنەوشـــەی ئەو دەشـــتەدا دەگەوزێـــنن، تـــا دەبـــنە پەیکەرێـک لە عەتـر. پاشـــان وردە وردە ڕوو لە ڕەوە ئەسـپەکە دەکەن و نزیـک دەبـنەوە، بەدەم لەوەڕی گـوڵەکەنێرە ونێرگسـەوە تێکەڵی دەبن، ڕەوە ئەسپ بە بۆنی دەریـا و گـوڵاڵەی حەوتڕەنگ هێـور دەبێـتەوە، ڕۆژ و دوو و دە، پیـرە ئەسـپی دانـا و زانـا یەک لەدوای یەک بۆن بە ئەسپ و ماینی ڕەوەکەوە دەکات و یەک یەک بە لەپـــــی دەســــــتی ڕەنەکیــــــان دەکــــــات.  دوا ڕۆژ و دەمەو خۆرئـاوابوون پێشـەنگی دەکـات و دەکەوێـتە ڕێ، هەر ڕۆژێـک و چەن هەنگاوێـک لە ماڵەکـان نزیکیـان دەکـاتەوە و هەر لە نزیـک ئاواییەکە خوێڕیزکیان بۆ دەکات، ئینجا فەرمـان دەداتە کەسوکار: تـا ئەسـپ و ماینەکـان ترسیان دەشـکێت و مـاڵی دەبن، هەمـووان جلـی سـپی بپۆشـن و لەنـاو گیـاوگوڵی ئەو دەشـتەدا بگەوزێـن و تەپاوتل بکەن...

ئێستا ڕەوە ئەسپ، نەک هەر ڕام، ماڵییش بوون.

لەنـاو ئەم ڕەوە بـوونەوەرە جـوان و بێـوێنەیەدا، سـاڵانە مـاین دوو دوو دەزێن، جوانوو لە سێ ساڵیدا ئاوس دەبێت و بە سکێ دوو جوانـــووی سـپی سـپی دەهێنێـت، ئیتـر دەشـت و بنـار و چواردەوری گوند دەبێتە سپیستان... ئەسپستان، کە لە دووەرە لە و دەڤەرەت دەڕوانـی، وات دەزانـی مەڵبەندێکـەو قـاز و قـورینگی سپیی سپی لەو ئاسمانەوە داباریون، یـان  فەرشـێکی پانوپۆڕە و بە شاکلووە بەفری تازەباریو داپۆشراوە.

+++

بەرزە وڵاخـی دەم دەریـا، دەشـتاییەکانی (نیسـابین) و شـاخە لـووت بڵنـدە داپۆشـراوەکان بـە پەلوپـۆی پەرش و بـڵاوی دار و درەخت داگیرکردووە. سـاڵ لە دوای سـاڵ ڕەوە ئەسـپ و مـاینی سـپی لە زۆربوونـدان، هەر سـاڵ کەڕەتێکیش دەریـای ئـاوس ژان دەیگرێت و دەزێت، بۆیەش هەر جارە و چەنـد جووتە ئەسـپ و مـاین لە دەریـاوە سـەردەردەهێنن و بە سـەڵەف ڕوو دەکەنە دەشـتاییەکە و تـێکەڵ بە ڕەوە ئەسـپ و مـاین دەبـن، لەپـاڵ زیـادبوونی ئەم بـوونەوەرە پیـرۆزەدا، خێڵـی بـاوە سـپیپۆش لە زیـادبوونێکی بەردەوامدایە و هەردەم نـا دەمێک پۆل پۆل کوڕی جوامێر و چاونەترس و کەنیشکی کەزیی شۆڕ و چاوگەش دێن و باوەگەورە ناوچاوانی کچان یەک-یەک ماچ و پیرۆزیان دەکات و باوەش بۆ کوڕگەل دەکاتەوە و بەخێرهاتنی گەرمیان دەکات. سـاڵ دێت و ساڵ دەڕوات، ئەسپ و ماین و کوڕی یاخی لە ستەم، دێن و نـاڕۆن و زیـادیش دەکەن، ئەوەنـدە زیـاد دەکەن خەریـکە لە ئەو دەشتە بەرینەدا ئیتر جێیان نەبێتەوە.

شـەوێ بـاوەگەورەی دانـا و دونیـادیتە، دیسـان لە خەیـاڵان ڕۆدەچێت و لە دڵی خۆیدا ئێژێت:

ئەم دەشتودەرە، ئەو حەمکە ئەسپ و مـاین و ئەم گشـت کـچە لەچەدار و کوڕەلاو چاکە هەڵناگرێت، دەریاش وەک جاری جاران شەپۆلان ناکات و ئاوس نابێت و نازێت!

ئەو شـەوە تـا ڕۆژ دەبێـتەوە خەو نـاچێتە چاوەکـانی، لەگەڵ دەرکەوتنی یەکەمین کازیوەدا دەچێتە دەرەوە، کە خۆر لە ئاسۆوە

گویٚ دەکێشێت، ڕووی تێ دەکات و کڕنووشی بۆ دەبات، پاشان هەموو کچ و کوڕەکانی دێ، گلێردەکاتەوە و چارەسەری ئەم بێشومارییە لە ئەسپ و ماین و وڵاتییەیان دەخاتە بەر دەست. هەموو پێکەوە و بە یەک دەنگ دەڵێن: گەورەمان ئێوە چ فەرمانێک بکەن، ئێمە گویٚ لە مستی ئێوەین و بێ سێ و دوو جێبەجێی دەکەین.

ئیتر یەزدان حەزی کرد و کارئاسان بوو.

باوەگەورە یەک بە یەکی کوڕە لاوخاس و سوارچاک و کچە بەناز و چاوبەڵەکە بەجەرگەکانی وەک ئەسپ و ماینە ڕەسەنەکانی دەناسین، ئەوانە دەستەبژێری خۆی بوون، ئەوەی لە زەینی خۆیدا و لە زووەوە دەستنیشانی کردوون، لە ئاپۆڕەکە چوار کۆمەڵی دووسەد لە کوڕ و کچ و چوارسەد سەر لە ئەسپ و ماینی تازە شیرەکردووی دانێ و پیرێکی بۆ سەرپەرشتیکردنیان دەستنیشان کرد و پێی وتن:

ئێوە بۆ باکوور، ئێوە بۆ ڕۆژهەڵات، ئێوە بۆ ڕۆژئاواو و کوڕگەل ئێوەش ڕووەو باشوور! باشوورییەکان جارێ ئێوە پێش براکانی ترتان بجووڵێن، ئێوە تیرەی ئەم تایفە ڕەسەنەی گرۆی یەزدانین، بڕۆن و ناوچەیەکی ئاوداری بەفەڕ و پیت بۆ خۆتان ئاوەدان بکەنەوە. بڕۆن و لە ئێزدا بۆتان دەپاڕیمەوە کوانووتان ئاگری لێ نەبڕێت و زەلیلی دەستی نامەردان نەبن...

کە ماڵئاوایی لێ کردن، ئەوەشی لەبیر نەچوو، کە گرنگترینی وەسییەتەکەی بوو:

کچ و کوڕە شیرینەکانم، هەتا پێتان دەکرێت و بۆتان دەلوێت لە

نزیک دەریا بارگە بخەن و جێ خۆش بکەن، دەریا هەم چەپەرە و هەم دەروازە.

ئێستا ئێمە جگە لە گرۆی باشوور، شتێکی وا دەربارەی سێ کۆمەڵەکەی تر و پیری سپیپۆش و چی کرد و چی نەکرد نازانین... خۆ ئەگەر ئەوەندەشیان لێ بزانین کەڵکی گێڕانەوەی هەبێت، هەڵی دەگرین بۆ کاتێکی تر.

+++

ئا لێرە بەدوا ئیتر من خۆتان و ئازا و پیری سپیپۆش بەجێ دەهێڵم و بۆ پشوودانێکی کورت دەچمەوە ژوورەکەی خۆم. ئەو ژوورەی کە چەند ساڵێکە تیا گیرساومەتەوە و خەونی ڕەنگاوڕەنگی تیا دەبینم، بەڵێ... خەونی خۆشی ڕەنگاڵەیی و خەونی ناخۆشیش، کە گەڕامەوە دەکۆشم شوێن پێی گرۆی باشوورتان بۆ هەڵگرم و قۆناغ دوای قۆناغ تا دوامەنزڵ، دووی هەنگاویان کەوم.

# (فەرهادی کێوکەن و سوارچاک)

ئێستاکە من لە ژووره شەش بە چوارەکەمدام، ژوورێک تەنانەت بۆ نووستنیش بە ئیسراحەت جێی پێنج کەسی تیدا دەبێتەوە. لەسەر گازەرەی پشت لێی ڕاکشاوم و بیر لە هیچ دەکەمەوە! لەپڕێکدا سەرم گێژ دەخوات و بۆ هەڵمژینی چەند مژێک ئۆکسجینی بووژێنەری هۆش و ئاوەز دەچمە حەوشە، دە دوانزە قوم دووکەڵی پڕ لە نیکۆتین و قەتران و ژەهر هەڵدەمژم، گوڵی ناو ئینجانەکان ئاودەدەم و تێر لە بۆڵەتریَ بزمارکوتەکان، کە هەر دەڵێی چلچران و بە کەپری مێوەکەوە هەڵواسراون، دەڕوانم و سیگارێکی تر دادەگیرسێنم و ناگاتە نیوە فڕێی دەدەم و لە بن پێمدا دەی پلیقێنمەوە و دیمەوە ژوو... ئینجا لەسەر لا شان دادەم و لە خۆم دەپرسم: بۆچی لەم ژوورەدا ئوقره ناگرم؟ وەڵامەکەیم دەستگیر نابێت...

خەیاڵ پەلم دەگرێت و دوور دوور بۆ ئەوبەری چەمی قوشەچاپان دەمبات و سەردانێکی فەرهاد دەکەم. فەرهادی کێوکەنی لای ئێمە، ئەو ئێستا شاخەکەی داڕووخاندووه و بۆ حەسانەوەی خۆی و خێزانە چوار کەسییەکەی، ژوورێکی بچکۆلانەی پێنج بە سێی کردووەتە لانە، لانەیەک بەو بەرزاییەوە دوو لادیواری شاخە داتاشراوەکەیە و ئەو دوولایەکەی تریشی بە خشتەبەردی نائەندازەیی هەڵچنراوه و بە گەچ پێکەوە لکێنراون. فەرهاد سەردانییەکەمی پێ خۆش بوو، وەک هەمیشە ڕووگەش و دڵی بەم مولکە خۆشتر، وتم:

((دڵت خۆشە.))

دەستی بۆ کەلاوەکە درێژ کرد و وتی: کۆشک هەی کۆشک، بە کۆشکەکەی ئەوڕەحمان پاشای ناگۆڕمەوە.

جێتان دەبێتەوە؟

وە حاڵ، ئەگەر میوانی شەو لێمان بگەڕێ باشە، ئیدارەی تیا دەکەین، بەس نییە کرێ نادەین!

بۆ میوانی شەویشتان دێ؟

چاوێکم بە ژوورەکەدا گێڕا، تەماشای بنمیچەکەم کرد، پەڕەسێلکەیەک لە ناوەڕاست ئاسمانی ژوورەکەدا هێلانەی کردووە و بێچووەکانی جیقنەیان هەڵداوەتە خوارەوە. زانی هێلانەکە سەرنجی ڕاکێشاوم، وتی:

چەن جارێک بناغە یەک چینەکەیانم لێ تێکدان، بەڵام کۆڵیان نەدا، ئیتر منیش لێ گەڕام. جارجاریش لەگەڵ جریوە و جیڕە بێزارکەرەکانیان، ڕیقنە ئەکەنە سەرمانا.

تۆیش بە کۆنەقوڵنگێک و هیمێکی ئاسنی دە کیلۆییەوە کۆڵت نەدا تا ئەم شاخەت لە بن دەرهێنا و ماڵێکی خنجیلانەت لێ چی کرد. ئەی گوناهـ نییە بناغەی هێلانەی پەڕەسێلکە تێک بدەی؟

ماڵی خۆمەو بەبێ مۆڵەت لێ ناگەڕێم کەسێک، باڵندەیەک بێت و بخوات و بەسەرمدا بڕێت، پەڕەسێلکە بۆ ناچێت ئا لەو چەمەدا، بەسەر قەفی قامیشێکی قوڕاتقەوییەوە، بەسەر لکی شۆڕەبییەکەوە هێلانەی خۆی بکات و شەڕ بە من نەفرۆشێت، بەڵام ئەم باڵندە کۆڵنەدەرە چاوقایمە، بۆڕی دام.

فەرهاد باوکی تەنها کچێکی عازەبی خرپیلە و پیاوێکی ژیرو بە ئیرادەیە، ئەو یەکێکە لە ئاقڵمەندەکانی ئەم دەڤەرە و خۆشەویستی هەموو خەڵکەکەیە و ڕێزی تایبەتیی لێ دەگیرێت...

شەوێکیان کوڕێکی لادێی ناسیاوی خۆی واتەنی، لاوێکی لە

بەرخۆردا برژاوی سمێڵ قوت، دەبێتە میوانی. نانی ئێوارە دەخۆن و شێوان دادێت و کەچی کوڕەکە قرمی خۆش کردووە لەوێ بخەوێت، فەرهاد لەم نیازە شەیتانییەی کوڕە تێ دەگات، ئێ خۆ بۆ قسە پەکی نەکەوتووە، سەری قسە دادەمەزرێنێت و دەڵێت:

بە خوا ڕۆڵە من لە حەنای میوانا شەرمەزارم، ئەینا چۆن ئەیەڵم میوانی من بچێت لە مزگەوت و خان وماڵی خەڵکی بخەوێت، بە خوا شەوێ کوڕێکی خزمی خۆم، برێ لە تۆ هەراشتر هات و لە بێ جێیا لە باوەشی خۆما خەواندم، ئا بەو جاجمە سوورە زبرە خۆمان داپۆشی، جا زۆر ناخۆش بوو، بە دەم خەوەوە دەستم بردبوو، تمەز لەجیاتی پشتی خۆم هینی ئەو کوڕە داماوەم خوراندووە... تۆ بێژە چۆن زانیم... من هەر ئەیخورێنم و هەر ئەخورێت و ئاڵۆشەکەم دانامرکێتەوە، تومەز عەیب نەبێ هینی ئەوەو ئەخورێنم.

فەرهاد دەیوت: کوڕە، کە ئەم باسەی لێ بیستم، وا بەپەلە هەڵسا، نەیپەرژا کڵاشەکانی هەڵکێشێت و بەرلەوەی لە دەرگاکە بچێتە دەرەوە، دەستی برد دوو سێ جار پشتی خۆی خوراند.

سەرەڕای دەسکورتییەکەی، چونکە لەناو خزم و کەسیدا و لە گوندا گەورە ببوو و بنەماڵە و خزم و خوێشەکانی وڵاخی بەرزیان لێ نەدەبڕا، فەرهاد سوارچاکێکی کەم وێنەی لێ دەرچووبوو، ئەگەر داوەت بکرابایە بۆ سەر شایی و زەماوەند، خاوەن ئەسپ و ماینە ڕەسەنەکان ڕوویان لێ دەنا تا لە مەیدانی ڕمبازێدا دوو سێ جار ئەسپ و ماینەکانیان بۆ تاوبدات. ئەم پیاوە سوارچاکە هەر بەسەر ئەسپەکەوە و بەدەم تاودانەوە، دادەنەویەوە و بەردی لە سەر زەویی هەڵدەگرت، ئەگەر بکەوتایەتە ململانێوە، بە مەرجێک وڵاخەکەی ژێری ڕەسەن و چاپووک بووایە، مێزەری بەسەر سوارەوە دەفڕاند.

جارێکیان لە زەماوەنێکدا بە جووتە، فەرهاد و سوارچاکێکی تری خزمی خۆی نمایشێکی فرە جوان دەکەن، کە دادەبەزن لە وڵاخەکانیان و دێنەوە مەجلیس، پیاوماقووڵێکی میوان ڕووی دەمی دەکاتە فەرهاد و دەڵێت:

کوڕخاس تۆ کە لە ئاوایی بوویت، کەمتر وڵاخی بەرزەت لە قاپیدا دەبینرا، ئەم سوارچاکییە لە کێوە فێربووی؟

قوربان، سپیسوار... ئەو سپیسوارەی کەوا مەرقەوەکەی وەبان گردەکەی ئەوبەری ئاواییەکەمانەوەیە.

چۆن؟

لالە گیان وە زاتی خوا، ئەو جارەی وا ئەسپەشێم سەند، هەتا تەواو فێرە سواری بووم، شەو هەبووە دووجار سپیسوار هاتگەسە خەوم و پێی وتگم: تۆ ئەویتە سوارچاکێکی وا ناو و ناوبانگت دەنگ ئەداتۆ، ئەو شەوەی کە ئەهاتە خەوم، لە بەیانییەوە ئەچوومە ئەو دەشتە و وەک ئەوەی مەشق بە وەڵاخەکەم بکەم، خۆمم بەسەر زینەکەوە ڕائەهاورد و لە ناو وەردەکەی خۆما ڕمبازێم ئەکرد، ئیتر دواجار دەسکورتیی ناچاری کردم، ببمە عەتار، دوو سێ ڕۆژ جارێ، خورجێکم پڕ ئەکرد لە ساونی بۆندار و ڕەقیی حەڵەبی و نوقڵی مزر و شیرین و تەتکە و موور و وەسەر پاشکۆی ئەسپەکەمەوە دامەوەست و دێ وە دێ دەمگێڕا، ئەو ڕۆژانەش کە نەدەچوومە ئاواییەکان، ئێواران کە فێنکی ئەکرد، بە سواریی ئەچوومەوە بۆ سوارچاکییەکەی خۆم، دوایی لە عەتاریش بێزار بووم و ئەسپەکەم  فرۆشت و بارم کردە شار.

## (مەملەکەتی سپیسوار)

کۆمەڵی باشوور بە چەن سەد ساڵ و هەزار ساڵ، قوناغ قۆناغ دێن و بارگە دەخەن، لە هەر هەوارێکدا دوای سەد ساڵێک و پتریش، بڕێکیان لێ بەجێ دەمێنێت و ئەوانیتر دەکشێن، عەیامێکە پرشی کۆمەڵەی باشوور گەییوەتە بناری ئەم شاخە و خەریکی کاری خۆیانن، ئێستا تیرەی (پیرەلی) جوانترین و نایابترین ئەسپ و ماین بەخێو دەکەن، لە ئێران و توورانەوە لە عارەبستانەوە هەروا دەسەڵاتدارە و پیاوی خۆیان دەنێرنە لای پیر و باشترین جوانووی لێ دەکڕن، جوانووی سپی سپی، کافووریی وەک بەفری قەندیل، شیرین شیرین وەک چیای هەنگوین.

سالانێکە هەواڵێکی دڵتەزێن و جەرگبر گەیشتووەتە پیرەلی و بە شەو و بە ڕۆژ پێوە دەتلێتەوە، خەون بە تۆڵەوە دەبینێت و هەر لێو دەکرۆژێت و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خراپتر دەچرووسێتەوە.

ڕۆژێک چوار سواری چاوشینی سمێڵ بابڕ دەگەنە جێ و دێنە لای پیرەلی. چوار سواری پۆشتە و پەرداخی لەخۆبایی. ئەمانە هەمان ئەو چوار سوارەن، کە پێنج ساڵێک بەرلە ئێستا هاتن و جوانوویان لێ کڕی، بەڵام ئەو ساڵە لێی نەپرسین، کە ئاخۆ کێن و پیاوی کێن، جا بۆ بپرسێت! کڕیارن و پارەی خۆیان دەدەن، بەڵام ئەمجارە پیر دەپرسێت:

لە کوێوە هاتوون؟ پیاوی کام ناودارن؟

پیاوی ترکمەن بێگین...

یاخوا بەخێربین و سەر دییەی پیرەلی هاتن. چەن جوانووتان گەرەکە؟

باشترین هەشت جوانووی سپی. خەمی پارەشت نەبێ.

پیرەلی دەڵێت:

ناو و دەنگی بەگم بیستووە و هەر لەم دوورەوە خۆشمگەرەکە و حەزمە لەگەڵ خۆتاندا و بە دەستی یەکێک لە پیاوەکانی خۆم دیارییەکی بۆ بنێرم، جوانوویەکی جوانی بۆ ڕەوانە بکەم.

بێگمان پێی خۆش ئەبێ.

پیر جوانترین جوانوو هەڵدەبژێرێت، جوانترین جوانوو هێشتا بە بەر ماینەکوێتەوەیە و تازە لەشیر بڕاوەتەوە، بە دەستی (کوڕەگۆپا)دا ڕەوانەی لای بێگی دەکات و بەرلەوەی بکەوێتەڕێ بە کوڕە یەژێت:

کوڕە شیرینەکەم، کە دەگەیتە جێ بکۆشە خۆت چاوت بە بەگ بکەوێت و سڵاوی گەرمی منی پێ بگەیەنە و جوانووەکەی پێ نیشان بدە و پاشان هەوڵ بدە تێکەڵ بە خەڵکی شار ببە و فێری زمانەکەیان ببە، گرنگ نییە چەندت پێ دەچێت، گرنگ زمانەکەیانە بە ڕوون و ڕەوانیی فێرببیت.

بۆ بەیانییەکەی، لەگەڵ تاریک و ڕووندا، کاروانی بێگی ترکمەن و گۆپا دەکەونە ڕێ و دوای چەند ڕۆژێک دەگەنە جێ. بێگ دیاریی پیری دەگاتێ و فرە خۆشحالیی خۆی بە دیارییەکەی پیر دەردەبڕێت و ئەمیش دەڵێت: پیر ناوبانگی جەنابت و ڕەوە ئەسپەکەتی بەرگوێ کەوتووە.

بێگ یەژێتە سەردەستەی دەربار: ئەم کوڕە میوانی منە و پاک و پووختەترین ژووری بدەنێ و تا لێرەیە خزمەتی بکەن.

زۆری پێ ناچێت، کوڕە بەشی خۆی فێری زمانەکەیان دەبێت و ڕۆژێک دەچێتە لای بێگ و ئارەزووی گەڕانەوەی خۆی بۆ مەفتەنی پێ ڕادەگەیەنێت، بێگیش سڵاو و پێزانینی خۆی پیا دەنێرێ بۆ پیرەلی و دەڵێت: ڕەنگە ساڵێکی تر ئەم وەختە دیسان پیاوەکانم ڕەوانە بکەمەوە بۆ جوانوو کڕین.

کوڕە گۆیا دەکەوێتە ڕێ و پاش بیست ڕۆژ دەگاتەوە جێ و حاڵ و حیکایەتی سەفەر و فێربوونی زمانی ترکی، بە کورتترین ماوە و سڵاو و ڕێزی بەگ بە پیر دەگەیەنێت.

ئێستا پیر بەر چاوی تەواو ڕوون بووەتەوە. شەوێک پیری شەوکێڵ دەچێتە خەوی پیرەلی و بە دەربڕینی فەرمان پێی دەڵێت:

بەیانی، کە لە خەو هەڵسایت لە سبەی زووتر نییە بچۆرە ناو ڕەوە ئەسپەکەت و لەناو جوانووەکاندا، کە زۆربەیان سپین، جوانوویەکت هەس بەم نیشانەیە، ئاسان دەیدۆزیتەوە، پەرچەم و تیسکی جوانووەکە، لە پەرچەمی ئەوانیتر زۆر زۆر درێژترە و بەسەر تەوێڵیدا شۆڕ بووەتەوە، بەسەر تەختی تەوێڵییەوە، گوڵێکی سوور سووری داپۆشیوە، گوڵێک وەک زامی تازەی دەمکراوە، گەشتر لە زامی تازەی ڕۆح، ئەو جوانووە تورمەی دوا ئەسپە، کە لە دەریاوە، لە تەڕاییەوە پێی نایە سەر وشکانی، دەبێ تەنها خۆت و بە دەستی خۆت خزمەتی بکەیت، هەتا گیا و گوڵ وشک دەبێتەوە و پووش دەپەڕێت، لە بژوێنترین مێرگوزاردا بلەوەڕێت، بەرلە پووشپەڕ، خەرمان خەرمان، گوڵی بۆ وشک بکەیتەوە، لە

هەر جۆرە گوڵێک و خەرمانێک بکوتیت و تا بەهار دادێتەوە بیکەیتە بەری، ئەوە ئالیکی جوانووەکەتە، گوڵی ئەم نیشتمانەمان دەرمانی حەوت دەردانە، حەوتی چی؟ حەفتا و حەوت دەرد دەپەڕێنێ... بۆ ئاودانیشی، لە کانیاوی چاوقرژاڵی بترازێت، لە هیچ جۆگە و چەمێک ئاوی نەدەیت، هەفتەی جارێ خۆت سواری دەبیت و ڕایدەهێنیت، ئەم ئەسپە تازەشیرەی فرێ داوە و نابێت پشتگوێی بخەیت، ئەسپی ڕۆژی تەنگانە و تۆڵەسەندنەوەیە، ئەم ئەسپە شیرینە ڕەسەنە بەحرییە، مل بۆ کۆڵەسوار نادات و سوارچاکیش ناگلێنێت و بە هیچ شێوەیەک لە هیچ ڕێگا و بەردەڵان و تووشەڕێیەکدا سەرسم نادات، ئەمە قەزا و قەدەریشە، ئەگەر ڕۆژێ سوارچاکەکەی سەر پشتی گلا، جێی ناهێڵێت و بە قەپ و جووتە و چەپۆک شەڕی دوشمن دەکات و دەیانبەزێنێت، ئەم ئەسپە تەنها و تەنها بۆ پیاوی بەرگریکارە و لەباری پێویستیشدا بۆ تۆڵەسەندنەوەیە و بەس، ئەوەش باش بزانە و لە بیری مەکە، یەک جاریش تۆڵە وەردەگیرێتەوە و تەواو، کە تۆڵە وەرگیرایەوە، ئەویش تەواو دەبێت، جا ئەمەیانت لە یادبێت و وەک گۆشەوارە بیکەرە گوێت، پاش تۆڵەسەندنەوە، نازانم دوای چەنێک، ئەشێ مانگێک ساڵێک زیاتر تێ نەپەڕێت و بمرێت، لەهەر شوێنێکدا مرد، لەو شوێنەدا تەرمەکەی بنێژن و گڵکۆکەی بکەن بە مەزارگە و چیرۆکی ئەسپەکە و تۆڵە سەندنەوەکە بگێڕنەوە، با دەم بە دەم لەم نەوەوە بۆ ئەو نەوە بڕوات و ببێتە مایەی شانازی و وانە. کوڕە گۆپا، کوڕە ژیر و چاونەترسەکەی خۆت، چاکت کردووە، ڕایسپێرە و ڕەوانەی شاری (دووبەهار)ی بکە و

پێیشی بێژە باڵندەیەکی سپی سپی، بەقەد کەللەشـەکرێک دەبێت و نابێـت، یـاوەر و ڕێنیشـاندەری دەبێـت، بە سـەلامەتی دەیبـات و دەیگەیەنێــتە جــێ و پــاش ڕاپەڕانــدنی ئەرکە پیــرۆزەکەی، بە دیارییەکی ڕۆحسووک و جوانەوە، جوانتر لە گوڵەشلێری وەرزی بەهار دەگەڕێتەوە لات.

سـاڵی دادێ دیسـانەوە پیرەلـی کوڕەگۆپـا دەنێـرێتەوە شـاری دووبەهــار و پێــی یەژێ: بچــۆرە نــاو بــازاڕ و دەنگوباســی قڕتێکەوتنی ڕەوە ئەسپی پیرەلی بدەرە بای گوێی خەڵکدا و زوو بگـەڕێوە. کـوڕە گۆپـا دەڕوات و زوو دەگـات و هەواڵ بە گـوێی شـاردا دەدات. ئیتـر قـاودەکەویتە شـار: ڕەوە ئەسـپە جـوان و بـێ وێنەکەی (ئەلی بێگ) قڕی تێ کەوتووە.

ئەم هەواڵە دڵتەزێنە، وەک پووشی گڕتێبەربوو بڵاو دەبێتەوە و بێگی ترکمەنیش دەیبستێت...

پـاش چەنـد ڕۆژێـک لە گەڕانـەوەی کـوڕە گۆپـا، پیرەلـی، کە ئەوەندەی ئەسپە سپی و بڕێک پتر، کوڕەکەی خۆی خۆشـگەرەکە، گاس دەکات و پێی دەڵێت: ئـا بێ ڕۆڵە شـیرینەکەم، بێ وەتەکمۆ دانیشــە و گـوێم بـۆ شـلکە. کـوڕەکەم، وا ئەزانـم ئیتـر کـاتی ئەوە هاتگە ئەو نهێنییەی کە ساڵانێکە وەک گوێرەکە لە سکمدا ملّق ئەدا، بۆتی باس بکەم. ورد ورد نهێنییەکەی بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێت: لە بەیـانی زووتـر نییە بـۆ تـۆڵەی بە هەق، بکەوە ڕێ و بـڕۆ ئەرکـی خۆت بەجی بێنە...

ئەسپەسپی ڕێک وەک بنیادەم، لە زمانی پیر تێ دەگـات. بەیـانی بەر لەخەو ڕابوونی کوڕە گۆپا، دەچێت و پڕ توورەکەیەک، ئالکی

گوڵ دەهێنێت و بانگ لە ئەسپەکە دەکات، دەم دەنێتە گوێیەوە و پیا دەچپێنێت:

ئەسپەکەم، بەنەکی دڵ و هێزی ئەژنۆم، تۆ جارێ ئەم توورەکە ئالکە نۆش بکە و دوایی منیش قسەت بۆ دەکەم، تورەکە دەکاتە سەری ئەسپەکەوە و بە دیارییە دادەنیشێت تا تێر دەخوات و پاشان سەتڵێک ئاویشی لە پێش دادەنێت و ئاویش دەخواتەوە، پرمەیەک دەکات و خۆی هەڵدەکێشێت، ئینجا پیر ئێژێت:

((گویم بۆ هەڵخە و خاسم بژنەوە، ئەوە ڕێیە و ئەوەش بان، من تۆم بۆ ڕۆژێکی وا بەخێو کرد و ڕام هێنایت، ئامانەتیی تۆ و کوڕە گۆپا.))

ئەسپەکە، نەرمە حیلەیەکی بۆ دەکات، پیر ئەسپە زین دەکات، خورجێکی پڕ لە تەرکی دەنێت و شەتەکی دەدات، لغاوی دەکات و بازووبەندی قامچییە شیپ ئەستوورەکەی لەبیر ناچێت و دەیکاتە کەڵپووسی زینەکەدا و کیسەیە ئاڵتوونیش دەگرێتە دەستییەوە، کە کوڕە لە خەوهەڵسا دەیداتە دەستییەوە دەڵێت:

((بڕۆ یەزدان دەس وەباڵتەوە بگرێت، ئا با ئەوەیشم لە بیر نەجێ، لەم سەر زەوییەدا هیچ ئەسپ و ماینێک، چەندە ڕەسەن بێت، بە تۆزی سمی ئەم ئەسپەدا ناگات، ئاخر ئەم ئەسپە تەنگی پێ هەڵبچنرێت، باڵی لێ پەیدا ئەبێت و ئەفڕیت، جا ئەگەر باڵی لێ پەیدا بوو، هیچت بە زاردا نەیت، باشە کوڕم؟))

((باشە بابە.))

ئەسپ ئامادەیە. کوڕە گۆپا باڵی گرتەوە و فڕی و بەسەر زینەکەوە نیشتەوە، پیرەلی لەبەر خۆیەوە وتی: چەقەڵ بۆ چەم و

ڕەخشیش بۆ ڕۆستەم... ئینجا بە کۆڕە گۆپای وت: ستەم لە کەس مەکە و لە کەسیش قبوڵ نەکەی ستەم...

گۆپا مامزەی ئورزەنگی  لە لا تەڕافی ڕخشە سپی گیر کرد و وژژەیەک و گشپەی وەکو با هات و لە چاو گم بوو... بە حەوت شـــەو و حەوت ڕۆژ، لە دەروازەی شـــاری دووبەهـــاردا خـــۆی بینییەوە. ئەو شارەزای کۆشک و تەویلە و لەوەڕگەی ڕەوە ئەسپە بێ شومارەکەی بێگە، ئاخر ئەم بێگە تورکمەنە، وەک باسم کرد، ناو و دەنگی ڕەوە ئەسپە ڕەسەن و بێ وێنەکەی پیرەلی بیستبوو لەو ماوەدا دووجار جوانووە ئەسپ و ماینی لێ کڕیبوو دواجار پیری باوک بە دیاریی، جوانوویەکی جوان جوانی سپی بە گۆپادا بۆ ڕەوانە کردبوو، سەیر ئەوە بوو کەس نەیزانی مەحەببەتی ئەم بێگە ترکمەنە چۆن وا زوو چووە دڵی پیری باوکەوە، یەکەم کەس و دوا کەس کـوڕە گۆپـا بـوو لە کـاتی بە ڕێکردنیـدا بـۆ شـاری دووبەهار، نهێنییەکەی لا ئاشکرا بوو.

کـوڕە گۆپـا بەرلەوەی ڕوو لە کۆشـک بکـات، دادەبەزێـت و باوەش بە ملی ئەسپەسپیدا دەکات و بە گوێیدا دەچرپێنێت: کەڵە ئەسپەکەم، ڕۆحی ڕەوانم، جەرگەکەم، کوڕە شیرین و ئازیزەکەی پیرەلی، برا تاقانەکەم، هیزی ئەژنۆ و بازووم، ئێستا تۆ ئەسپە سپیی منی، بەڵام کە لێک دابڕاین ئیتر تۆ ئەم ئەسپەی ئێستای من نیـت، بەڵکـوو تـۆ خۆتیـت و هەر خـۆت، بەڵام هەر کـاتێ مـن وەدەرکەوتـم ئەو حەلە تـۆ کەڵە ئەسـپە چەرمـووەکەی ئێسـتا و خۆمی، حاڵیی عەرزم بووی؟

گۆپا دەگاتە بەر دەرگای کۆشک و دادەبەزێت و بە پاسەوانەکە

دەڵێت:

((میوانی بێگم...))

((نەخۆشـە، ئەگەر تـاقەتی دیتنتـی هەبێـت باشـە، پێـی بڵـێم کـێ هاتووە؟))

کـوڕە نـاو و نیشـان و شـۆرەتی خـۆی پـێ دەدات، پاسـەوان پڕتاو دەڕواتە ژووری بێگ و دەڵێت:

بێگم، سوارچاکێکی غەریبە هاتووە، ناوی کوڕەگۆپایە.

بێگ دوو کۆخەی بۆ دەکات و بڕێ بیر لەم نـاوە دەکاتەوە و ئێ، تۆزێکی کەوتەوە یاد، دەستی درێژ دەکات و بە دەنگێکی کز:

((با بێت...))

وای وت و پاسەوان گەڕایەوە و ڕێی نیشان دا، کوڕە جڵەوی ئەسپەسپی بەردا و ئیتر بارگیرێک لە بەر دەرگای کۆشکدا، کزۆڵ کزۆڵ ڕاوەستاوە و مێشەکزەیەتی!

گۆپا دەچێتە ژوورەوە و سڵاو لە بێگی ترکمەن دەکات. بێگ بە هێمای دانیشتن، دەست بۆ لای چەپی خۆی درێژ دەکات و کوڕەی میوان دادەنیشێت.

بێـگ یەک دوو نەرمەکـۆخەی بـۆ دەکـات، گەرووی پـاک دەکاتەوە و دەڵێت:

((تۆ ناوت چییە؟))

گۆپا

((بۆ ناتناسمەوە؟))

((مـن کـوڕەکەی پیـرەلیم، خـاوەن ڕەوە ئەسـپەکانی ئەو شـاخ و بنـارە، کە پیاوەکانـت دوو جـار نـاردە لای، جـارێکیش بە منـدا

جوانوویەکی بە دیاری بۆ ناردیت!))

((ئێ... ئێ ئێستا وەبیرم هاتەوە، بڵێ (ئەلی بێگ)، تۆ کوڕەکەی ئەلی بێگیت؟))

((بەڵێ قوربان.))

بیستم بیستم، ئۆهۆ ئێلی بێگ... پیر بوومە و و چتم لەبیر ئەچێتەوە، بیستم بڕێ لە ئەسپەکانی باوکت هەڵترۆپیون، ڕەوە ئەسپەکەی باوکت نازدار بوو... باوکت چۆنە؟ تۆ ناوت چی بوو؟

گۆپا.

خۆ باوکت وەکوو من پیر نەبووە و لە پێ نەکەوتووە؟

ئەو باشە... تۆیش باشیت و باشتریش دەبیت!

((چونکە باسی ئەسپ هاتە گوڕێ و ئەمیش لە منداڵییەوە لەناو ئەسپاندا گەورە بووە، باس و خواسی لەم بابەتەی پێ خۆشە و قسەی هەیە بۆ وتن، بەڵام لە بابەتی تردا بیرکۆڵێکی ناشیرینە.))

((چۆن هاتی، خۆ هیچی خراپ و ناخۆش ڕووی نەداوە؟))

((قوربان خوا ناخۆشیت پێ نیشان نەدات، باوکم سڵاوی لێ دەکردی، لەم هاتنەمدا، مەبەستی سەرەکیم ئەوەیە، کە دوو جووت ئەسپ و ماینی تورمەی ڕەوەکەی خۆی، کە ئێستا لەناو ڕەوە ئەسپەکەی تۆدا هەن، بە هەر قیمەتێک بێ پێمی بفرۆشیت و بگەڕێمەوە بۆ لای خۆمان، لەوانەیە بڕێک زیاتر بمێنمەوە، تا تەواو فێری زمانە شیرینەکەتان ببم، ئێ ناکرێت من هەر جارێک بێمە خزمەتی تۆ و نەتوانم بە باشیی مەبەستی خۆمتان پێ بگەیەنم.))

بێگ کە باسی ئەسپ کڕین و فرۆشتن هاتە گۆڕێ و زمانەکەیشی، کە جێی شانازییەتی و کەسێکی غەریبە گرنگی پێ

دەدات، بیری باشتر گەشایەوە و جوانتر هاتە گۆ.

ئەم بێگە لە ڕێی ژنەکەیەوە کەمێک زمانی تیرەی پیرەلی دەزانێت، بەڵام تا زۆر ناچار نەبێت قسەی پێ ناکات، ناچارییەکەیشی بەرژەوەندییە و بەس.

ئەی لە منت کەوێ، سەر هۆردوو چاوم، تا لێرە بمێنیتەوە، لە کۆشک ژوورێکی تایبەتت دەبێت و تێیدا دەحەسێیتەوە و ئەسپەکەی باوکیشت ببە تەویلەکە، ئەگەر پێیشت خۆشە ڕۆژانە سەری لێ بدە و بە دەستی خۆت ئالیک و ئاوی بدەرێ.

گۆپا وتی: زۆر سوپاس قوربان، لەم چاکەی تۆ دەرناچین.

ئەم هەموو ڕێز دەربڕین و پێزانینەی گۆپا سەرێکی بە بێگ هەڵبڕی!

بیگ دەستێکی بڵند کرد و بە نکەنک، فەرمانی تەرخانکردنی ژوورێک لە میوانخانەی کۆشک بۆ میوانەکەی دەردەکات، ئەنجا بە کوڕە گۆپا دەڵێت: خۆ شارەزای تەویلەکەیت، هەر ئێستا ئەسپەکەت ببەو ڕادەستی سەرەک مەیتەری بکە و خۆتیش وەرەوە و لە ژوورەکەتدا بحەسێوە، ئەزانم ڕێگایەکی دوور و درێژت بڕیوە و ماندوویت.

تا ئێستا هەموو شتێک بە دڵی کوڕە گۆپایە. جارێکی تر سوپاسی بێگ دەکات و دێتە دەرە. ئەسپە سپی لەهەمان جێگەی خۆیدا چاوەڕوانە. گۆپا سوار دەبێت و دەچێت لە تەویلەکەدا زینی لێ دەکاتەوە و تێر ئاو و ئالیکی دەکات و خورجەکەی، کە دوو دەست جلی خۆی تیادایە، دەداتە کۆڵداو دەگەڕێتەوە ئەو ژوورەی لە کۆشک بۆی تەرخان کراوە.

له نهۆمی دوویەمەوە پەنجەرەیەک دەڕوانێتە سەر ژوورەکەی گۆپا، ئەم پەنجەرە سەرنجی کوڕە ڕادەکێشێت، بەڵام جارێ زووە بیر لە پشتی پەنجەرەکە بکاتەوە! کۆپا کەمێک هەست بە ماندوویەتی دەکات، ڕادەکشێت و هەر زوو خەو دەیباتەوە، کاتێک بە ئاگادێت شەوە... بەیانی، کە لە خەو هەڵدەستێت، ئەو شتەی سەرنجی ڕادەکێشێت پەنجەرەکەیە، لە پەنجەرەی ژوورەکەی خۆیەوە لێی دەڕوانێت و دەکشێتەوە. ئێستا ئەو شتەی زۆر گرنگە لای گۆپا، ئەسپەکەیەتی، هەڵدەستێت و دەچێت بۆ تەویلەکە و ئاو و ئالیکی دەداتێ و نەختێک ڕنەکی دەکات و دەگەڕێتەوە کۆشک. کە پێ دەخاتە ژوورەکەیەوە، دیسان پەنجەرەکەی وەبیر دێتەوە، دەچێت پەنجەرەی ژوورەکەی خۆی دەکاتەوە و هەر بە کراوەیش جێی دەهێڵێت.

لە ڕاستیدا شت زۆرە بیری لێ بکاتەوە، بۆیە بڕێک مێشکی ئاڵۆزە، لەم بارەدا دەرچوون لە کۆشک و ڕووکردنە بازاڕ خراپ نییە، هەڵدەستێت پەنجەرەکە دابخات، تەماشایەکی پەنجەرەی سەرەوە دەکات، لەگەڵ ڕوانینیدا کەنیشکێکی ناسک سەر دەردەهێنێت و لە کاتی دەرچوونیدا لە ئەم میوانە غەریبە خۆشەویستەی باوکی دەڕوانێت، میوانێکی باڵابەرزی ڕیش تۆپی کەڵەگەتی چوارشانەی کەپوو هەڵۆیی، دەبێ کێ بێ؟

لەوەبەدوا وەک پیشە و ئەرکێک، کە پێی سپێردرابێت، ڕۆژی دوو جار، جارێ لە دەرچوونیدا و جارێ لە هاتنەوەیدا، ڕوانین دوای ڕوانین، سەر نەویکردنێک و وردەوردە، زەردەخەنە دەکەوێتە نێوان کچە و کوڕەی باشووریی.

ئیتر کاتی ئەوە هاتووە ڕێیەک  بۆ یەکتربینین خۆش بکرێت.
(کوڕە گۆپا لە دڵی خۆیدا وای وت.)

چەند جارێک کچە سەردانی تەویلەی کرد و هەر جارە و بڕێکی زۆر دەستی دەهێنایە  یاڵ و پشت و کلکی کلاّفەیی ماینێکی کوێتدا و بۆ لای گۆپاش هەر تەماشایەک و ئیتر ڕووی وەردەچەرخاند و دەگەڕایەوە.

چێشتەنگاوێک کوڕەی باشووری لە تەویلەکەدا، خەریکی قەشاوش و خزمەتکردنی ئەسپەکەی دەبێت، کچە و کارەکەرەکەی دەردەکەون و دێنە تەویلەکە و بە ڕوانین لە ئەسپە جوانەکانی پیاوەشەڕکەر و پاسەوانەکانی بێگ و ماینەکوێت، کە بەرەڵای لەوەڕگا نەدەکران، کات بەسەردەبەن.

ئەسپە سپی سەرنجی کچە ڕادەکێشیت و دەژەنێتە کچەی یاوەری و دەڵێت: (وەی چەن جوانە) و لە ئەسپ و برای ئەسپ نزیک دەبنەوە، ئێ خۆ کچە پاشا و میر و بەگ و ئاغا، زۆر دوورەپەرێز نین لە پیاوانی کۆشک و ئەم کوڕەیش ڕاستە میوانە، بەلاّم باوکی وەک کەسێکی نزیکی خۆی لیی دەڕوانێت. کچە دەچپێنێتە گوێی کارەکەردا، ئیتر کارەکەر لە شوێنی خۆیدا دەچەقێت و خۆی لە میوانە سوارچاکەکە نزیک دەکاتەوە.

سلاّو

سلاّو

ناوت چییە؟

ناوم گۆپایە.

خەڵکی کوێیت؟

پارچە بەهەشتێکی دوورە دەست، حەوت شەو و حەوت ڕۆژ بە ڕەوتی خۆش و نەرمەغاری ئەسپەکەم لێرەوە دوورە!

ئەی تۆ ناوت چییە؟

ناوم... ناوم، ناوی منت بۆ چییە؟

ئەی تۆ ناوی منت بۆچی بوو؟

ئێ باشە مادام ناوی خۆتم پێ نالێیت، پرسیارێکی ترت لێ دەکەم.

بڵێ...

چەند ڕۆژ جارێ بۆ دیتنی ئەسپان دێیتە ئێرە؟

هەر جارێ حەزم لێ بوو مۆڵەت لە باوکم دەخوازم و دێم.

دەی کەواسا من حەز ئەکەم، زوو زوو بێیت!

بۆ؟

بەشکم کەمە کەمە ئەم تورکییە شەل و شەقەم ڕاست بێتەوە و پێ بگرم.

پێ بگریت؟! من گوێم لێ بوو، بە زمانی دایکم ئەسپەکەت دەلاواندەوە!

دایکی تۆ تورکمەن نەبوو؟

نا تورکمەن نەبوو!

ئەی لە چی هۆز و تیرەیەک بوو؟

نازانم... بۆ، ئەم هەموو پرسیارە لەپای چی؟

هیچ، وتم ڕەنگە دایکت لە قەرەجە کۆچەرییەکانی لای ئێمە بێ و باوکت داوڕی کردبێ!

بۆ کچە قەرەج جوانە؟

ئۆو هەر جوان! مەپرسە چەن جوانن، وەک تۆ جوانن، ئەبێ دایکت چەن جوان بووبێت؟

زۆر جوان بوو، ئەوەن جوان بوو پیاو نەیدەوێڕا تەماشای بکات و ژن بە ژنی خۆی عاشقی دەبوو، چونکە باوکم زۆر خۆشی گەرەک بوو و حەزیشی نەدەکرد هیچ پیاوێک بیبینێت، بۆیە لێ نەدەگەڕا زۆر لە کۆشک دەربچێت، مەگەر مانگی جارێک ڕێی بدایە بۆ دیتنی ماینەکەی بێتە ئێرە! ئەها ئەو ماینە کوێتە هی دایکم بوو، دایکیشم پێچەوانەی ئەو، زۆر ڕقی لە باوکم بوو، کە تووڕە دەبوو پێ دەگوتم: کچی گورگەبۆر..

پاشان کچە کەمێ لە خەیاڵان ڕۆچوو. چاوی بڕییە چاوی کوڕە گۆپا و نەرمە پێکەنینێک و بەدوایدا قاقا تریقایەوە، پێکەنین و قاقاکەی هێندەی تر کچەی شیرین کرد، شیرین شیرین، ددانە برنجییەکانی وەدەرکەوتن و دوو دەنک کەڵەنیسکی گۆیی هاتن بەسەر سێوە لاسوورەی گۆنای کچەوە، دوو چاڵیان بەجێ هێشت و تەویلە پڕ بوو لە ڕەوە پەپوولەی باڵنەخشین، ئینجا ڕووی لە کچەی یاوەری کرد و بە دەست فەرمانی (با بڕۆین)ی دایێ و تەویلەی بەجێ هێشت. ئەم دوو بەجێهێشتنە، دوو چاڵی سەر گۆنا و بە جێهێشتنی تەویلە، لە پاڵ تریقانەوە تەڕەکەی گوڵدا، قرچەی لە بەنەکی دڵی گۆپا هەڵساند.

هاموشۆی کچە بۆ تەویلە بەهانەیەکی باش بوو بۆ لێک نزیکبوونەوە و گفتوگۆ، ئەوە ئەمرۆیش هات و پاش کەمێک خۆ خەریککردن، کچەی یاوەری دوور ڕادەوەستێت و کچەی ترکمەن لە کوڕەی باشووری نزیک دەبێتەوە.

کچە وتی: ئەسپەکەت خۆش گەرەکە بۆیە هەر خۆت خزمەتی دەکەیت...

گۆپا: بەڵێ یەکەناسە.

کوڕە نایەوێت کات بە فیڕۆ بدات، بۆیە دیسانەوە دەپرسێت: ((پێت نەوتم ناوت چییە؟ پێم ناڵێیت؟))

گوڵخار...

ناوێکی خۆشە، کێ ئەم ناوەی لێ نایت؟

دایکم! دایکم مردووە.

خوا لێی خۆش بێت... وامزانی باوکت ناوی ناویت...

نا نا دایکم زۆر سەرسەخت بوو ڕقی زۆری لە باوکم بوو، پێی دەوتم هەر بەزۆر و بێ ڕازیبوونی باوکم، ئەم ناوەی لێ ناوم! باوکیشم چەندین جار بە منی وتووە (تۆیش وەک دایکت ژنێکی سەرسەختت لێ دەردەچێت!)

گۆپا وەک بیەوێ بچێتە نیهانی کچەوە، وتی: باوکت کابرایەکی ئێسک تاڵە.

کچە زەردەیەکی بۆ کرد و وتی: ئم... ڕاستەکەیت!

من ڕقم لێیەتی.

منیش!

تۆ بۆ؟

چونکە دایکم ڕقی لێ بوو و چەند جارێک هۆی ئەو ڕقلێبوونەوەم لێ پرسی، بەڵام هەر ئاخێکی هەڵدەکێشا و وەڵامی نەدەدامەوە، ئێستاش ئەو وەڵام نەدانەوەی دایکم گرێیەکە بەسەر دڵمەوە.

ئەی تۆ بۆ ڕقت لە باوکمە؟
ڕۆژێک دێ و پێتی دەڵێم.
ئەی ئێستا بۆ پێم ناڵێیت؟
کاتی نییە!
دواجار کوڕە لە دڵی خۆیدا وتی: خۆیەتی و بەئاسانی دەسگیرم بوو.
ئەم جۆرە یەکتر دیتنە، نزیکەی دوو مانگی خایاند و وردە وردە هەرتکیان، کە یەکیان دەبینی هەستیان بە خرۆشانێکی خۆش دەکرد، ئێ هەر ئەم خرۆشان و یەک دووانەدن و مەیلدان بە یەکترەیە خۆشەویستی بەرهەم دەهێنێت، هەر ئەم خۆشەویستییەیە دواجار عەشقی لێ دەکەوێتەوە و... ئێستا و دوای سێ مانگ کچە یەکجارەکی عاشقی کوڕە بووە و کوڕەیش خۆشی دەوێت، بەڵام خۆ ئەم ڕێگەی حەوت شەو و حەوت ڕۆژەی بۆ خۆشەویستیی نەبڕیوە، نا ئەبێ وریای خۆی بێت، ئاخر چۆن دەبێت عاشق دەستی بچێتە خوێنی باوکی مەعشووقەکەی، جا با بەگێکی ترکمەنی تاوانباریش بێت... نا عەشقی چی و خۆشەویستی چی!
ڕۆژێک بە مەبەست گۆیا بە کچەی وت، کە ئیتر گەڕانەوەی بۆ نیشتمانی خۆی نزیک بووەتەوە!
کچە بێ بیرلێکردنەوە ڕاچەنی وتی: نا... نابێ جارێ بڕۆیتەوە، ئەی... ئەی من چی بکەم؟
ئاخر خۆ من بۆ مانەوە نەهاتووم بۆ ئێرە، ئێستە باوکم دڵی ختوورە دەکات و دەڵێت بۆ نەگەڕایەوە، زۆرم پێچوو گوڵخار، با

بزانم چۆن دەبێت، هەر کاتێک بۆم ڕێک بکەوێت، دەچمە ناو ڕەوە ئەسپەکان و دوو جوانوو دەستنیشان دەکەم و لەگەڵ باوکتدا ڕێک دەکەوم و ئەوسا دەگەڕێمەوە، دەبێت بڕۆمەوە.

کچە وختبوو دەست بکات بە گریان، بەڵام ددانی بەخۆیداگرت، کەچی شتێکی درکاند، کە پێشتر کوڕە بە ڕوون و ئاشکرا لە چاو و ئاخاوتنیدا هەستی پێ کردبوو.

((ئاخر من، من... هیچ!))

((هیچی چی و تۆی چی، شەرم مەکە و قسە بکە، چیت پێویست بێ، پێم بکرێ بۆتی جێبەجی دەکەم.))

((نا... نا هیچم پێویست نییە، من... ئاخر من خۆشتم گەرەکە!))

کوڕە وەخت بوو ئاوەز لە دەست بدات و لە باوەشی بگرێت، بەڵام نا... لەبری ئەوە لە دڵی خۆیدا وتی: تەواو میوە گەیی دەبێت لە داری بکەیتەوە دەنا دەگەنێت، گەییە و وەختییە مەرازم حاسڵ بێ و ئەبێت بابەتەکە وەک هێلکەی کوڵاو توێکڵەکەی بگرمەوە و پاک-پاک لە دەستی بنێم، بە کچەی وت:

((گوێم بۆ شلکە با قسەیەکت بۆ بکەم، جا کە لێت بیستم، هیچ ناڵێیت و دەچیتەوە ماڵ و ڕوو لێرە ناکەیت تا خۆم لە پەنجەرەکەوە تێتدەگەیەنم بێیت و یەک ببینین.))

((باشە وا دەکەم...پێم بڵێ، بزانم چییە!))

((من بۆ... باوکی تۆ... هیچ تۆ بچۆرەوە، جارێکی تر یەک دەبینینەوە.

ئیمڕۆ نا سبەی، سبەی نا دووسبەی هەر دەبێت پێی بڵێم.))

دیارە کچە ئارامی لێ بڕاوە، بۆیە بۆ بەیانییەکەی زوو هاتەوە

بۆ تەویلەکە و بێ هیچ خۆ خەریککردنێک بە ماینە کوێتەوە لە گۆپا نزیک بووەوە و بەیانی باشی لێ کرد و نزیکتر بووەوە بە بەهانەی ئەوەی شانی گۆپا کەمێک تۆزی پێوەیە، لەپی برد و شانی تەکاند و وتی:

((دوێنێ پێت نەوتم... ویستت چیم پێ بڵێیت؟))

دەیڵێم، بەڵام بە مەرجێک.

چییە، مەرجەکەت؟

هەرچیم وت، دەبێ گوێ بگریت، تۆش هەرچی دەڵێیت بیڵی، بەڵام  بە دەنگی نزم، نزمییەک لە چپەدوو، نزمتر، باشە؟

باشە...

ئەزانم بۆ تۆ ئەم قسەی من قورسە، جا با باوکیشت خۆش نەگەرەک بێت، با بەقەد دایکیشت ڕقت لێی بێ...

دە باشە دڵم تەقی، بیڵێ.

هاتنی من نە بۆ ئەسپ-کڕین و نە بۆ زمان-فێربوونە.

ئەی  بۆچی هاتوویت؟

من هاتووم باوکی تۆ بکوژم!

چی؟!

کوڕە درێژەی بە قسەکانی دا: پیری گەورەمان، کە لێرە پێی دەڵێن (قوتبی زەمان) هاتووەتە خەونی باوکم و باوکیشم منی ڕاسپاردووە. منیش هاتووم باوکی تۆ بکوژم.

ئاخر بۆ؟ نابێت بزانم!

باوکت تاوانبارە و کوشتنی تۆڵەی تاوانە!

چۆن تاوانێک؟ کەی و لە کوێ؟ تاوان بەرانبەر بە کێ؟!

پێت دەڵێم، تۆ ئێستا بچۆرەوە ماڵ و چاوەڕێ بکە تا خۆم دەڵێم بێ، ئەوسا دێیت و قسە دەکەین.

گوڵخار خەریک بوو قسە بکات، گۆپا بە شێوەی فەرمان وتی: حەزناکەم قسە بکەیت، ئێمەی ئەسپ ڕەسەن و چیایی قسەمان کرد، دەیبەینە سەر، ئێستا بڕۆ!

کچە ئیتر زاری داخست و ڕۆیی.

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ تەندروستیی بێگ ڕوو لە خراپتر دەکات و تا بێ بیری کۆڵتر دەبێت. ئەشێ زۆری پێ نەچێت و بمرێت... (نا نا، ناهێڵم بە مەرگی خوا بمرێت، خۆم بەم دەستانەی خۆم دەیکوژم، دەیتۆپێنم.) هەر بۆیە لەمەودوا پێوست ناکات کچە داوای مۆڵەتی لێ بکات بۆ لە ماڵ دەرچوون، ئیتر بە دوو ڕۆژ جارێ یەک دەبیننەوە و لەم یەکتردیتنەدا، کوڕە باسی کوشتن و چوون و هاتنی نەکرد و بە دڵ کچەی دەدواند و لەپڕێکدا، کە کچە چاوەڕوانی قسەی وای نەدەکرد، گۆپا وتی:

خاتوون منیش خۆشتم گەرەکە!

چی! چیت وت؟

کوڕە دیسان فەرمانی چوونەوەی دا و تا کاتێک دیاری دەکات ڕوو لێرە نەکاتەوە!

لە ماوەی ئەو چەند مانگەدا، کوڕە نیگەرانی و دوودڵی ڕۆحی دەجوویی: چۆن بیکوژم؟ کەی بیکوژم؟ ئەی چی لەم خۆشەویستییە بکەم؟

عەسرێک لە تەویلە دەچمەوە کۆشک و سێ و دووی لێ ناکەم و دەیکوژم.

نابێت بیکوژیت تا هۆکارەکەیم پێ نەڵێیت. باوکم لە لێواری گۆڕدایە و زۆری پێ ناچێت دەمرێت، ئێ باشە ڕەدووکەوتن، تۆڵەکردنەوە نییە؟ هەڵگرتنی کچێک ئابڕووبردنی بێگ نییە؟ کەمێ ژیرانەتر بیربکەرەوە، ئاخر دەکرێت عاشق باوکی مەعشووقەکەی خۆی بکوژێت، عاشق چۆن دەستی دەچێتە خوێنی کەسێک، جا با ئەو کەسە تاوانباریش بێت. ورە ڕەدووت دەکەوم و دەڕۆین.

باشە بچۆرەوە با بیرێکی لێ بکەمەوە.

شەو دەخەوێت و پیری سپیپۆش دێتە خەوی و پێی دەڵێت: کوڕم چیت کرد؟

باوە گەورە، یەک دوو ڕۆژی ترم ماوە لێرە، کەمێ داماوم.

بۆ داماویت؟ ئەوەی بەباش دەزانیت بیکە و بگەڕێرەوە لای باوکت، چۆنت پێ خۆشە وا بکە.

کوڕە لە خەو ڕادەبێت و گیانی هاتووەتە هەشۆکان و عارەقەی لێ نیشتووە. دەخەوێتەوە و پیری سپیپۆش دێتەوە خەوی و هەمان شتی پێ دەڵێت و ئەمەیشی بۆ زیاد دەکات: دڵی خۆشەویستەکەت، ڕابگرە و بێ دڵیی مەکە.

دەمەو بەیانییە و ئەم خەونە دەبینێت، نەختێکی تر خۆرهەڵدێت. گۆپا دوا ڕستە زیادەکەی زۆر لێک دایەوە و زەردەیەکی هاتێ.

دەیکوژم.

نا، مەیکوژە گوناحە.

دەیکوژم.

جا تۆخوا پیاوێکی وەک تۆ مەرد و کوڕی مەرد، مردوویەکی بەسەر زیندوو دەکوژێت؟

دەیکوژم و تۆیش هەڵدەگرم.
یان من یا باوکم، لەنێوان هەرتکماندا یەکێکمان هەڵبژێرە.
باشە بچۆڕوە و سبەی دەتبینمەوە!
دەتبینمەوە یانی چی؟
یانی بچۆڕەوە و سبەی یەک دەبینین.
گوڵخـــار چـــووەوە و بەیـــانی کـــوڕە گۆپـــا لە خەوهەڵســـا و خـــــورجەکەی دایە کـــــۆڵی دا و کـــــچەی شـــــەونەخەوتوو، کە خــورجەکەی بینــی، ڕاچڵەکــی و بەپەلە چــوو خــۆی لەبەرکــرد، کــارەکەرەکەی بانــگ کــرد و ئەویــش لە گوڵخــار گــورجتر هــاتە خــوارەوە. گۆپــا دەگــاتە تەویــلەکە و دەچێــت ئالیــک و ئــاو دەداتە ئەسپە سپی و زینی دەکات و لغاوی لە زار دەنێت و گوڵخاریش ئامادە دەبێت. ئەوەتا ئێستا گۆپا جڵەوی ئەسپەکەی ڕاکێشا و لە تەویـلەکە دەرچـوو و خـۆی سـوار بـوو، ئینجـا بە گـوڵە دەڵێـت: دەستتم وێدە... ئەویش دەستی دایە و هەڵیکێشا و قنج لە تەرکی خــۆی ســـواری کــرد و مـــامزەی ئـــورزەنگی کرانـــدە لا تەڕافـــی ئەســـپەڕۆحەدا و ئەســـپ وەک ڕەشـــەبا وژژەی کـــرد و بـــۆی دەرچوو.
هەواڵی هەڵگرتنی گوڵخـار لەلایەن گۆپـاوە گەیشـتە بێـگ، بەڵام بێگ بێگ نەبوو، چەنێ هاواریان لێ کرد، هـاوار نەچووە گوێیـدا و نەچوو و نەچوو...
گۆپـا داوای لە گـوڵەکەی خـۆی کـرد تـا  بـاوەش بە ناوقەدیـدا بکات و دەست بکاتە توێی پشتوێنەکەیدا، ئنیجا تاودەو بڕۆ. دەبێت ڕێـی حەوت شـەو و ڕۆژی هـاتنی بە دووڕۆژ ببڕێت. لەم هـاتن و

چوونەیدا، باڵندە سپییە کەللەشەکرییەکە، بەسەر سەرییەوە بوو و هیچی خراپ نەهاتەڕێ.

گەیشتە نزیک هەردە و هەڵەتی ئەم ئەشکەوتەی کە (ئازا) کردوویەتییە حەشارگەی خۆی. کوڕی پیرەلی، ئەو پیرەلییە، کە بێگی تورکمەن بە (ئیلی بێگ) ناوی دەبرد، بیری کردەوە لە باوکی، کە ئاخۆ لە داخ و خەفەتی دووریی دوو خۆشەویستیدا (ئەسپ و کوڕەکەی) نەمردووە!

کوڕە بە گوڵی وت:

ئەزانی بۆ دەبووایە باوکتم بکوشتایە؟ چونکە دایکی تۆ، کچی تیرەیەک لە قەومەکەی من بوو، لەگەڵ تاڵانچییەکانی بەسەریاندا دا و هەرچی نێریان هەبوو کوشتنی و کچەکانیان یەخسیر کرد و دایکە جوانەکەی تۆیشی بۆ خۆی داوڕکرد!

گوڵخار قیژاندی: ئەمە تۆ چی دەڵێیت!

بۆچی تا لەوێ بووین پێت نەوتم؟ خۆم دەمکوشت خۆمم... گوڵ گریا، بە کوڵ گریا... هێندە گریا و فرمێسکی داباراند، بەرۆکی تەڕ بوو.

عەشق ڕێی لێ گرتی عەشق... ئەی بۆ نەتکوشت ئەی بۆ نەتکوشت ئەی بۆ... دایکورکاند.

خاو مەبەوە، دەستت توند بکە تویێی پشتوێنەکەمدا، شازادەکەم...

دوو مامزەی بەهێزی سرەواندە بن هەنگڵی ئەسپەکەدا. گوڵخار هێور ببووەوە، تاوێکی تر غاریان دا و ڕۆیشتن، گوڵ دیسان گریا... گۆیا دڵی دایەوە، گوڵخار دایکورکاند، گۆیا پشتاوپشت

دەستی برد و نا، دەستی کێشایەوە، بەڵام هەر لە دڵدانەوەی بەردەوام بوو. گوڵخار دڵی داکەوت و توندتر باوەشی لە ناوقەدی کوڕە گیر کرد و توند توند گوشی، بێدەنگییەک باڵی بەسەر گوڵخاردا کێشا، گریا و ئاشت بووەوە، گریا و گۆپا دڵی دایەوە، گریا و بەدەم گریانەوە، باوەشی بە گۆپادا کرد، ئێستا ئەو کەسێکی بێکەس و تەنیا گۆپا گشت کەسیەتی، توند باوەشی بە ئەم تەنها کەسەی خۆیدا کرد، باوەشی پیادا کرد و هێندە جوان گوشی و ئەوەندە دەمی لە نەرمیی گوێچکەی سوارچاکەکەی نزیک کردەوە، کوڕە تەواو هەستی پێ کرد و، بۆنی ژن! تەزوویەکی فێنک و خۆش جەستەی تەنی و لە تەوقی سەرییەوە هات و لە هەردوو کەڵەمووسی پەنجەی پێیەوە و چوو و لە مامزی ئورزەنگییەکانەوە دەرچوو، دوای ئەم گوشینە یەکەمینەی گوڵخار بۆ کوڕێک، کە یەکەم خۆشەویستییەتی، وتی:

((خاڵوانەکەم، شاسوارەکەم، بەڕاستی تەنها خۆت شاسوار و سپیسواریت.))

((تۆیش کچە شازادەکەی منیت، بەڵام لە دایکەوە)).

بەدەم تاودانێکی چوارناڵەوە، ئەسپەکە، کەلـلە و کلکی نیوەکەوانەیەکی پێکهێنابوو و گۆپای سوارچاکیش، دوور دەیڕوانی... دوور، لەپڕێکدا گوڵخار قیژەیەکی کرد و وتی: گۆپا ئەسپەکە باڵی لێ پەیدا بووە، بڕوانە.

کوڕە دەستی لە لغاوی ئەسپەکە شل بوو و ئەژنۆی هاتە لەرزین، چونکە زانی قەوما! هەر لەوێدا ئەسپ چەقی و هەرتک لێی دابەزین. گۆپا کوتوپڕ دەستی برد، زینەکەی لێ کردەوە و

لغـاوەکەی لە دەم دەرکـرد، ئەسـپە سـپی پەیـکەر، شـاخی کـرد، لەسەر هەردوو پاشووی ڕاوەستا و چەند جارێک چەپۆکانی کرد و حیلاندی، حیلە نا، شیڕاندی... نا شیڕەیش نەبوو، هەورە گرمە و چـەخماخە بـوو، زار گـرمە و چاوەکـانی چەخمـاخە، ڕووەو کەژی زەردە، کەژی زەردە بـۆی سـەندەوە، قـۆپی لێـی وەرگـرتەوە و دەربەنـدی گـاور گرمانـدی و شـاخی بەرانـان شـیڕە و گـرمەی ڕەخشـە سـپی و چیـای زەردە و دەربەنـدی گـاور، لە گەرووبیـدا پەنگی خواردەوە و پڕ بە سییەکانی هەناسـەیەکی گەرم و قووڵی هەڵمـژی، بەسـەر دەشـتی شـارەزووردا وەک هەورە برووسـکەی بەهـاران فـووی پیـاکرد و چیـای سـورێن هەمـوو حـیلە و شـیڕە و گرمەی هەڵمژی، لەو بنارەدا پیرە ئەسپێکی ڕەنگ کافووریی، لەناو ڕەوە ئەسـپەکەی پیرەلیـدا، دەسـڵەمێتەوە و نەرمە حیلەیەکـی بـۆ دەکـات و وەک شـاخێکی بەفرینـی بەر هەتـاو دەتلیسـێتەوە. دەنگی حـیلەکە نیشـتەوە و دووبـاڵی سـپی لە ئەسـپەکە جیـا بـوونەوە، بە باوەشـیک نـوورەوە لکـان و بەرەو ئاسـمان شـەققەیان هـات و ڕەخشی سپیی ئەفسانەیی بەلادا هات.

دوو عاشـقی دڵـتەڕ، بەڵام ئێسـتا دڵتەنـگ، بڕێـک لە تـەرمی ڕەخشەکە دوور دەکەونەوە و پاڵ دەدەن بە تـاوێرە بەردێکەوە و ڕوو لە ئاسمان ڕۆ دەچنە خەیاڵانەوە، نازانرێت چەنـدی بەو بـاری غەمگینییەوە دەمێننەوە... گۆپا سەر بۆ لای تەرمی ئەسپەکە نەوی دەکات و بە گوڵخار دەڵێت:

ئەهـا گوڵخـار ئەو سپیپۆشـەت بینیـوە، ئەو سپیپۆشـە، ئەهـا قوڵنگێکی بەسەر شانەوەیە؟

نا من هیچ نابینم.

ئەها نووکی قولنگەکەی چۆنچۆنی دەبریسکێتەوە، هەستە با برۆینە لای کارە سەرەکییەکەی خۆمانەوە.

هەرتکیان جووتەپێ هەڵدەستن و نزیک دەبنەوە لە تەرمی ڕەخشە سپی. دەڕوانن گۆڕێک کەمێک گەورەتر لە تەرمەکە، هەڵکەنراوە و گۆپای باڵا بڵندی چوارشانە، هەست دەکات هەرچی هێزو گوڕی ئەسپە سپی هەیە، لە دەست و بازوو و مەچەکی ئەودا کۆ بووەتەوە، بە گوڵخار دەڵێت:

وەرە تۆ دەستت بهێنە و باوەش بە سەر و ملی ئەسپەکەدا بکە و هەوڵ بدە کەمێک لە زەویی هەڵبڕە، تا سەر و کەللەی نەڕووشێت.

ئینجا خۆیشی لە تەرمەکە دەنەوێت و لەسەرخۆ دەیخەنە گۆڕەکەوە و دایدەپۆشن.

ئێستا گۆپا و گوڵ کەمێ ماندوون، بۆیە پاڵ بە گڵکۆی ئەسپە سپییەوە دەدەن، پاش کەمێک پشوودان، گوڵخار بە گۆپا دەڵێت:

((ڕێگا دوورە؟))

((کەمیش نا.))

((چۆن دەگەینە جێ؟))

خەمت نەبێت، کناچە شازادەکەی خۆم، ناهێڵم یەک شەقاو بە پێ ڕێ ببڕیت، چۆن دڵم دێ بەم شەکەتییەوە بە دووم بکەویت، دەتگرمە کۆڵمەوە و دەتنێمە سەر ملی خۆم، سەر سەرم، سەر و ملێک بۆ ڕۆژێکی ئاوها نەبێت، بە بڕ چێت.

دوای مەرگی ئەسپەسپی، گۆپا وەسیەتەکەی باوکی

بیرکەوتەوە، بۆیە لە دڵی خۆیدا وتی: تۆ بێژی هەڵگرتنی گوڵخار بە تۆڵەسەندنەوەم بۆ بژمێرێت؟ ئەی ئەسپەسپیش خۆ مرد!

گۆپا کەمێک غەمگین و دوودڵە، بۆیە یەژێت: ئاخ باوە ئاخ، خۆزگە بەر لەوەی ئەم ئەرکە پیرۆزەم پێ بسپێریت، دەتخەساندم، ئاخ باوە، خۆزگە دەتخەساندم!

+++

من و ئازا، لە پرسەکە گەڕاینەوە، پێش لێکدابڕان، پێی وتم، کە سەرێک لە لاوخاس دەدات و ئیتر نازانێ ڕوو لە کوێ دەکات! هەر ئەو شەوە لا دەدات و هەمان دێ نەخەوتووە.

دوای بەخێرهێنانی ئازا، لەلایەن لاوخاس و یەزەوە.

بەم درەنگ وەختە؟

هێشتا وەختی خەوەکەی تۆ نەهاتووە، لالۆ.

((بەر لەوەی لاوخاس بچێ بۆ خەوتن، ئازا دەڵێت: لالە حەزەکەم شتێکت عەرز بکەم.))

((فەرموو کوڕم.))

تۆ ئاگات لە هەموو شتێکە، بۆیە یەز چەکی داناوە، منیش بۆ ماڵئاوایی هاتم و سبەی دەڕۆم.

ئێ کوڕە خاسەکەم، بەخوا من داش و ئاش و باشم پێ قورسە... یەز، کوڕم ئەسپەبۆرە ئیتر لەمەودوا بۆ ئازا باشە، بەیانی زین و لغاوی بکە و بیدەرێ. ئازا کوڕم بۆ ڕێی دوور وەکەڵکت تێ.

سوپاس، من تا بەسەر بمێنم لە چاکەی ئێوە دەرناچم.

بەیانی لە خەو هەڵدەستێت و جڵەوی ئەسپەبۆرە بۆ پێش

دەرگای ماڵی مەلا بیلال ڕادەکێشێت و بانگی مەلا دەکات. گوڵاڵە دەنگی ئازا دەناسێتەوە و دەچێتە پیرییەوە و خوڵکی ماڵی دەکات.

نایەم، سەفەرێکی دوورم کەوتووەتەبەر و نازانم کەی دەگەڕێمەوە. گوێ بگرە، تا باوکت نەهاتووە، عەیبە دوو بە دوو بمانبینێت!

نا... نا، باوکم وتی، ئەوە دەنگی ئازایە بچۆ بیهێنەرە ماڵەوە.

نامەیەکم بۆت نوسیوە، وام بەباش زانی، لە ڕێگای یەزەوە بگاتە دەستت.

خۆتیش بە پێش چاوی باوکمەوە بتدایەتە دەستم ئاسایی بوو!

ئێ گوێم لێ بگرە گوڵاڵە، هەرچی چوکلێتەنامەم بۆ ناردوویت، بیانسووتێنە.

بۆ؟

من یەژم بیانسووتێنە

نایانسووتێنم.

بیانسووتێنە.

((باشە دەیانسووتێنم، لەبەر خاتری تۆ دەیانسووتێنم، بەڵام خۆڵەمێشەکەی فڕێ نادەم!))

ئەی چی لێ دەکەیت؟

((ئەیگرمە سەرم، وەک هەوێن تێکەڵ بە خەنە و وزمەی دەکەم و دەیدەم لە قژ و پرچم. بە بەرۆکما هەڵی دەواسم، دەیکەمە مل و گەردنم...))

یانی چی و چۆن؟

((خۆڵەمێشەکەیان لێل سمڵ و مێخەکی کوتراودا تێکەڵ دەکەم

و دەیــکەمە حەتحەتــۆکە و بە ســینە و بەرۆکمــدا هەڵیدەواســم، دەیـکەمە ملـوانکە و لە مـل و گەردنمـی دەکەم. تـۆیش دەڕۆیـت، ئاگاداری خۆت بە، باش؟))

((خەمت نەبێ، گوللە کارم تێ ناکات، نامبڕێت)).

((چۆن ناتبڕێت؟))

قاچ و قول قەیدی نییە، سینگ و بەرۆک گرنگە، فیشـەک سـینگم نابڕێـت و ئـێ خـۆ منـیش پشـت لە دوژمـن نـاکەم تـا لە پشـتەوە بپێکرێم.

ئاخر چۆن فیشەک ناتبڕێت؟

گوللەنەبڕم لەبەرە!

بۆ تا ئێستا بە منت نەوتووە؟

تازەم دووریوە، خۆم بۆ خۆمم دووری؟

لە چی و چۆن؟

ئەو هەورییەی خۆت کە گورزە نانەکەت لـێ پێچابوویەوە بۆم، نەختــێکم لــێ هەڵــدڕی، هەر ئەوەنەی ملیوانێــک، دووریــمەوە و لەسەر گۆشت وەک سوپەر، وەک گوللەنەبڕ لەبەری دەکەم.

مەلا چاوەڕێ دەکات و ئازا نەچووە ژوورەوە، بۆیە خۆی دێتە دەرەوە و خــوڵکێکی گەرم گەرمــی دەکــات، ئــازایش باســی سەفەرەکەی دەکات و ماڵئاواییان لێ دەکات.

+++

ئــازا هەر جـارەو بە نـاوێکەوە بانـگ لە گـوڵە دەکـات: گـوڵە، گوڵەکەم، گوڵاڵەم، گوڵبـاخ، سـوورگوڵ، گوڵەسـوورە، خونچەگـوڵ، باخگوڵ، گوڵێ، گوڵنار...

## (سەفەرنامەکەی ئازا بۆ گوڵاڵە)

هاوڕێی گیانی بەگیانیم، گوڵێ...

نـــازانم چـــۆن دەســـت پـــێ بـــکەم، ئەگەر بڵـــێم ســـڵاوێک لە نێرگزەجاڕی بەهارانی وڵاتەکەمان جوانتر، واتـە سـڵاوی خـۆت بـۆ خـۆتە و لە خـۆتی دەکەم، بڵـێم سـڵاوێک بۆنخۆشـتر لە عەتـری ڕەشـەڕێحانەی زوڵـف و پەرچەمـت، نـاکرێ و هەڵەیە، ئـاخر مـن کەی و لە کـوێ بـۆنی زوڵـف و پەرچەمـی تـۆم کـردووە تـا بـزانم بۆنی زوڵف و ئەگریجەت لە عەتری ڕەشەڕێحانە و بنچکەشـەوبۆ خۆشترە! ڕاستە بۆنم پێوە نەکردووە، بەڵام بێگومـانم ئەگەر وام بنووسیبا، هەڵە نەئەبوو. ئێ خۆت ئەزانی کە من وەک یەز دەستی شیعرنووسینم نییە، ئەوسا ئەو لەبری من نووسیویەتی، نا نا هەڵە تێمەگە من ڕووم لێ نەنا تا شیعرێک بۆ من بە باڵا و جوانیی تۆدا بنووسێت، بەرلەوەی چاومان بە یەک بکەوێ، پەسنی تۆی ئاوا بۆ کردم:

تا خوا حەزکا گوڵێی دایەشێتۆکە جوانە
گوڵە کە دەم دەکاتەوە،
خونچەی گوڵەباخێکە و تازە پشکوتووە
کە پێدەکەنێت و دەتریقێتەوە،
باڕەکەوێکە و قاسپەقاسپ دەقاسپێنێت...
کە بێتاقەت دەبێت،

گـــوڵە مینـــایەکی زەرەدبـــاوی دەم زەردەپەڕە و دەمـــی ناوەتەیەک.
که دەگری،
گـوڵە شـەوبۆیە و بـاخچەی ئێـوارە غەمگینەکـان عەترپـرژێن دەکات.
کە ڕادەکشێت،
خەرمانێک لە گوڵەولاوە و چنگی لە باڵای سپیچنارێک بەرداوە.
کە دەنوێت،
گوڵە شیلانێکە و لەبەر تریفەی مانگەشەودا دەبریسکێتەوە.
گوڵە هەر گوڵ نییە،
گوڵە فریشتەیەکە و
لە ئاسمانی کوردەوارەوە بەر بووەتەوە سەرە ئەم ئاخە.

ئاها وەخت بوو لە بیرم بچێ گوڵاڵە، ئەمشـەو خەونـی زۆرم بە ئەسپەوە بینی، خەوبینین بە ئەسپەوە نیشانەی باشی هاتنەڕێیە. لە خەونمدا سواری ماینێکی باڵداری سپی سپی بوومە و تۆش بـانگم لێ دەکەیت و دەڵێیت:
وریـابە سپیسـوار، وریـابە بـاش دەسـت بە یـاڵییەوە بگـرە، کە هاتمە خەوا، دڵم زۆر خۆش بوو، ئاخر سـواربوونی وڵاخـی بەرزە و باڵدار، واتە سەرکەوتن.
چاوەڕێم کە، زۆرم پێنـاچی و دێمەوە، ئێ بەشـكوو تـا دێمەوە ڕژێـم بڕووخێـت و ئـازاد بـین، ئـای چەنـێ خۆشـە ئـازادی... کە ئازادی هات، ئیتر منیش ئازادم و تۆیش هاوڕێی گیانی بەگیـانی و

تاهەتایی ئازاد دەبیت. دوای ئازادبوون دەچین بۆ شار، خۆم و خۆت، دەچین و خانووەکەی باوکم نۆژەن دەکەمەوە و هەردوو ژوورە گەورەکەی دەکەمە... نا نا ببوورە، دەکەینە دیوەخان بۆ ئەم مرۆڤە جوانانەی لادێکان، کە نانی منداڵەکانی خۆیان، بەوپەڕی ڕووخۆشییەوە دەکەنە دمی ئێمەی یاخییەوە، ئاخ ئەگەر سەرفراز دەبووین، ئەوساکە خۆم دەمزانی چی دەکەم...

خۆشتم گەرەکە.

ئیمزا: ئازا

ئازا دوا جار خەریک بوو خەونە ناخۆشەکەیشی، کە دیتبووی بۆ بنووسێت، بەڵام پەشیمان بوویەوە و لەبەر خۆیەوە وتی: نەکەی بینووسیت. دوایی دڵی ڕادەچڵەکێت، جا با خەونیش بێت، ناخۆشی هەر ناخۆشییە، خەریک بوو بنووسیّ: خەوێکی ترم دی، لە خەونمدا سواری ئەو ئەسپە بۆرەم، کە یەز پێی بەخشیم، لە غاردانێکدا تێگلا، من هیچم بەسەردا نەهات، بەڵام ئەسپەبۆرە مرد. نا ئەمەیانی بۆ نانووسم، نەوەک بۆ مەلای باوکی بیگێڕێتەوە و ئەویش خراپ خەوپرژێنی بۆ بکات، دەترسم دوایی خەفەت بخوات و خەمبار بێت، نا... ناینووسم.

+++

بەرلەوەی ئازا لە سەفەرە دوور و درێژەکەی بگەڕێتەوە، دوور دوور لە گوندەکەی (عۆجە) و لەناو دەریای لمینەوە، ڕۆحی لە خوێنهەڵکێشراو، پۆل پۆل هەڵدەفڕن و دێنەوە بۆ دەڤەری

حەرامکراو و یەک یەک، وەک تاڵەتیشک، تاڵێکی باریکی لە نوور، کە بە چاو نابینرێت، دەخزێنە ناو تۆوی گوڵاڵە و شیلان و نێرگسەکانەوە، دەخزێنە ناو هێلکەدانی ماسوێسکەکانەوە، بە پشتی شەهێن و هەڵۆکاندا گوزەر دەکەن و لە شوێنی گونجاوی خۆیاندا دەگیرسێنەوە، لەپشتەوە بۆ ناو مۆخ و بڕبڕەی پشتی کەڵەکێوییەکان، لە یەکەم وەرزی بەهاری دوای قڕکردنە بە کۆمەڵەکەوە، ئەو دەشتودەر و کێو و بەندەنە، لێوڕێژ دەبێت لە پۆلە سوێسکەی دەنووک مۆر و کەوی دەنووک سوری باڵنەخشین و شەهێن و هەڵۆی دەنووک ئاگرین و یەزی چاپووک و بەهەڵمەتی چاونەترس و ڕەوە ئاسکی چاوبەڵەک و مێرگوزاری جێنسرمەکان دەبنە فەرشێکی ڕەنگینی ئەو بەهەشتە.

ئازا بە سواری ئەسپەبۆرەوە دەگەڕێتەوە و دەگاتەجێ، هەر خۆی و ئەسپەکەی و بەس. ئازا سەرێک لە هەر هەموو ئەشکەوت و پەناگەکانی دەدات و شەو دەخەوێ. بۆ بەیانییەکەی  کە خۆر هەڵدێ، دەکەوێتە ڕێ...

ئازا کە دەکەوێتە ڕێ، بۆ هەر کوێ بچێ، باڵندەیەکی سپی سپی، بە قەبارەی کەللەشەکرێ، بەسەر سەرییەوە دەفڕێ، باڵەکانی قەمچ دەکات و زۆریش لێی دوور ناکەوێتەوە، جارێکیان زیاتر دوورکەوتەوە و لەپڕێکدا گەڕایەوە و بەسەر سەری ئازاوە لەنگەری گرت و باڵەکانی دابەیەکدا، بەڵام ئەو گوێی نەدایە و هەر لە ڕۆیشتنی خۆی بەردەوام بوو، باڵندە سپییەکە وەک ئەوەی بڵێ: مەڕۆ... قیژانــدی و لەبەر پێی ئەسپەکەیدا نیشتەوە و وەک قەتێیەکی کڕکەوتوو، کە لە  هێلانەکەی دووری بخەیتەوە، وەک

باڵندەی شوان هەڵخەڵەتێنە، دەستی بە باڵەتەپە کرد و هەڵفڕی و گەڕایەوە دواوە، بەڵام ئـازا لە شـوێن خۆیدا چەقی و نەبزوت، باڵندەکە گەڕایەوە و بەسەر سەریدا دوو سێ جار سووڕایەوە و دیسان گەڕایەوە بۆ دوا، ئازا گوێی هەڵخست، دەنگی تەقەی بیست، تەقەیەکی زۆر، دەنگی دۆشکە، بۆیە ئەویش سەری ئەسپەبۆری وەرچەرخاند و گەڕایەوە، باڵندەی تایین دوور ڕۆیشت و وەک ئەوەی چاوەڕێی ئەم سوارە بکات، نزیک ڕێگاکە و بەسەر گردێکەوە نیشتەوە.

دەڤەر، دەڤەرێکی حەرامە، حەرام لە مرۆڤ و ئەسپ و ئاژەڵ، پڕە لە ئاژەڵی کێوی و باڵندەی جۆرا و جۆر، تاو نا تاوێکیش شەوانە، لێرە و لەوێ بەرازەکان لە لان دەردەچن، واقەواقی چەقەڵ و ئیتر کپ کپ وەک ئەوی دەڤەرەکە خۆڵی گۆڕستانی بەسەردا بێژرابێتەوە.

لەم دەڤەرە حەرامەدا، ئیدی (نابیستریێ دەنگی دلێران، ڕێوی ڕاوئەکا لە جێگەی شێران) ئێستا بە دووربینیش چاوبگێڕە کەلاوەیەکیش چییە، بە پێوە نەماوە تا بایەقوش تیادا بخوێنێت. لەو دەڤەرە حەرامەدا و لەو ڕۆژەوە ئازای ڕووگەش و جوانبین، بزە نەزاییە سەرلێوی و ڕەش ڕەش داگەڕاو لە (حەمەتاڵی بانە) تاڵتری نواند.

بۆ پشوودان، کە دەچووە ئەشکەوتی کوردەمیر، ئەو ئەشکەوتەی ئێستا دەرگاکەی بەڕەزای تەڕ دایخستووە و جۆگە ئاوەکەیشی بە گوڵ خۆی ڕازاندووەتەوە، لەبری خوێندنەوەی کتێب و شمشاڵژەنین بۆ قەتارەی قاز و قولینگە کۆچەرییەکان، کە بەسەر

سەرییەوە کەپریان دەکرد و نەدەنیشتنەوە، بۆ باڵندە کێوییەکان، کە دەیهێنانە سەما، بۆ باڵندە بچکۆلە ئێسکسووکەکانی خەیاڵ، لەبری شمشاڵژەنین بۆ ئەو سوێسکانەی کە ڕەنگ و بۆی خاکییان گرتبوو و بە ئاوازە شوانکارییەکەی (تەلیٚ هۆ تەلیٚ بەلێیان برد)، ویت ویت... ویت ویت دەیانخوێند و لێی دوور نەدەکەوتنەوە... ئێستاکە لەبری شمشاڵ، لێو بە لێوی تفەنگەکەیەوە دەنێت و قرمە دەژەنیٚ، بە قرمەژەن، بە قۆڵ-هەڵماڵینێک و پەنا بە ڕۆحی گوڵ، گوڵە یەخسیرەکان، بە سوارییی ئەسپەبۆرە و بە یاوەریی فریشتە سپییەکەی سەر سەری، کە هەمیشە لە سەفەردا چاوی لیٚ بوو جێی نەدەهێشت. ئازای ڕۆح زامدار، دوور دوور... دوور دوور دەفڕێت و گورج گورج... گورج کاری خۆی ڕایی دەکات و نزیک نزیک دێتەوە و بەهێمنی دەنیشێتەوە.

ئازا، کوڕە تاقانەکەی ئەو هەردە و کێوە، ئەو دەشتودەرە، کە زۆر متمانەی بە یەز هەبوو، هەفتەی جاریٚ سەری دەدا، بەین نا بەینیٚ، کۆنە هاوەڵێکی خۆشەویست و نزیکی ئەوسای شێردڵ دەهاتە سەردانی، بەڵام ئازای مارانگەستەی چاوکراوە و ژیر، تەواو متمانەی پیٚ نەبوو، بۆیە دواجار ڕووبەڕوو پێی دەڵێت: حەزم بە چارەت نییە و ئیتر قەت قەت ڕوو لێرە نەکەیت، بەڵام جارێکی تر دێتەوە و ئازا پێی دەڵێت: چەکەکەت دانیٚ و بڕۆ، ئەویش بیٚ لاموجیم، چەک دادەنێت و دەڕوات.

لەو ڕۆژەوە، کە گوڵاڵەی یەخسیرکرا هەفتەی جاریٚ، ئازا دەچێتە جیٚ وێرانەی ئاوایی و لەوێوە بۆ سەر کانی گوڵ، دادەنیشیٚ و چاودەبڕێتە ئاوەکە، هەر دەڕوانێت و دەڕوانێت تا ڕووخساری

گـوڵیی گـوڵەی تیـا دەبینـێ، دەسـتی دەبـات، دوو گوێـل لە ئـاوی شـیرینی چاوی گوڵە دەخـواتەوە و دوو دڵـۆپ ئـاوی چـاوی خـۆی بەسەر ئاوێنەی تەڵخی ئاوەوە جێ دەهێڵێ و دەکشێتەوە.

ڕۆژێک لە بن دەرکی ئەشکەوتەکەدا، کە پەناگەی سـەرەکی بـوو، دادەنیشـێت و خەریکـی دووریـنەوەی سـاجلی ئەسـپەبۆرە دەبێـت. ئەسـپەکەی لـێ ناگەڕێـت و جـار نـا جارێـک دەم دەبـات و بـۆن بە ساجلەکەوە دەکات و لـووت بە ئـازاوە دەژەنێت. ئـازا دەڵێت: بـۆرە چیتە، بەنیاز نیت کەمێک لێم دوورکەویتەوە؟

ئەسپە بۆرە چەند جارێکی تر لووتی پێوە دەژەنێت و قەپیش لە ساجلەکە دەگرێت و گەرەکیەتی ڕای بکێشێت، ئـازا دەڵێت: وا بـزانم لــێم ناگەڕێیــت و هەڵدەســتێ و دەچێتــە ئەشــکەوتەکەوە. ئەو ئەشکەوتەی کە لە پاڵ حەشـارگەیدا، خەڵوەتگایش بوو و بە هەفتە لێـی دەمـایەوە و دەرنەدەچـوو... بـۆچی چـوو، لە بیـری چـووەوە، دیسان گەڕایەوە و دەستی دایە  بەن و سووژنگ و خەریکی بـوو، ئەسپ لێی نەگەڕا..!

ئەسپەبۆرە چیت لێ قەوماوە، وام بۆ دەردەکەوێت دەسبەردارم نابیت و ناهێڵیت ژێرکراسـەکەت بۆ چاک بکەم. هـیچ نییە هەر دوو پینـەی لـێ دەدەم. ئەهـا ئەوە پەسـەکەکەی خـۆمە، پەسـەکە چـوار پـــــارچەییەکەی ڕۆحـــــــم، کە لەت لەت کـــــــراوە و خەون بە پێکەوەلکاندنییەوە دەبینم، دەزانم ئەمە، پینەوپەڕۆیەکی خەیاڵیی منە، خەونە و هیچــی تــر، بەڵام ئەوە هەر خەون و خەیــاڵە گەر ئیشــی لەسـەر بکرێت، دێتە دی. ئەوەتـانێ جارێ ئەم پارچەیـان کە لەبەر دەستماندایە، خوێنی لـێ دەچۆڕێت، تـۆ دەزانـی ڕەنگـی ڕۆح چـۆنە؟

ئەی دەزانیت ئەگەر ڕۆح بریندار بکرێت و خوێن سەر بکات، ڕەنگی خوێنەکەی چ ڕەنگە، ڕۆحم لێوڕێژە لە ئازار... ئەسپەڕۆحە، بمهێڵە با ژێرکراسەکەت بۆ بدوورمەوە، با پینەی بکەم، هیچ دوورنییە ڕێگایەکی دوورودرێژمان نەکەوێتەبەر، من خەونم بە سەرفرازییەوە دەبینی، بۆرە... ئاهـ سەفرازیی، لەبری نزیکبوونەوە، چەنێک لێمان دوورکەوتەوە، وام نیاز بوو، دوای ئازادبوونمان، لەگەڵ گوڵاڵەدا، کە چووینەوە شار و خانووە کۆنەکەی باوکمم نۆژەن کردەوە، ئەو ژوورەی کە پشتی داوەتە گۆڕستانی زەردەشتییانەوە، نازانم گۆڕستانەکە هی زەردەدەشتی یان هی یارانە نازانم... هی پیرانە یان هی باوانە! ئەو گۆڕستانەی وا (باوەشاسوار) بەو بەرزاییەوە لێی دەڕوانێت، ئا ئەو ژوورە بکەمە تەویلەیەکی قشتۆکە بۆ تۆ و ژوورێک بۆ گوڵاڵە و بۆ خۆم، ئەو دوو ژوورە گەورە و درێژەکەی تری بۆ دیوەخان و میوان.

ئەسپەبۆرە کۆڵ نادات، ئازا دیسان هەڵدەستێت و لە ژووری ژوورەوەی ئەشکەوتەکە، مێخسکە درێژەکە، بە گوریسە درێژەکەوە دەهێنێت و ئەسپەکە ڕەشمە دەکات. دەیباتە سەری سەرەوەی ئەشکەوتەکە و مێخسکەکە دادەکوتێت و جێی دەهێڵێت، لەپڕێکدا باڵندە سپییەکە پەیدا دەبێت و بەسەر سەری ئازاوە لەنگەرێک دەگرێت و وەک ئەوەی بۆ ناو ئەشکەوتەکە بڕوات، یان بە ئازا بڵێت خۆی بشارێتەوە...

ئازا دەڵێت: ئەسپەبۆرەم لە کۆڵ بووەوە و ئێنجا نۆبەی تۆیە، چییە هاوڕێ؟

هەر هێندە و دوو هەلیکۆپتەر پەیدا دەبن، ئەسپ کە گوێی لە

گرمە و نرکەی کۆپتەر دەبێت، دەشڵەژێت و چەند جارێک بەدەور مێخسکەکەدا دەسووڕێتەوە و ڕەشمەکەی لە مێخسکە دەئاڵێت... ئەسپەی ئاقڵ، کە لە زۆر گوێکورتان ژیرتربوو، قەپ دەکاتە مێخسکەکەیدا و هەڵی دەکێشێت، لەبری ئەوەی بێت بۆ لای ئازا و خۆی بکوتێتە بن ئەشکەوتەکە، سەر بەرەو ژوور غاردەدات و نزیک گڵکۆی ئەسپەسپیی کوڕە گۆپا دەبێتەوە و ڕێژنە فیشەکی کۆپتەری بەردەکەوێت و جەستەی وەک کەللەبێژنگ دەبێژێت.

ڕێژنەیەک و دووان و سیان.. دوو مووشەک و قرم و وژ، شاخ و کێو دەنگ دەدەنەوە و لە دەنگی دۆشکە و موشەکی کۆپتەرەکە بەهێزتر و درێژتر وەڵام دەدەنەوە، بە دەنگی قرمەژەنی دۆشکە و موشەکی کۆپتەر وەڵامی تووڕەی شاخ، هەرچی سوێسکەی هەردە و هەڵەت و کۆترەشینکەی بن شاخ و ڕەمەتەتاوێرەکان هەبوون، وەک کۆترەشینکەکانی قەڵای دمدم، دایان لە شەققەی باڵ و دوور فڕین، تەنانەت باڵندە سپییەکەش، کە بە تاقی ئاسمانەوە لەنگەری گرتبوو، هەردوو باڵی قەمچ کردن و بۆ نێو قووڵایی شیوەکە، وەک تیرێک لە کەوان دەربچێت، شۆڕ بووەوە، هەر لەوێدا ئەسپەبۆرە، کە دوو هەنگاو لە گۆڕی ئەسپە سپییەکەی گۆپا دوور دەبێت، جەستەی بە گوللەبێژراوی، وەک جێزێک گەنمی سوور، ڕووەو ڕۆژهەڵات پاڵ دەکەوێت.

+++

کۆپتەرەکان، کە ئاسمانی دەڤەرەکە جێدەهێڵن، لەناو پەناگەکەی ئازاوە، هەڵۆیەک و بارەتەوارێک دەردەچن و بۆ قووڵایی ئاسمان دەفڕن... دەفڕن تا دەبنە دوو خاڵ و لە چاو ون دەبن.

# خوێ چەش

هەمـــوو پێشـــهاتە چاوەڕواننەکراوەکـــان ســـەختە، بەڵام بە لای کەســـێکی بـــاوەڕبەخۆ، وردبـــین و عاشـــقی وەک گۆپـــا، چەنـــدێک قورسیش بێت، دواجار ئاسان و ئاسایی دەبێتەوە.

گۆپا هەستی بە کەمێک ماندوویەتی دەکات، بەڵام پتر بیری لای گوڵخـاری شـەکەت و مـات و جەسـتەکوتراوە، چەنـد جارێـک لێـی دەڕوانێت و دواجـار دەسـت درێـژ دەکـات و دەیکـاتە ملـی، کەمێک بەلای خۆیـدا ڕایدەکێشـێت و سـووک بەدەسـتییەوە دێـت، ئینجـا بە ئەسپایی سەری دەنێت بە سینگییەوە و بە چپە پێ دەڵێت:

کەمێک بحەسێوە، هەر کاتێک پێت باش بوو دەکەوینە ڕێ، خەمت نەبێ، ئێسـتا مـن هێـزی ئەسپەسـپی زایوەتەقـوڵ و باسـک و هەمـوو جەســتەم، هەر کە لە ڕۆیشــتن مانــدوو بویــت، دەتگــرم بە کــۆڵەوە، دوودڵ مەبە و بیـر لە شـتی خـراپ مەکەرەوە، لێـرەوە تـا دەگەیـنە مەنـــزڵ، گـــرد بە گـــرد و بەرد بە بەردی ئەم ڕێگـــایە ئاشـــنام، کە شەویشـمان بە سـەردا هـات، تـریفەی مانگەشـەو بەرپێمـان ڕۆشـن دەکاتەوە، گەر تینوومـان بـوو، لەم بنـاری شـاخ و کێوە هەر کانیـاوی چاوقرژاڵی سازگار زۆرە، لە قوپیشدا شابەڕوو دەبرژێنین و گۆیژی گەیوی تەڕ و مزر دەخۆین، لەو دێهاتـانەش، کە دێنە ڕێمـان، دۆسـت و ناسیاوی باوکم هەن، ئەگەر پێت بـاش بێت لێیـان لا دەدەیـن، چیت وت، بکەوینە ڕێ؟

هەر کە کەوتـنە ڕێ، گوڵخـار بـۆ دواوە لای کـردەوە و ڕوانـی، لە دوورەوە گەردەلولێکی بەهێز هەڵـی کـردووە و بەرەو لای ئەوان دێ، لە گەڵ نزیکبـوونەوەی گەردەلـولەکەدا، ســەر و کەلــلەی وڵاخێکــی

بەرزە بەدیـار کەوت و لە چاوتورکانێکـدا گەیشـت و لمـوزی بـۆلای گوڵخار درێژ کرد، دوو کورمەی بۆ کرد و گوڵخار بەتاسـەوە و تونـد باوەشـــی بە ملیـــدا کـــرد و تەوێڵـــی مـــاچ کـــرد، ئەو وڵاخە، ماینەکەی(گوڵنـار)ی دایکـی گوڵخـار بـوو، کە لە تەویـلەکەدا و بەر لەوەی بگاتە لای گۆپا، ڕەشمەکەی لە سەر داماڵی بوو!

گوڵخار سەری هەڵبڕی و زەردەخەنەیەکی بۆ کرد.

کەواسە هەستە، هەستە با بکەوینە ڕێ...

چەنـد هەنگاوێـک ئەولای گـۆڕی ئەسـپ (گۆڕێسـپ) شـوێنی بەلاهاتنی ئەسپەبۆرەی ئـازایە، ئەو ئەسپەی کە ڕۆحی بەرز فڕی و جەستەی بوو بە خـۆراکی خـاک، ئەوێ ئێسـتا شـوێن خەرمـانێکە و جگە لە گـوڵی خـوێنین، لە بەهارانـدا هـیچ گیـا و گـوڵێکی تـری لـێ ناڕوێـــت، ســـەر بە هەر کەڵۆزێکـــدا دەکەم و لە پـــێش زاری هەر ئەشـکەوتێکی ئەو هەردە و هەڵەتە ئیسـتێک دەکەم، دەنگـی ئـازام بەر گوێ دەکەوێت و زەردەخەنە و ڕامانە قووڵەکانی و جار جار مـاتییم بەر چـاو دەکەوێـت و گەشـبینییەکەیم بـۆ ئاینـدە، لە ڕۆحـدا چـرۆ دەکات.

لەوێنـدەرێ، دوو سـێ مـژ خەم لە سـیگارەکەی دەسـتم دەدەم، باڵندە سپییەکە، زیقاوڵەی ڕۆحسووکی ڕۆحیانەتی شـەلەی شـەوکێڵ دەبیـنم، کە لەو ڕۆژەوە بە تەنیـا مـاوەتەوە، بە ئاسـمانی ئەرزی حەرامـدا دەفڕێت و تـاو نـا تـاوێکیش پڕ بە گەرووی دەزریکێنێت و ئەو ئاسمانە غەمنگینە، بۆ ساتێکیش جێ ناهێڵێت...

بەرەو گوندی کـانی گوڵ دەکەومە ڕێ و نـازانم چەندم پێ دەچێ، دەگەمە جـێ، تارمـایی لاوخـاس دەبیـنم لە پـاڵ دیـواری مـزگەوتەکەدا پشـووی سـوار بـووە و دەسـت بە گۆچـان، هـاتووە و بەسـەر ئەم گـردەوە لیـی دانشـتووە، دانشـتووە و وەکو(موسـا) بە سـەر کێـوی

تورەوە، بیر دەکاتەوە و خۆی لە گەڵ خۆیدا دەدوێت، بەو پێیەی من لە نزیکەوە لاوخاسم چاک دەناسی، ناچێتە عەقڵمەوە(قەومەکە)ی خۆی دابێتە دەست سوپای فیرعەونەکەی بەغاوە، ئەی بەرەو کوێ چوو؟! نازام...

***

((...مامۆستامان خدر بوو، ئەوەی ئەم جارەمان لە دەست هات هەر ئەوە بوو.))

«ئەفسانەی کوێرئۆغڵی»

یەشار کەمال.

# فەرهەنگۆک

(ئـ)

ئەخورێتــە یــەکێ لــە پیاوەکــانی: بــە دەنگــی بــەرز، یــان بەتوورەییەوە یەکێ لە پیاوەکانی بانگ دەکات.

ئەکەونە زک یەک: بەردەبنە یەکتری. یەکدی قڕدەکەن.

ئەماندوونێ: دەمانبینێت.

ئەوڕن: دەبڕن.

ئەوەی هاوە سەر زوانتۆ: ئەوەی بەسەر زمانتەوەیە.

ئەوێ: ئەبێ

ئەوێتۆ: ئەبێتەوە

ئەوێسێت: ڕادەوەستێت.

ئەیتێرێتە بەرچاوا: دەیهێنێتە بەرچاو، دەیخاتە پێش چاو.

ئەیواتە لای: دەیباتە لای.

ئێزنم دە: ڕووخسەتم بدە، ڕێگەم بدە.

(ب)

بان یاڵ: سەر گرد.

بەلاوە: سەرەتا، هەوەڵجار، یەکەم جار.

بوودەمێ: بتدەمێ.

بووژێری: ببژێری، قەرەبووبکەیتەوە.

بووەسە: بووە بە.

بوێتەپەن: ببێ بە پەند.

بۆیسان: بێستان.

بێ عیشی: بێ کاری

بیدوینم: ببینم.
بێره: بهێنه
باتوو: جووتەی گون

(پ)

پشتی: سەرین، بالیف.
پیرەزێ: پاشەبەرە، دوامندالْ
پەچا: شوێنی مۆڵخواردنی ئاژەڵ(مەڕ و بزن)

(ت)

تیاوێ: تێدابێت.
تێت: دێت
تێتەبیرت: دێتەوە یادت. بیرت دەکەوێتەوە.
تێرێت: ئەهێنێت.
تێن: دێن.
تەزوێ: تەزبیح، تەسبیح.

(ج)

جێره: جگەرە، جغارە، سیگار.

(خ)

خەوەر: خەبەر، هەواڵ.
خوڵکی دەکات: فەرمووی لێ دەکات. داوەتی دەکات.
خۆیشک: خوشک.

(د)

دانەوڕێیت: دانەبڕێیت.
داوڕ: دابڕ، داگیر.
دائەوەزن: دادەبەزن
درەوشە: دەڕنەفیز

**(ڕ)**

ڕۆیین: ڕۆیشتن.

ڕێ تەیەکا: ڕێگە تەی دەکات، ڕێگە دەبڕێت.

ڕەنەک: قەشاوش، دەسماڵکردن

**(ز)**

زنییەتی: زیندوویەتی، ساغی.

زیقـاوڵە: باڵنـدەیەکی لە کـۆتر کەمـێ بچـووکترە، ئەتوانێـت بـۆ ماوەی هەشت مانگ، بە بێ خواردن و خواردنەوە، بێ نووستن بە تیژی (٣٠٠کم) لە کاتژمێرێکدا بفڕێت و نەنیشێتەوە.

**(س)**

ساحێو: ساحێب، خاوەن.

ساون: سابوون.

سواروە: سواربە.

سە: سەگ

**(ع)**

عارەوسان: عارەبستان

عەڵعان: هەرئێستا.

**(ف)**

فرەخاس: زۆرباش

فەنەر: مووس

**(ق)**

قاپی: دەرگا

قەولوێ: بەڵێن بێت، پەیمان دەدەم.

قوروان/ قوروانی: قوربان، قوربانی

قوولّیەکا: قبوڵی ئەکا.
قاتر: هێسترێک باوکی ئەسپ و دایکی کەرە

(**ک**)

کردگە: کردووە
کەنیشکەیشی: کچەکەیشی.
کێوسان: کوێستان.

(**گ**)

گلێر دەکاتەوە: کۆدەکاتەوە
گلێربووەسۆ: کۆبووەتەوە.
گەرەکتە: دەتەوێت.
گوم: ون
گەلە: ڕانەمەڕ، پەز.
گۆێرمە: مژاندنی بچڕ بچری کوێرەکە(کوێلک) تا شیری تەواو دەزێتە گوانی مانگاکە.
گۆد: سڕبوونی قاچ و قوڵم بە هۆی زۆردانیشتنەوە لە شوێنێکدا.

(**ل**)

لە حەنا: لە ئاست، لەبەرانبەر، لەبەردەم.
لێل: لەگەڵ

(**م**)

مەیتاڵ: ئەو کەسەی وڵاخی بەرزە بەخێو دەکات.

(**ن**)

ناوینیٚ: نابینیٚ.
نەم یەڵا: نەمهێشت، لیٚ نەگەڕام.
نەیانخافڵێنیٚ: نەیانخەڵەتێنیٚ، سەرقاڵیان نەکات.

نۆما: جوانوو
نیشتووەسە ناویان: کەوتووەتە ناویان

(هـ)

هاورد: هێنا
هەر ئەویَ واویَ: هەر دەبێت وا بێت.
هەراش ئەویَ: گەورە ئەبێت.
هەرتکیان: هەردووکیان.
هەرچۆنێویَ: هەرچی چۆنێک بێت.
هەس: هەیە
هەقی خۆمان ئەسێنینۆ: تۆڵەی خۆمان دەکەینەوە.
هەڵەترۆپیَ: ئەتۆپێت. دەمرێت، بەلادادێت.
هەمە: ئێمە، مە.
هێمان: هێشتا.
هەڵادەژێم: ڕادەکشێم

(و)

وەکەڵکت تیَ: بەکارت دێت.
وەوحاڵەوە: بەو دۆخەوە.
وەیەکۆ: بەیەکەوە، لەگەڵ یەکتر، پێکەوە.

## بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر

١- سمکۆڵانی شیعرێکی سەرکێش، کۆشیعر، ١٩٩٢
٢- زریکەی زامی دارەبەنێک، کۆشیعر، ٢٠٠٠
٣- سێبەری سزا، شیعر، ٢٠٠٢
٤ – منداڵێک لە مەملەکەتی باوکەکاندا، نۆڤلێت، ٢٠٠٥
٥ – مەملەکەتی گورگەکان، ڕۆمان، ٢٠٠٩
٦ – مەملەکەتی ماد- لێکۆڵینەوەی مێژوویی، وەرگێڕان، ٢٠١٣